# دایک و کوڕ

گەلاوێژ

# دایک و کوڕ

نووسینی: گەلاوێژ

دایک و کوڕ
نووسینی: گەلاوێژ
بەرگ: سامان محەمەد
چاپ: چاپی نوێ/ سلێمانی/ ٢٠١٨
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ئەم چیرۆکە پێشکەش بە دایکی شیرین و خۆشەویستم دەکەم.
زۆرێک لە شێوەی فیداکاری و دڵسۆزییەکانی ئەو لەم چیرۆکەدا دەبینم و هەستیان پێ دەکەم.

**گەلاوێژ**

**لەندەن**

**١٩٨٧/١٢/٢٠**

## خوێنەرانی بەڕێز

چیرۆکی دایک و کوڕ هەندێ لە ژیانی چەند کوردێکی خەباتکەری دەوری پاشایەتیی کۆنەپەرستی پێشووی عێراق پیشان دەدات.
ئێستە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوسا لەچاو زوڵموزۆر وەک کوشتنی هەزاران خەڵکی بێگوناهی کوردستان بە چەکی کیمیایی و تەختکردن و سووتاندنی سەدان گوند و دێهات و گواستنەوەی سەدان هەزار مناڵ و پیر و ژن و پیاو لە نیشتیمانی چەند هەزار ساڵەیانەوە بۆ چۆڵ و بیابان و شوێنی نادیار، بێسەروشوێنکردن، بەبێ جلوبەرگ، بەبێ نان و بەبێ نوێن کە لە دەوری هیچ یەکێک لە دیکتاتۆرە هەرە دڕندە خوێنڕێژە بەدناوەکانی مێژووی تازە و کۆن ڕووی نەداوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوسا (سەیران) بووە لەچاو ڕژێمی ئێستەی سەددامدا...
چونکە جگە لەوەی ئەم تاوانە بێوێنە و بێسنوورە گشتییانەی ڕژێمی ئێستای سەددام کە لەگەڵ دەوری پێشوویدا فەرقیان ئاسمان و ڕێسمانە، خۆ هیچ نەبێ، ئەوسا بە زۆری هەر ئەو کەسانەیان دەگرت کە گومانی خەباتکردنیان لێ دەکردن و ئەو کاتەی کەوا دەهاتن بیگرن و ماڵی بپشکنن، خەڵک دەیتوانی بڵێ بۆ؟ لەبەر چی؟ تا دوو بۆڵەبۆڵ بکەن و چەند ناڕەزاییەک دەرببڕن. یان کەسێک بگیرایە، دەتوانرا بزانرێت بە درۆ یان بە ڕاست موحاکەمەیەک دەکرا. کە

حوکمیش بدرایه، کەسوکاری دەیانتوانی بچن بۆ لای و سەری لێ بدەن و شتی بۆ ببەن، جا ئەگەر خواردنیشیان بۆ ببردایە و پۆلیس و ئەمنەکان بە ناوی پشکنینەوە لە کەڵکیشیان بخستایە و جگەرە و میوە و یاپراخ و شلەشیان تێکەڵی یەک بکردایە، یا ئەگەر کەسێکیان دوور بخستایەتەوە بۆ خوارووی عێراق، ئەوا ئیتر ئەو کەسە بۆ خۆی لەوێ دەژیا بەبێ ئەوەی هیچ مەترسییەک لەسەری هەبێ، وەکو ئێستا لە ژووری نوستن یا لە سەربانی ماڵەکەی نەدەبوو بە ژێر ئۆتومبێلەوە، یا بە چا و قاوە و شەربەتی ڕژێم دەرمانخوارد نەدەکرا. نیازم لەم قسانە بە هیچ جۆرێک پاکانەکردن نییە بۆ ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستە دوابڕاوە و هیچ گومانیشم لەوەدا نییە کە ئەگەر ئەوان خراپ نەبوونایە و بە پاکی و ڕاستی و دڵسۆزییەوە بەرامبەر بە گەل و نیشتیمانەکەیان، تەنانەت بەپێی ئەو قانوونانەش کە ئیستعمار یا خۆیان دایان دەنا، بجووڵانایەتەوە و گۆییان بدایە ڕەئی و مافی ڕەوای گەل و دەستکەوتی خۆیان و ئیمپریالیزمی ئاغایان نەخستایەتە پێش بەرژەوەندیی گەلانی عێراقەوە، بێگومان نە ئەوان خۆیان بەو جۆرە دواییان پێ دەهێنرا و نە ئێمەش ڕۆژمان بەم ڕۆژە دەگەیشت. بۆیە پێشینان وتەنی، منیش دەڵێم: نە دار بێ و نە پەردوو، نەعلەت لە هەردوو!

هیوام هەیە بەم نزیکانە و ئەم ڕژێمە خوێنڕێژەی ئێستەش سەرنگوم ببێت، ئەمیش ببێ بە هەزاران حکایەتی پڕ پەند و عیبرەت و ببێتە مایەی ڕیسوایی و ڕووڕەشی بۆ ئەم سەردەمی ئەتۆم و کۆمپیوتەر و مەدەنییەت و پێشکەوتنەی ئەو دەوڵەتە گەورانەی خۆیان بە پارێزەری مافی مرۆڤ و پێشکەوتنخواز و دەسەڵاتداری هەرە گەورەی دونیا دەزانن و لە بەر چاویان ئەم هەموو غەدر و دڕندەیی و کوشت و کوشتارە بێوێنە و بێسنوورانە دەکرێن، کەچی لەبەر (مصالح) و دەستکەوتەکانی خۆیان ورتە ناکەن و چاوی لێ دەپۆشن، نەک هەر ئەمە، بەڵکو لەژێرەوە پشتیان دەگرن و بە چەک و بە پارەش یارمەتییان دەدەن.

تــریفە بەدەم بۆڵەبــۆڵەوە فەقیانەکــانی هێنــایەوە خــوارێ و بە پەلە دەســتی لە کەف و ســابووندا ســڕی و ڕای کــرد بــۆ لای بێشــکەی مناڵەکەی کە بـە کوڵ دەگریا. گورج دەسرازەکانی کردەوە، ئاسۆی کوڕی دەرهێنا و ئارەقەکەی سڕی، دوو سێ ماچی کرد و بەساقە و بەقوربــانی بــوو، گــرتیە بــاوەش و هێنــایە هەیــوانەکە، لای عەزیــزی مێردیەوە دانیشت و کوڕەکەی گرت بە سنگیەوە، مەمکی دەرهێنا و خستیە دەمیەوە، مناڵەکەش بێدەنگ کەوتە مڵچەملّچ و شیرخواردن.

عەزیز لە نانخواردن بووەوە و سینیەکەی لادا، پەرداخێ ماستاوی ساردی نا بەسەریەوە و دەمی بە خاولییەکەی دەستی سڕی، پاڵی لێ دایەوە و گوتی:

- ئەهـا... کە ئـەمرۆ گەرمە. ئینجا هەستایە سەر پێ و چووە نزیک تـریفەوە و دەسـتێکی دا لە ڕوومەتـی (ئاسـۆ) و گـوتی: هـا سـەگباب، دیارە زۆرت برسی بوو، بۆیە ئەوەندە دەگریایت.

"ئاسـۆ"ش کەوا عـومری هەر شــەش حەوت مانـگ دەبـوو، ســەیرێکی کرد و دەستە خەپەتۆڵە جوانەکانی برد بۆ دەستی، بەڵام هەر گورج دەسـتی ڕاکێشـایەوە و کەوتە یـاریکردن بە دەم و لێـو و چـەنـاگە و سنگ و ملی دایکی.

تریفە لچی دابوو بەیەکدا زۆر تووڕە و مڕومۆچ دیار بوو. مێردەکەی سەیرێکی کرد و بە پەرۆشەوە گوتی:

- ئەرێ تریفە گیان ئەوە بۆ وا ماتی؟ بۆ قسە ناکەی؟
تریفە بێ ئەوەی سەیری بکات، گوتی:
- چی بکەم دەتەوێ هەڵپەڕم؟ هەمووی ساڵ و نیوێکە من شووم کردووە ئەمە سێ خانووتان گۆڕی و سێ گەڕەکتان کرد! لە بەیانییەوە من دیسان هەر خەریکی شتدانان و ماڵڕێکخستنم، لە لایەکی تریشەوە خەریکی مناڵەکەم، ئەمە کەی ژیانە؟
عەزیز هەندێ دەستی بە ملی خۆیدا هێنا و چاوێکیشی بە حەوشە و هەیوانەکەدا گێڕا، دیی هێشتا کەلوپەلەکانیان ڕێک نەخراون، هەندێ نوێن و چەندین کارتۆنی پڕ لە شت و یەک دوو قولێنە و چەند تووڕەکە و تەنەکەی زەخیرە هەر لەوێدا کەوتوون. لەگەڵ ئەمەشدا بە دڵسۆزییەکەوە گوتی:
- ئەی گیانە پێم نەگوتی خۆت ئەزیەت مەدە، سبەینێ جومعەیە، پێکەوە دەکەوینە ڕێکخستنی شتە زۆر پێویستەکان و ئەوانی دیکەش دەهێڵینەوە تا خولە و دایکم دەگەڕێنەوە، ئەوسا بە هەموان چارەی هەموو کەلوپەلەکان دەکەین. لام وایە ئەوانیش بەم زوانە بێنەوە.
"عەزیز" کە دیی تریفە هەر ماتە، ئۆفێکی کرد و گوتی:
- باشە ئەی "تاڤگە" کوا؟ کەی ڕۆیشتەوە؟
- زۆر نییە، بەسەزمانە ئەویش زۆر ماندوو بوو، خۆت دەزانی ئیکمالیشە، بۆیە هەر مەراقی لای دەرسەکانیەتی، دایکم هەرچەندە نەختێ نەخۆشیش بوو، بەڵام دڵی نەهاتبوو و هەر ناردبووی کە یارمەتیمان بدات.
"تریفە" بە تووڕەییەوە سەیرێکی ئاسمانی کرد و گوتی:
- ئۆ خوایە ئەوە کەی ئەم حاڵە دوایی دێت و ئیتر ئەم گەڕەک و ئەو کۆڵان ناکەین؟ مێردەکەی هاتە لایەوە و دەستێکی خستە سەر سەروپرچە نەرمە جوانەکەی و گوتی:
- دەی گیانە، دڵی خۆت نارەحەت مەکە، هیوام هەیە کەوا ئەم خانووەمان زۆر باش بێت و زۆر تیای بمێنینەوە، بە خوا برادەران

دوو سێ هەفتە لە سۆراخدا بوون لەبارەی دراوسێ و خەڵکی دەوروبەرمانەوە کە چۆن خەڵکێکن و چۆنن و هەتا باش دڵنیا نەبوون، نەیانهێشتووە بگوێزینەوە بۆ ئێرە!
تریفە لچێکی هەڵقورتاند و گوتی:
– یا خوا وابێت، بۆ خانووەکەی مەڵکەندی واتان دەگوت، تو خوا ئەو خانووە خۆشە فەریحە عەیبی چی بوو؟ "غەزیز" بە ئەسپایی گوتی:
– گیانەکەم ڕاستە ئەوێ خۆشتر بوو، بەڵام دەوروبەرمان دەشت بوو، پۆلیس و ئەمن بە باشی دەیانتوانی چاودێریی خانووەکەمان بکەن، بەڵام ئێرە لە کۆڵانێکی تەسک و درێژدایە و دراوسێکانیشمان هەموو ماڵی باشن، بەو خوایە هیچ ئەمنێک ناتوانێ بێرەدا تێ بپەڕێ بەبێ ئەوەی بیناسنەوە و ڕیسوای بکەن. وای گوت و سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و دوودڵ بوو لەوەی کە بچێت تۆزێ پاڵ بکەوێت، یان شتێکی تر بکات. دوایی ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە و گوتی:
– تریفە گیان ئەمڕۆ کەس نەهاتووە؟ هیچیان بۆ نەهێناوم؟ تریفە کوڕەکەی هەستاند و ئەو شیرەی بە دەم و لێویەوە بوو، سڕی و دای بە سەر شانیدا، ئینجا وەکو ئەوەی بیری کەوتبێتەوە، گوتی:
– ئۆی، وەڵڵا دوای تۆ بە نزیکەی سەعاتێ کاک "پشکۆ" کاغەزێکی بۆ هێنای، ڕاوەستە با بچم بۆتی بێنم.
عەزیز گوتی:
– قەیناکە تۆ هەڵمەستە هیلاکی، لە کوێیە خۆم دەچم دەیهێنم.
– ئەوەتا لە ناو بێشکەکەی ئاسۆدا، هەر دۆشەکەکەی هەڵبڕە دەیبینی.
عەزیز بە پەلە کاغەزەکەی دەرهێنا و کەوتە خوێندنەوەی، هێشتا لێ نەبووبووەوە کە بە تەوسێکەوە گوتی:
– ئەشەوبیلا ئەمە بەزمێکی زۆر خۆشە، هەر ئەمەمان کەم بوو... بە پەلە گەیشتە لای تریفە و گوتی:
– کاغەزی حەمەی برامە، نووسیویەتی کەوا لە دوێنێوە ماڵێکی تازە هاتوونەتە خانووەکەیانەوە و ئەمڕۆ زانیویانە کە زاوایەکیان هەیە

پۆلیسە و دەبێ ئەم بە پەلە لەوێ نەمێنێت، برادەرانیش وایان بە باش زانیوە کە لە سبەینێوە بێتە ئێرە لای ئێمە تاوەکو شوێنێکی دیکەی بۆ پەیدا دەکەن.

پاش نەختێ بێدەنگی، عەزە سەری ڕاوەشاند و گوتی:

– خوایە گیان بیپارێزیت، ئینجا خۆ ئێرەش خراپە بۆی، چونکە تۆ خۆشت دایم جاسووس و ئەمنت بەدواوەن!

***

لای عەسر، نزیک سەعات پێنج، دایکی عەزیز بە زەمیلەیەک و بوخچەیەک جلەوە کردی بە ماڵدا، زۆر ماندوو دیار بوو. هات بەرەو ژوور و کوڕەکەی بە پەرۆش و بە پەلەوە چوو بە پیریەوە گوتی:

– دایە گیان ئەوە تۆی؟ بۆ وا زوو هاتیتەوە؟ چییە دەڵێی ئیشەکەتان پێ جێبەجێ نەکراوە. دایکی عەباکەی لە خۆی کردەوە و دانیشت، سەروچاوی بە لکی سەرپۆشەکەی سڕی و ئیشارەتی شەربەئاوەکەی کرد و گوتی:

– جارێ قومێ ئاوم بدەرێ.

کوڕەکەی بە پەلە جامەکەی بۆ پڕ کرد و دایە دەستی، ئەویش نای بە سەریەوە تا چۆڕبڕی کرد، ئەوسا سەیرێکی ئەملاوئەولای خۆیی کرد و گوتی:

– ئەوە تریفە کوا؟ وای ڕۆحم دەرچێ دڵم هەر لای بوو.

عەزیز گوتی: تریفە لە ژوورێ کوڕەکە دەنوێنێت، جارێ تۆ وەرە باسم بۆ بکە بزانم بۆ وا زوو هاتیتەوە؟

دایکە دیسان سەیرێکی ئەملاوئەولای کرد و بە چرپە و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی: وەڵڵا شوکر ئیشەکەمان جێبەجێ کرد و لەگەڵ خولە دەعباکانمان گواستەوە و کەسیش هەر پێی نەزانی. کوڕەکەی بە خۆشی و شەوقەوە دەستی کردە ملی و دەستی دا بە پشتیدا و گوتی:

– کچێ هەر بژی شەمە خان گیان. بە پەرۆشەوە چوارمشقی دانیشت لە لایەوە و بە ئەسپایی گوتی: ئێ دەی... تو خوا چیت کرد باسم بۆ

بکە، دایکی سەرپۆشەکەی لە سەری کردەوە و دەستی درێژ کرد بۆ شەربەکە کە لە نزیکیەوە بوو، تۆزێکی تر ئاوی بۆ خۆی تێ کرد و گوتی:

- وەڵڵا ڕۆڵە سەرفراز بن، دوێنێشەو کەمن گەیشتم، کوڕەکان شتەکانیان پێچابووەوە و شەوەکی خۆیان ئۆغریان کرد، منیش بۆ بەیانی دوای چاخواردنەوە چووم بۆ بازاڕ لەگەڵ خولە دوو شووتیم کڕی و عەرەبانەیەکم گرت و سوار بووین تا گەیشتینە بەر دەرگاکە. لەوێ ڕامان گرت و چووین لەگەڵ خولە دوو بەستە نوێنەکەمان هێنا و خستمە بەردەمی خۆم لە عەرەبانەکەدا. خولەش بە زەمیلە بامێ و تەماتە و شووتیەکانەوە چوو لە تەنیشت عەرەبانەچییەکەوە دانیشت، ئینجا لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە دەرکی ژوورەکەم داخست و کلیلەکانم دایە دەست باجی گوڵچین، خۆزگە چاوت لێ دەبوو چۆن دەستی کردە ملم و لێم دەپاڕایەوە کە ئەو شەوەش بمێنمەوە و سوێندی بۆ دەخواردم کەوا سبەینێ ئەبوبەکری کوڕی دێتەوە و هەر بە کۆڵی خۆی هەموو شتەکانم بۆ دەگوێزێتەوە. منیش پێم گوت باشە با جارێ هەندێکیان بەرم، سبەینێ و دووسبەی دەگەڕێمەوە بۆ ئەوانی تر، ئەوسا دەمێنمەوە. خەریک بوو بگری، دراوسێکانی لێ کۆ کردمەوە، منیش خواخوام بوو زوو بڕۆم و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "نەگبەت بەرۆکم بەردە با زوو بۆی دەرچم، ئەگەر دەتزانی ئەو دوو بەستە نوێنە چییە، هەر زیڕەت دەکرد."

عەزیز بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی:

- ئەرێ وەڵا نەک هەر زیڕەی دەکرد، دڵیشی ڕادەوەستا. بە ڕاستی ترسنۆکی وام نەدیوە! باهـ تۆ جارێ پێم بڵێ خۆ شوێنە تازەکەت بە دڵ بوو؟

دایکی گوتی:

- وەڵڵا شوێنێکی زۆر باشە،ماڵەکە هەر خۆیانن و ماڵەکانیش تۆزێ بڵاون لەیەک، بەڵام هەر ئەوەیە کە تۆزێ چۆڵە... چۆڵ!

– خـــۆ ئەوە وایە دایە، شـــوێنەکە چـــۆڵە و دوورە، بەڵام ئەگەر وا نەبوایە، یەکێکی وەکو کاک قادر چۆن خانووی پێ دەکرا، هەرچۆنێک بێت، خانووی خۆیانە!

– ئینجا خۆ ژنەکەشی وای گوت، وەڵڵا کە لێم پرسی ئەوە چۆن ئیدارە دەکەن؟ خانووەکەتان زۆر دوورە لە ناو شار و بازاڕەوە، بە خۆشییەوە گوتی "قەیناکە بەقوربانە، بەس نییە ڕزگارمان بووە لە کرێچێتی و شەڕی منداڵەوردکە." شەمسە دەستی ڕاوەشاند و گوتی: بەو خوایە هەقیشیەتی، سێ چوار ماڵ لە خانوویەکدا و هەمووشیان منداڵدار، ئینجا منداڵیش خوا سەلامەتیان کا، یان قیژەقیژ و دەنگەدەنگیانە، یا لەگەڵ یەک شەڕ دەکەن، هەندێ جار زۆر لە گەورەکانیش بە هۆی ئەوانەوە تووشی شەڕ و قڕە دەبن. شەمسە نەختێ بێدەنگ بوو، ئەوجا بە پێکەنینەوە گوتی:

– دەزانی کە لە دوورەوە کاک قادرم دی لە سەری کۆڵانەکە وەستابوو، سڵەمیمەوە، وەکو زەلامێکی تر هاتە پێش چاوم، لە ترسی عەرەبانچییەکە نەبوایە زۆر دەشڵەژام، بەڵام کاری خولە ڕاست بێت هەر لە دوورەوە بانگی کرد "کاکە قادر میوان ڕادەگرن؟" ئینجا زانیم ئەمە ئەوە. شەمسە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: نازانم! وا دیارە چاوم کز بووە، چونکە ئەوە یەک دوو جارە وام بەسەر دێت...

عەریز گوتی:

– نە بە خوا دایە گیان، شوکر چاوت زۆر باشە، بەڵام ڕەنگە شڵەژابیت، کە زۆریش هەقت بووە. کوڕەکەی دەستی دایەوە بە پشتیدا و گوتی:

– ماشەڵڵا بەغیرەت و بەجەرگی، بە خوا یەکێکی تر بوایە و ئەو هەموو کەلوپەلە خەتەرەی پێ بوایە، هەر بە یەکجاری تێک دەچوو و سەری لێ دەشێوا، بەڵام تۆ ماڵت ئاوا بێت دەڵێی کون لە جەرگتدا نییە، کچێ هەر بژی!

- وەڵڵا سەد ئافەرین بۆ کاک قادر، ئەوە بە ڕاست چۆن دەوێرێت؟ وەرە پۆلیسی حکومەت بە و ئەو شتە خەتەرانەشت لە ماڵدا بێت. عەزە دەستی خستە سەر ملی خۆی و گوتی: ئۆباڵ بە گەردنم ڕاست دەکەی ئەوە زۆر ئازایەتی و مەردایەتییە. بە ڕاستی کورد ڕۆڵەی دڵسۆزی زۆرە.

دایکی لەبەر پێکەنین کەوت بە گازی پشتدا و گوتی:

ئۆهـ خولە حەواڵەی خوا بێت! ڕۆڵە لە دوێنێوە مێشکی سەری کون کردووم، هەر دەیگوت: ئەوە چییە؟ بۆچی ئەم نوێنانە و ئەم شتانە دەبەین بۆ ماڵی کاک قادر؟ ئێمە هەقمان چییە؟ ساحێبەکانی بۆ نایبەن؟ ئینجا وەرە درۆی بۆ هەڵبەستە و بیانووی بۆ بهێنەوە، ئەو کافرەش هەر وازی لە پرسیارکردن نەدەهێنا.

عەزیز بە پێکەنینەوە گوتی:

- وای خوا فرسەتت بدا. دەبێ چ حەشرێکی پێ کردبێت و چۆن بەرۆکی بەردابێت؟

- ئیتر هەر مەپرسە، زمانم سڕ بووە ئەوەندە جوابی پرسیارەکانیم داوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە خوا لام وایە لە دڵدا بڕوای بە قسەکانم نەدەکرد. هەرچۆنێک بێت، ئەویش شڵەژابوو و نەیدەزانی مەسەلە چییە. بەڵام بەوە دەمکوتم کرد کە گوتم منیش هەر ئەوەندەی لێ دەزانم عەزیز ڕای سپاردووم کە ئەمە بکەین و ئەوە بکەین. ئیتر خۆت دەیناسی کە چۆن بۆ ئیشوکار و قسەی تۆ هەر سەری پێوە نییە.

عەزیز سەری ڕاوەشاند و گوتی:

- بە خوا دەشزانم کە وات لێ دەکات، بەڵام چار نەبوو، ئەی کێ بهاتایە لەگەڵت و یارمەتیی بدایتایە؟ هەر دەبوو ئەو بێت، هەر کەسێکی ترت لەگەڵ بوایە، دەترساین سەرنجی ڕاکێشایە، بەڵام تۆ و خولە پێکەوە بن، لای هەموو کەس شتێکی ئاساییە. عەزە ئیستێکی کرد و گوتی:

- باشە ئەی ئەو بۆ کوێ چوو؟ بۆ لەگەڵت نەهاتەوە؟

دایکی بەدەم هەستانەسەرپێوە گوتی:
- چۆن ئەم پرسیارە دەکەیت؟ ئەی نازانی کە لە دوێنێوە وەکو حەپس وابوو لەگەڵم، ئیتر هەر گەیشتینە ئەم ناوە، بە منی گوت تۆ بڕۆرەوە، من دەچم بۆ چایخانەکە تۆزێ دۆمینە دەکەم و دێمەوە.
شەمە ڕووی کردە عەزیز و گوتی:
- بە ڕاست، ئەوە تۆ بۆچی هیچی پێ ناڵێیت؟ بۆ هەر ئیشێک بچێتە دەرەوە، تاکو نەچێت سەرێکی چایخانەکە نەدات و دەستێ دوو دەست دۆمینە و ئەسکەمل نەکات، نایەتەوە، وەکو ڕۆژەکەی ماڵی وەستا عەلی لێرە بوون، ناردم بە پەلە بچێت هێلکە و کولێرە بکڕێت، ماڵەکە نانیشیان خوارد و بە ڕێشمان کردن، ڕەنگە گەیشتبنە نیوەی ڕێگەی هەڵەبجەش، ئینجا ئاغا بە کولێرە و هێلکەوە گەڕایەوە، کە لێشی تووڕە بووم و گوتم: ئەوە تا ئیستا لە کوێ بووی بە ملی شکاوت؟ بەبێ پێچوپەنا گوتی: ویستم لە ڕێگەوە سەرێکی چایخانەکە بدەم و ئیتر ئەوەندە بە یاریکردنەوە خەریک بووم، هەر گەڕانەوەم بیر نەکەوتەوە تا ئێستە!
- تو خوا وازی لێ بێنە دایە، حەزی لێ دەکات فەقیرە، هەموو خۆشیی دنیای هاتووەتە سەر ئەوە، هەموو قومارەکەشی لەسەر چایەک، دوو چایە. خۆ لەسەر قەرەدینار نییە!
دایکی بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:
- ئەرێ وەڵڵا زۆر زۆری حەز لێ دەکات، بەڵام جاری وا هەیە بێتامی دەکات و خەڵک تووڕە دەبێ کەوا بۆ ئیشێکی پەلە دەچێت و ئەوەندە درەنگ دێتەوە. شەمسە دیسان دەستی برد بۆ ئەژنۆی و هەر بە پێوە نەختێ دەستی پیادا هێنا و گوتی:
- وای باوکەڕۆ ئەژنۆم چەند ژان دەکات!؟
- ئاخر زۆر هیلاک بووی، دە دانیشە جارێ پشوویەک بدە.
ئەویش سەری ڕاوەشاند و گوتی: چۆن؟ بە خوا ئیسراحەت ناکەم تاکو ئەم ماڵە کۆ نەکەمەوە.

عەزە لەپڕ وەرگەڕایەوە بۆ لای دایکی و بە ئەسپایی گوتی:
- دەزانی کاغەزی حەمە هاتووە دەڵێ سبەیشەو دێت بۆ لامان؟ ئیتر باسەکەی بۆ گێڕایەوە.
دایکی سست بوو و گوتی:
- وەی دایکی بمرێت، ئاخۆ ئیستە لە چ حاڵێکدا بێت؟
لە شوێنی خۆی دانیشتەوە و گوتی:
- ئینجا چی بکەین؟ ئەی بۆ ئەمشەو نەدەهات؟ بۆچی خستیە سبەیشەو؟ دایکی ڕۆحی دەرچێت ئەوە لەم شەش مانگەدا چەند شوێنی گۆڕی؟!

***

بۆ سبەینێ ماڵەکەیان کۆ کرایەوە و ڕێک خرا. عەزیزیش نیوەڕۆ زوو گەڕایەوە ماڵێ و کەوتە نووسین و ئیشوکاری خۆی. دایکی و تریفەش هەیوانیان ئاوڕشێن کرد، بەڕە و لاکێشیان لێ ڕاخست و دۆشەک و سەرینیان دانا، چوون حەمامی خۆشیان کرد و پاک بوونەوە، چێشتیان لێ نا و دانیشتن. تریفە ڕەنگی حەمامی پێوە دیار بوو، ئەگەرچی چاوە جوانەکانی هەندێک ماندوێتییان تیادا دیار بوو، بووک و خەسوو خەریکی چاخواردنەوە بوون، تریفە هەستا چایەکی گرت بە دەستەوە بۆ مێردەکەی بەرێ، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئۆف لە دەست ئەم پیاوە، ئەم نووسین و خوێندنەی تەواو نەبوو!؟ لەکن خۆی ئەمرۆ جومعەیە، دە بڵێ تۆش لەگەڵمان دانیشە و چاکەت بخۆرەوە. دوایی هەروا بێدەنگ لچێکی هەڵقورتاند و گوتی "جا وا هاتیش، خۆ ئەوەندە پەلە دەکات کە زوو بڕواتەوە بە لای نووسینەکانیەوە، دەڵێی دایم لە سەر ئاگرە. لەبەر کاکە حەمەشی ئاگای لە خۆی نییە. هەقیشیەتی!"
تریفە گەیشتە لای مێردەکەی، پیاڵە چایەکەی دایە دەستی و گەڕایەوە لای خەسووی، هێشتا دانەنیشتبووەوە لە دەرگایان دا.

عەزە ڕاپەڕی و بە هەڵەداوان لە ژوور هـــــاتە دەرێ و ئیشـــــارەتی ژنەکەی کرد کە ئەو نەچێت و خۆی چوو دەرگای کردەوە، کە سـەیر دەکات، کچێکی چواردە پانزە ساڵانەی ڕەزاسووک مەنجەڵێکی فافۆنی پـاکی لە سـەر سـینییەک بە دەسـتەوە گرتـووە، خاولییـەکـی پـاکی بە سەردا دراوە. عەزیز شڵەژا و دەمی تێکەڵوپێکەڵ بـوو، نەیدەزانی چـی بکات، سینییەکەی لێ وەرگرێ یا چی بڵێت!

ئاخری چاری نەما و گوتی فەرمـوو، فەرمـوو. ئاوڕێکیشـی لە حەوشـە و هەیوانەکە دایەوە و گوتی: ئا دایە! تریفە، یەکێکتان وەرن!

کچەکە گوتی:

– کاکە عەزیز ئەوە دایکم سـەلامتان لـێ دەکات و دەڵێت ببوورن کە نەهـاتووم بـۆ لایـان، وا ئەم نەخـتە کفـتەیەی بـۆ نـاردوون و دەڵێـت ئیشەڵڵا زووش دێمە خزمەتیان. زۆر بەخێرهاتنتان دەکات.

عەزەش تـا دایکـی گەیشـت، سـینییەکەی لە کـچەکە وەرگـرت و بە پەرۆشـەوە گوتی: زۆر سوپاس، ئەوە بۆ ئەم ئەزێتەتـان کێشـا، ئەمەت چـۆن بـۆ هەڵگیـراوە؟ زۆر قورسـە، سـوپاس سـوپاس. ئیتـر دایکـی گەیشت و زۆر بە گەرمییەوە خۆشـی و چۆنیی لەگەڵ کچەکە کرد و دەستی گرت و گوتی:

– دە فەرمـوو وەرە ژوورەوە، پشـوویەک بـدە! وەی دایکـت نەمـرێ ئەمەت چۆن بۆ هاتووە؟ بۆ ئەو ئەزیەتەت کێشا بەقوربان؟

– نە پووری گیان ئەزیەتی چی؟ ئەو دەرگـا ئاسـنە مـاڵی ئێمەیە، زۆر نـزیکین.... ئیتـر خـوا حـافیز، دەبـێ بـڕۆمەوە، دایکـم ئیشـی هەیە. کـچە ئەمەی گـوت و ڕۆیشـت، بەڵام شـەمە و کـوڕ و بـووکەکەی تـاکو بەینێکـیش هەر ئـاخ و ئۆفیـان بـۆ کـچەکە هەڵدەکێشـا کە دەبـێ چەنـد ماندوو بووبێ؟

بەس نەبـوو پیـای نەڕژاوە! ئەوە چـۆن ئەو هەمـوو کفتەیەیـان بەو منـاڵەدا نـاردووە. لەگەڵ ئەوەشـدا زۆریـان بە شـان و بـاڵی ئەو کەیبانووەدا هەڵدا کە ئەم کفتە خۆشەی لێ ناوە.

ئەمە دووهەم ماڵ بوو کە بە ناوی کاسە دراوسێیەتییەوە نانیان بۆ کردبوون. چونکە تازە؟ ماڵیان هاتبووە کۆڵانەکەیان.
ئەوەندەی پێ نەچوو دیسان دەنگی دەرگا هات، بەڵام ئەم جارە شپرزە نەبوون، چونکە لێدانەکەیان ناسییەوە، سێ تەقە لەسەر یەک، زانییان کە خولەیە. ئەم چەشنە لێدانەیان بۆ ئەهلی ماڵەکە دانابوو بۆ ئەوەی ئەگەر بە جۆرێکی تر لە دەرگا درا، ئاگایان لە خۆیان بێت.
خولە کە کردی بە ماڵدا، هیلاک و تووڕە دیار بوو.
شەمە خانی پووری لێی ڕاپەڕی و گوتی:
- بەخێر بێیتەوە، یا خوا ڕۆڵە لەشت ساغ بێت، بە ڕاستی زوو گەڕایتەوە! خولە تەریق و دەستەپاچە، دەسرەکەی دەرهێنا و دەموچاوی خۆی سڕی، وەک ئەوە وابوو کە ڕووی نەیەت سەیری پووری بکات کەوا لە بەیانییەوە بۆ ئیشێکی نیو سەعاتی ڕۆیشتبووە دەرەوە و ئێستەش وا ئێوارەیە تازە دەگەڕێتەوە و دەبینێ کە ماڵەکەش کە ئەو بە خۆهەڵکێشانەوە پێی گوتبوون دەست نەدەن لە تەنەکە زەخیرە و شتە قورسەکان تاکو خۆی دێتەوە، دەبینێ خۆیان هەموو شتێکیان ڕێک خستووە. هەرچۆنێک بێت، ئەمە یەکەم جار نەبوو کە خولە وا بکات، بۆیە ئەوانیش لەگەڵی ڕاهاتبوون و ئەو لەبیرچوون و دواکەوتنەیان لابوو بە بەشێک لە ڕەوشت و خووی خولە، کەوا هەر لە منداڵییەوە لە ماڵی پووریدا گەورە بووبوو، چونکە کە بە منداڵی تووشی دەردێکی گرانی منداڵانە دەبێت، لەوانەی کە هەندێ زیان دەگەیەنن بە هۆشی منداڵ، دایکی لێی بێزار بووە و ئەم پوورەی گرتوویەتیە خۆی، وەک منداڵی خۆی بەخێوی کردووە، جا هەرچەندە بەرەبەرە ئەقڵ و هۆشیشی باش بووبوون، بەڵام خولە ئەوەی کردبوو بە بیانوو و لە وەختی پێویستدا بەکاری دەهێنا.
پوورە شەمسەی کە دیی خولە بە تەریقیەوە دانیشت، بەزەیی پیای هاتەوە، کفتەی خستە بەردەمی و گوتی:

- دەی نـانەکەت بخـۆ، بـۆ جـارێکی تـر ئیشـەڵا وا ناکەیـت و زوو دێیتەوە.
عەزەش هەر خەریکـی پیاسـەکردن و سـەیری سـەعات و ژمـاردنی دەقـیقە و بیرکـردنەوە لە درێـژی و کـورتیی ڕێگـەوبـان بـوو، چـرای حەوشە و هەیوانیش کوژێنرایەوە و بە بێئارامی کەوتنە چاوەڕێکردنی حەمە.
کە سەعات لە دە تێ پەڕی، شـەمە بە شـپرزەیی دەسـتی خسـتە سـەر دڵی و لەگەڵ کوڕەکەی کەوتنە چرپەچرپ. ئەم دەیگوت و ئەو بۆی دەسـەندەوە. شـەمە بە پەرۆشـەوە بە چـرپە بە عەزەی گـوت: بە خـوا گوێم لە فیکەی پۆلیس بـوو. قەت لەم وەختەدا فیکەی پۆلیسـت گوێ لـێ بـووە؟ دەترسـم ئەو کوڕەیـان بەدی کردبـێ یـان ناسـیبێتیانەوە؟
عەزیـز ئەگەرچـی لەبەر ئەو دەیویسـت قسـەی خـراپ نەکـات و مەترسـیی خـۆی دەرنەخـات، لەگەڵ ئەوەشـدا بە شـپرزەیی سـەیری سەعاتەکەی کرد و گوتی: نا، بـاوەڕ نـاکەم، کوا فیکەی پۆلیس! دەبێ گوێچکەت زرنگابێتەوە! دایکی بە ماتییەکەوە گوتی:
- ئینجا دەترسم ماڵەکەش نەدۆزنەوە.
- نـا دایە، فەرەیـدوونی لەگەڵە کە خـانووەکەی بـۆ دۆزیـنەوە، خەمـی ئەوەت نەبێت، هاکا گەیشتن.
ئەوەندەی پێ نەچوو، بە ئەسپایی لە دەرگاکەیان درا و عەزیـز بە پەلە بەدەم دەنگەکەوە چوو و کە زانیی حەمە و ئەوانـن، زوو دەرگـای لـێ کردنەوە و هەر کە کردیان بە ماڵدا، بێدەنگ خڕ دەرگـای داخسـتەوە. شـەمە خـانیش گـورج بە پەرۆشـەوە و بە بێـدەنگی باوەشـی کـرد بە حەمەی کوڕیدا، تێر تێر مـاچی کـرد و بۆنی سـەر و گـوێلاکی کـرد - عەزەی براشـی کە تـۆزێ لەوەوپـێش بە کەلـلەڕەق و هەڵەشـەی نـاو دەبرد- وا خۆی بۆ هەڵدا و باوەشـی پیادا کـرد، دەتگـوت چەنـد سـاڵە نەیدیوە.

ئینجا بێدەنگ بردیانە ژوورەکەی عەزیز و هەندێ بەخێرهاتنی فەرەیدوونیشیان کرد، دوای ئەوە شەمسە خان بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: چی دەخۆنەوە کوڕینە؟ چای؟ ساردی؟

- بە خوا لام وایە ساردی باشە، زۆر ماندوو بووین، زۆر بە پێ هاتووین.

- هەی بە سەر چاو! ئەم قسەیەی کرد و هەستا بچێ ساردییان بۆ بێنێ. تریفە کە تا ئەوسا لە ژوورەکەی تر خەریکی نواندنی کوڕەکەی بوو، کردی بە ژووردا و بە پەلە بەخێرهاتنی کردن و بە خەسووی گوت کە ئەو دانیشێت، ئەم دەچێت ساردییان بۆ دەهێنێت.

ئەگەرچی چرای حەوشە و هەیوان کوژابوونەوە، بەڵام، ئەلەتریکی کۆڵان شەوقێکی وای دەخستە حەوشەکەیانەوە، دەتگوت ئەلەتریکی ماڵی خۆیانە، بۆیە بە ئاسانی شەوان هاتوچۆ و ئیشیان دەکرد، ئەو چەند شەوەی هاتبوونە ماڵەکەوە، هەر زوو بە بیانووی مێشوولە و شتی واوە چراکانیان دەکوژاندەوە، بۆ ئەوەی دراوسێکانیان وەها ڕابێن. چونکە زۆربەی ئەو ئیش و کارە نهێنی و حیزبایەتییان و هاوڕێ و کوڕەکانیش هاتوچۆیان هەر بە شەو دەکرد.

دوای هەندێک پشوودان، هاوڕێکەی حەمە ڕۆیشت و حەمەش کە دەمێک بوو خۆی نەشتبوو، لە دوای دوودڵیی دایکی و براکەی کە بەو شەوە خۆشتن باش نییە، لەبەر دڵی حەمە وایان ڕێک خست بێدەنگ بچێت خۆی بشوات و بێت بنوێت.

***

بەیانی شەممە بوو، عەزە زوو هەستا خۆی گۆڕی و کاغەز و ماغەزی کۆ کردەوە و بەرەو سەرا کەوتە ڕێ بۆ سەر ئیشەکەی. دوای ئەوەی چەند جارێ بە دەنگێکی بەرز لە بەر دەرگاوە هاواری دایکی کرد و گوتی:

- بیرت نەچێت تۆزێکی تر عارەبانەیەک بگرن و خولە بەرن بۆ خەستەخانە، نەوەکو دیسان ژانەسکەکەی بێتەوە سەری، دوێنێشەو

حەشری پێ کردین. با ئەمڕۆ هەر ماستیش بخوا، بزانە دکتۆرەکە چیی پێ دەڵێ، بە قسەی ئەو بکات.
دایکیشی جوابی دەدایەوە ئەویش بە دەنگێکی بەرز دەیگوت:
- باشە، ڕۆڵە باشە، جارێ تازە خەو چووەتە چاوی، ئەگەر هەروا نارەحەت بوو، دەیبەم، ئەوەتەی پیاڵە ڕازیانەکەی خواردووەتەوە، باشتر بووە... تۆ برۆ خوات لەگەڵ، دڵت لای ئێمە نەبێت. ئەمەی گوت و دەرگاکەی داخستەوە و گەڕایەوە بە لای ئیشەکانیەوە، لە پێشدا چا و بەرچایی بۆ کوڕەکەی حازر کرد و بۆی بردە ژوورەوە و کوڕەکەی گوتی:
- ئەمشەو تێر نوستم! بە ڕاستی چڵکنی ناخۆشە، بەو خوایە جاری وا هەبووە وام لێ دەهات دەمگوت ئێستە بە کەس ناڵێم و یەکسەر دەچمە حەمامی بازاڕ!
دایک و براژن و خولە لای حەمە دانیشتبوون، هەروا قسەوباس و تەگبیری خۆیان دەکرد، کە دەنگی دەرگا هات، بە لێدانەکەدا دیار بوو بێگانەیە. شەمە ئیشارەتی خولەی کرد کە بچێتە ناو ئەو جێگەیە کە هەر زوو لە هەیوانەکە بۆیان داخستبوو کە گوایە نەخۆشە. خۆیشی بە دڵەخورپێوە چوو دەرگا بکاتەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی یا خوا بەخێر بێی. ئەمە کێیە بەم بەیانیە؟ دەرکی کردەوە، دیی کەوا ئەو فاتیمە خانەی کە دیواریان بە دیواری یەکەوەیە، کردی بە ماڵدا و گوتی:
- ئەوە دوور بێت کاکە خولە چ خێریەتی، شەوێ ئاگام لە دەنگەدەنگتان بوو. کەوتمە مەراقەوە و کە بەیانی عەزیز ئەفەنی، خواحافیزی بێ، گوتی بیبنە خەستەخانە، ئەوسا زانیم کە چی بووە، گوتم با بچم بزانم چۆنە.
شەمسە لە پێشەوە هەرچەندە نەختێ شپرزە بوو، بەڵام زوو خۆی گرتەوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی گوت: یا خوا بەخێر بێیت... دە

فەرموون وەرنە سەرەوە، نەختێ دانیشن شوکر ئێستە باشترە.... دە فەرموون! ئینجا ڕووی کردە هەیوانەکە و بە دەنگێکی بەرز گوتی:
- خولە گیان ئەوە فاتمە خانە هاتووە بۆ هەواڵپرسیت.
- (بە زەردەخەنەیەکی دەسکردەوە) گوتی: چاوت لێیە شەوی ئەوانیشمان نارەحەت کردووە؟
خولە خەریک بوو شەق بەرێ و ناچاریش بوو، لە سەر جێگەکەی دانیشت و گوتی:
- زۆر سوپاس، ماڵتان ئاوا بێت، لێم ببوورن، باوەڕ بکەن شەوێ وا سکم ئەیەشا و دڵم تێکەڵ ئەهات، گوتم حەوت ڕۆحم پێوە بێ، ناگەمە بەیانی.
میوانەکە بەبێ عەبا، هەر بە سەرپۆشەوە هاتبوو، لەوبەری جێگەکەی خولەوە دانیشت و گوتی:
- ئەوە دەبێ هەر شتێکی خراپت خواردبێ، ماوەیە لەمەوپێش "سیروان"ی کوڕیشم وای لێ هات. کە چووینە بنجوبناوانی، دەری بڕی کەوا لەسەر سکی برسی چوالەی خواردووە، ئینجا وای لێ هاتبوو، دوور لە گیانی هەر نیوەمردوو بووبوو، هەر بەو شەوە بردمانە خەستەخانە... ئیتر فاتمە خان کەوتە گێڕانەوەی باسی دەیان خەڵکی دیکەش کە سەبارەت بە خواردنی خراپ وایان بەسەر هاتووە. خولەش لە دڵی خۆیدا هەر دەیگوت "بە خوا تازە تیا چووین، بە قسەکانیدا وا دیارە زۆر درێژدادرە، باوەڕ ناکەم تا نیوەڕۆ جووڵە بکات. ئەوە من قیروسیا، بەڵام ئەو فەقیرە لە ژوورەوە حەپسە، لەکن خۆی هاتووە بۆ ئەوەی پشوویەک بدات و نەختێ سکی بخووسێتەوە و تۆزێ لەگەڵمان ڕابوێرێت و نەختێ دەردی دڵی خۆیمان بۆ هەڵڕێژێت، ئەوە شەش مانگ وەکو حەپس لە کونی ژوور نەهاتووەتە دەرێ، بێجگە لە دڵەخورپێ و ترس و خەتەری تر."
شەمسەش بە داماوی و ترس و بێزارییەوە گوێی لە قسەکانی گرتبوو. جارجار بە پێکەنینێکی دەسکردەوە سەری بۆ دەلەقاند، تا لە

هەڵیکـــدا بـــانگی کـــردە تـــریفە کە لە ژوورەوە بە چـــرپە لەگەڵ شووبراکەی باسی هاتنی ناکاو و چەنەبازیی ژنەکەیان دەکرد.
- گوتی: ئەرێ ڕۆڵە، تریفە، ئەوە ئاسۆ خەوی لێ نەکەوت؟ دە وەرە ئەو فاتمە خانە هاتووە بۆ هەواڵ پرسینی خولە.
تریفە بێدەنگ هاتە دەرێ و زۆر بە ئەسپایی دەرگای ژوورەکەی پێوە دایەوە، بەخێرهاتن و چاکی و چۆنیی لەگەڵ میوانەکەیان کرد. ئەویش چەن شـــەڵڵایەکی کـــرد و خـــۆزگەی بە شەمســـە خـــان خواســـت کە بووکێکی وا جوان و ڕێکوپێکی هەیە و خەریک بوو باسی بـووکەکەی خـۆی دامەزرێنێت. شـەمسـە خـان بە بێزاری و ناچـاری گـوتی: تـریفە گیـان تـۆ لای فـاتیمە خـان دانیشـە تـا مـن سـەرێکی سـەر تەنـوورەکە دەدەم. فاتمە خان ڕاپەڕی و قۆڵی گرت و دەستی ڕاکێشا و گوتی:
- بە مەرقەی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ ناچیت، هـیچ نـاخۆم، هەر ئێسـتە چام خواردووە، هێشتا پیاڵەکانم هەڵنەگرتووە! شەمسە خان گوتی:
- ئەیەڕۆ چۆن وا دەڵێیت؟ هەر دەبێ شـتێک بخـۆیتەوە، بەڵام قەینـاکە لەبەر سـوێنەکەت، تـریفە بـۆت دەهێنێت، مـن دەچـم بە لای شـۆربای خـولەوە، نیـازم هەیە نەختـێ شـۆربای بـۆ لـێ بنـێم. ئەمەی گـوت و بە پەلە چـووە سـەر تەنـوور و وەک شـتێکی لە بیـر چـووبێ، گەڕایەوە هەیـوانەکە و کە دیـی فـاتمە خـان لەگەڵ تـریفە خەریکـی قسـەکردنە، تەماشـەیەکی خولەی کرد، ئەویش چونکە هەموویان فێری ئەو چەشنە ڕووداوانە بوون، کەوا بە هۆی خۆشاردنەوە و گرتن و ماڵپشـکنینەوە بەسەریان هاتبوو، خـولە زوو لە چاوتێبڕینەکەی پووری گەیشـت، کە دەیەوێ سـەری میـوانەکە وا قـاڵ کـات کە ئاگـای لەو نەمێنێـت. ئیتـر خولەش شان بە شانی تریفە سەری کردە سـەر فـاتمە خـان، شـەمسـە خـــانیش لەم کـــاتەدا بێـــدەنگ خـــۆی گەیانـــدە لای حەمە کە خـــۆی خزاندبووە پەنا نوێنەکان و بە حـاڵ درزێکـی خسـتبووە پەردەکەوە کە بتـوانێ کتێـبەکەی دەسـتی لەبەر ئەو تـۆزە ڕوونـاکییە بخـوێنێتەوە. دایکی کێشای بە سنگیدا و بە چرپە گوتی:

- ئۆهـ دایکت بمریٚ! ئەوە بەو تاریکییە چۆن دەتوانی بخوێنیتەوە؟!
- قەیناکە دایە گیان، نارەحەت نیم، برۆرەوە بۆ لای میوانەکە، با وا نەزانێت پێت ناخۆشە کە هاتووە بۆ لاتان، ئەو فەقیرە لەکن خۆی چاکەی کردووە، چوزانیٚ ئێمە وا بەگۆبەنگین؟ دایکی بە چرپە گوتی: پێنج رۆژە ئێمە لێرەین، هێشتا کەسیٚ بەیانیان نەهاتووە بۆ لامان، ئەمرۆ نەبێت! سەیری بەخت کە؟
- خۆت نارەحەت مەکە و گوێی مەدەریٚ، نەختێکی تر دەڕوات. خۆ تا دنیا دنیایە لێرە نابێت...
ئەمان ئەم جۆرە قسانەیان دەکرد و میوانەکەش لەگەڵ تریفە و خولە گەرمی کردبوو، بە جارێک کرابووەوە، دەتگوت قەدەغەی قسەکردنی لەسەر بووە و ئێستا لەسەری لاچووە. جاریٚ لە مێردەکەیەوە پیای هات کە چەند نەخۆشیی گرتووە و چۆن جارێک لە سەیرانێکدا تووشی ژانەسک بووە و سەیرانی لیٚ کردوون بە ژەهری مار... ئیتر ئەم جۆرە باسانە.
شەمسە خان بە مەلوولی سەیرێکی کوڕەکەی کرد و گوتی:
- تو خوا بۆ نیوەڕۆ حەز لە چی دەکەی بۆت لیٚ بنێم؟
- ...
بەر لەوەی حەمە جوابی بداتەوە، دەنگی دەرگا هات، شەمسە خێرا لە ژوور هاتە دەرەوە و چوو بەرەو دەرکی حەوشە، لێدانی یەک لەسەر یەک و خێرای دەرگاکە بە تەواوی شپرزەی کردبوو، بە هەناسەبڕکیٚ دەرکەی کردەوە و چاوی زەق بوو، کە سەیری کرد ژنێکی گەنجی ڕازاوە و منداڵێکی چوار پێنج ساڵە لە بەر دەرگا وەستابوون. بەمە ئاهێکی هاتەوە بەر، بەڵام پێش ئەوەی ئەو قسە بکا، ژنەکە گوتی:
- چۆنن؟ چاکن شکور؟ بێزەحمەت دایکم لێرەیە؟
فاتمە خانی میوانیان لە هەیوانەکەوە قیژاندی:

– پەخشان گیان ئەوە تۆی؟ دە وەرە ژووریّ تۆزێک دانیشە، ئێستە منیش دێمەوە. شەمسە بە ناچاری کەوتە دە فەرموو... دەی تۆزیّ دانیشە، یا خوا بەخێر بێیت.
بەڵام "پەخشان" سەرنەکەوت و هەر لە حەوشەکە گوتی:
– نە بە خوا، ناتوانم، زۆرم پەلەیە، دەبیّ بچم بۆ بازاڕ، هەندیّ ئیشم هەیە، بەڵام وا (سامان)م بۆ هێنای، با لای تۆ بیّ تاکو دێمەوە، فاتمە خان باوەشی بۆ کردەوە و بەقوربان و حەیرانی مناڵەکە بوو، ئەویش هەر دەگریا و دەیگوت: منیش دێم بۆ بازاڕ. ئاخری دایکی خۆی ڕاپسکاند لە دەستی و ئەو گریان و هەڵڵایەی بەسەر دایکی و ئەو ماڵە فەقیرەدا بەجیّ هێشت و ڕۆیشت. مناڵیش ڕقی گرتبوو و سوور و شین بووبووەوە، کوڕەکەی تریفەشی خەبەر کردەوە.. تریفە بە ڕاکردن چوو بە لایەوە، لە دڵی خۆیدا دەیبۆڵاند و دەیگوت: "وەی ماشەڵڵا لەم بەیانییە پڕ خێروبەرەکەتە! سەیر کە دنیا چەند عەکس و پێچەوانەیە! ئەمە چونکە ئەو کوڕە بەسەزمانە ئەمڕۆ لێرەیە، بزانە چی قەوما، ئیتر تاکو دەڕواتەوە، خوا ڕەحم بکات!"
ژنەکەش هەستابووە سەر پیّ، کچەزاکەی ژیر دەکردەوە و پێی دەگوت: "ئەها وەرە ئەم ژوورە چیی لێیە؟ ئاتۆ وەرە سەیری ئەو پشیلەیە بکەین چووە ئەو ژوورەوە، وەی کە جوانە! چڕنووکیش لە خەڵک ناگرێت."
شەمسە کە گوێی لەم قسانەی میوانەکە بوو، هەر ئەوەندەی نەمابوو کە دڵی ڕاوەستێت، چونکە ئیشارەتی بۆ ژووری پشتەیوانەکە دەکرد کە حەمەی کوڕی لیّ بوو، خولەش لە ترسا گورج پەلی مناڵەکەی گرت و گوتی:
– وەرە گیانە وەرە! بزانە لەژێر خانەکەم چەن قوتووی جوان و ئۆتۆمبێلی بچووکم هەیە، وەرە بتدەمیّ بۆ خۆت.
باش بوو مناڵەکە لەگەڵی چوو. نەنکی و شەمسەش بە دوویاندا و چوونە ژێرخانی خولە. ئەویش کەوتە ناو خرتوپرت و وردەواڵەی

خـۆی. بە پەلە ئەوەنـدەی ئەمـدیو و ئەودیـو کـردن تـاکو دوو سـێ قوتووی بەتاڵی بۆ منـاڵەکە دۆزییەوە و یەک دوو ڕەسمی ئۆتۆمبێلی بۆ پەیدا کرد و مناڵەکەی پێ خافڵاند و بێدەنگ بوو، نەنکی پەلی گرت و بردیەوە هەیوانەکە دانیشتەوە، مناڵەکە خەریک بوو دەست بکاتەوە بە گریـان و گـوتی: نـایەم، بـا بچیـنەوە مـاڵی خۆمـان. نەنکیشـی بە ناچـاری دووعـاخوازیی کـرد و ڕۆیشـتەوە مـاڵی خۆیـان. ئەمـانیش لە دڵـی خۆیانـدا هەزار دووعـای خێریـان بـۆ منـاڵەکە کـرد کەوا بە زۆر نەنکی بردەوە ماڵێ و لە کۆڵیانی کردەوە.

دوای ڕۆیشـتنی ژن و منـاڵەکە، چـوون بـۆ خۆیـان لە دەوری کـوڕە قاچاغەکەیان دانیشتن، هەریەکەیـان دەیویست بەپێی توانـا و لە توانـا زیـاتریش خۆشەویسـتی و بەتەنگەوەبـوونی پیشـان بـدا. ئینجـا هـاتنە سـەر باسـی دراوسـێ و خەڵکـی گەڕەک کە چەنـد مـاڵی باشـن و چەندیان تاکو ئێستە سەریان لێ داون و چەند کاسە دراوسێییەتییان لەگەڵ کـردوون و ئەم جـۆرە قسـە و باسـانە. دایکیشـی هەر خەمـی ئەوەی بـوو کە چیـی بـۆ لـێ بنێت و چیـی بـداتێ بیخـوات؟ ئـاخری بە پەلە چوو بەرەو سەر تەنوورەکە کە خەریکی شـتێک بێت، گەیشـت و نەگەیشـت کە هاتوهاوارێـک پەیـدا بـوو لەگەڵ قیڕەقیـڕی مریشـک لە سـەربانەکەیان و تەپەتەپـی یەکێـک کە بەدوایـدا ڕای دەکـرد. هەر لە چاوتروکانێکـدا مریشــکە بـۆرین خــۆی هەڵـدایە حەوشــەکەیانەوە و کوڕێکی بیست بیستوپێنج سـاڵەش کە بەدوایەوە بـوو، بە پەلە خـۆی گەیاندە پەیژەکە و لەوێوە بەدەم زەردەخەنەوە هاواری کردە شەمسـە خان کە بە حەپەساوی لە حەوشە ڕاوەستابوو و گوتی:

- ببوورن ئێوەشمان سەغڵەت کرد، ئەوە مریشکم سەردەبڕی، ئێوارە میوانمـان هەیە، کەچـی ئەم هارەیـان لە دەسـتم دەرچـوو و ڕای کـردە ئێرە.

مریشـکیش بە قیڕەقیـڕ و هەراوە خـۆی کـرد بە ژێرخـانی خـولەدا و لەوێشەوە دەرپەڕی و ڕای کردە هەیوانەکە، دەتوت دەزانـێ کە بۆچی

دەیانەویێت بیگرن! جاریٚ خۆی گیڤ دەکردەوە و هەردوو باڵی شۆڕ دەکردەوە، جاریٚ دەفڕی و خۆی دەدا بە دیوار و پەنجەرەکاندا، دوایش ڕای کرد و بە هەناسەبڕکێوە خۆی کرد بە ژووری پشتەیوانەکەدا و چووە ژێر ئەو قەرەویڵەیەی شەویٚ حەمە لە سەری نوستبوو. حەمەش خۆی خزاندە پەنا نوێنەکان و نقەی لە خۆی بڕیبوو، کە دیی وا مریشکەکەش خزاوەتە پەنا سەبەتە و کارتۆنە پڕشتومەکەکانی بن چارپایەکەی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئای مریشکی نەگبەت، ژوورێکی ترت نەدۆزییەوە ئەم ژوورەی من نەبێت؟ دەڵێی زانیوتە کە خەڵکی تریش هەیە لێرەدا خۆی شاردبێتەوە!" بەزەیی بە مریشکەکەدا هاتەوە و گوتی: "بە ڕاستی ئینسان دەعبایەکی سەیرە! وەرە ئەم تەیرە فەقیرە سەربڕن و بیخۆن! بە ڕاست، ئەوە هەندیٚ کەس چۆن دڵیان دێت کە مریشک و مەڕ و ئەو حەیوانانە سەربڕن؟!" حەمە بیرێکی کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: "بیرم نایەت تاکو گەیشتوومەتە ئەم عومرە، جارێک توانیبێتم مریشک یا چۆلەکەیەکیش سەربڕم! ئەگەرچی خۆیشم گۆشت دەخۆم و حەزیشی لیٚ دەکەم، بەڵام قەت دڵم نایەت سەریان ببڕم، یان کەسێک لە بەر چاوم سەریان بڕێت. بەڵام چار چییە؟ دنیا هەروا ڕۆیشتووە!" خولە لەپڕ کردی بە ژووردا و لە خەیاڵی دا، وەک لە دوورەوە مریشکەکەی بەدی کردبیٚ، هەر وەکو برووسکە پەلاماری دا و لە دوای ئەوەی کە بە چاو و بە ئیشارەت ناڕەحەتی و نارەزایی خۆی بۆ حەمە دەربڕی، بە پەلە و بە قارەقار مریشکەکەی برد بۆ کوڕەکە کە شەمسە خان لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بە قسە سەرقاڵی کردبوو.

نیوەڕۆ عەزیز بە شپرزەیی هاتەوە ماڵیٚ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ڕووی کردە براکەی کە لەگەڵ خولە قسەیان دەکرد، وەکو ئەمیان دیبیٚ، بێدەنگ بوون، ئەمیش بە ئەسپایی گوتی:

- یەک سەعاتە من خۆم دەکەم بەو ژوور و بەو ژووری سەرادا و لەوێشەوە چوومەتە چەند شوێن و دوکانیٚ، هەر لە مەیخانەوە تا

دوکـانی کەوشـفرۆش، تـا تـوانیم دەرفەتـێ بـدۆزمەوە و خـۆم لەو سەگبابە نەجات بدەم کە هەر بە شوێنمەوە بوو، باش بوو هەرچۆنێک بـوو، ئـاخری خـۆمم لـێ گـوم کـرد... کەڵکـی نیـیە، مـاڵەکە هەر دەدۆزنەوە... بەڵام هەر باشـە کە هێشـتا نـازانن لە کـوێین، یەکێکیـان ناردبوو بۆ مـاڵەکەی پێشـوومان کە بزانـێ گواسـتوومانەتەوە کـوێ؟ بەو ناوەوە کە خزممانن، بەڵام کەس هیچی پـێ نەگوتبوون، هەروەهـا خـوێڕییەکی ئەمنـی دیکەشـیان چووبـووە دوکـانی ئـازادی مـامم، بە بیـانووی کڕینـی بـامێ و تەمـاتە، پێـی گوتبـوو: دەڵێـی مـاڵی عەزیـزی ئـامۆزات گواسـتوویانەتەوە، ئەوە چـوونەتە کـوێ؟ دوو سـێ کـابرای لادێیـی بـۆ ماڵەکەیـان دەگەڕان. ئەویـش پێـی گوتبـوو: بە سـەری تـۆ مـانگێکە لێیـان عـاجزم و قسـەیان لەگەڵ نـاکەم، بۆیە هەر ئاگاشـم لـێ نیـیە کە ماڵیـان گواسـتووەتەوە، ئەمە تـازە لە تـۆ دەیبیسـتم! عەزیـز سەری بادا و گوتی: فایدەی نییە، شـارەکە بچووکە و هەمـوو ناسـیاو و خزمـی یەکدین، بە ڕاسـتی لێرە ئیشـکردنی نهێنـی و خۆشـاردنەوە زۆر زەحـمەتە، خەڵـک هەر دەدۆزرێـتەوە، ئەوە چەنـد جـار ماڵمـان گواستەوە فایدەی نییە، خەڵکی زۆربڵی یەکجار زۆرن!

خولە هەر گورج قسەکەی قۆستەوە و گوتی:

- ئینجا خۆ کاکە عەزیز، هەندێ هەر بۆ خۆهەڵکێشـان، نەک خەڵکی، خۆشـیان تـووش دەکەن! ئەوە نەبـوو ژنە زۆربڵـێکە پـار کـوڕەکەی خـۆی تـووش کـرد! کە شــەڕی بووبـوو لەگەڵ دراوسـێکەیان، پێـی گوتبــوو کوڕەکــانی تــۆ هیچوپــووچن، حەمە ســاڵحی مــن نــاوی دەرکـردووە و لە "حیفزایـە"، شـەو تـا بەیـانی دەخـوێنێتەوە و شـت دەنووسـێت...! عەزیـز هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و گـوتی: ڕاسـتت دەوێ، ڕوودانی ئەم چەشنە شتانە گوناهی ئێمەیە، دەبوو کـوڕەکە دایکـی تـێ بگەیەنێت و وریای بکاتەوە لەبارەی نهێنێتیی کارەکـانی "حیزبـایەتی"ی خـۆیەوە، خەڵـک چەنـد نەزان و تێنەگشـتوو بێـت، کە فێـرت کـرد و ڕێگـەت پیشـان دا، شـتێکی تـرە و هەر فێـر دەبێـت. دەبـا ئەو ژنە و

ئەوانەی وەکــو ئەو ژنەن، فێــر بکــرێن و لەبــارەی وەزع و زرووفــی میلەتەکەمان و بەشــخوراوییەوە قســەیان بۆ بکرێت و تێ بگەیەنرێن، بزانە ئەوسا چۆن هەموو دەبن بە ئاگر و لە پیاوەکانی چالاکتر دەبن، ئەم میللەتە غەدرلێکراوەی ئێمە چەند هەژار و تێنەگەشــتوون!؟ بەشــی هەرە زۆریان وا دەزانێت کە هەر بنوێت و بخوات و وەکو کەر ئیشــی پێ بکرێت و بچەوســێنرێتەوە! تۆ بــڕۆ ئەو دێهات و ئەو جووتیــار و ژنە جووتیارانە ببینە، ئینجا دەزانــی ژیان لای ئەوان مەعنای چییە و چەند بەدبەختی دەبینن و دەچێژن.

حەمەی بــرای، بەدەم پیاســەوە لە ژوورەکەدا، بە ئەســپایی پێکەنیــی و گوتی: بۆچی هەر لادێ وایە؟ ئەی ناو شــار؟ ئەی ئەم هەمــوو کرێکار و عەمەلەیە؟ ئەی ئەم هەموو کارەکەر و خزمەتکارە؟ ئەی ئەم هەموو حەمــاڵ و قوڕبەســەرە؟ منــاڵی وا دەبینیــت کە کــوڵی بە کــۆڵەوەیە بەدوای خەڵکدا دەڕوات و شــتیان بــۆ هەڵــدەگرێت، ئینســان هەر دڵــی دەبــێ بە ئــاو بــۆی، لە عومرێکدا کە دەبــوو لە مەکتەب بێت و فێــری عــیلم و زانــین بێــت، بەڵام لەبەر نەبــوونی و هەژاری و بەشــخوراوی، دایــک و بــاوکی دەینێــرن بەو منــاڵییە کاســپییان بــۆ بکــات! (ســەری ڕاوەشــاند) و گــوتی: هەیهــوو هەیهــوو! باســی چــی بکەیــت و چــی نەکەیت؟ چار نییە، چاری ئەوە هەر خەباتە و خەبات...

دەبێ لە هیچ شتێک نەترسین، ئیتر هەر ئەوەیە، دەبێ هەندێک دەرد و ئازار ببینین و بمرین تــاکو بەشــی زۆری گەل بە ســەربەرزی بژین و بــگەن بە هیــوا و ئــاوات! لێــرەدا دایکیــان کــردی بە ژووردا و ڕووی کردە عەزیز و بە پەرۆش و دەنگێکی نزمەوە گوتی:

– هــا ڕۆڵە، بەخێــر بێیــتەوە (بە پەلکــی ســەرپۆشــەکەی ئــارەقەکەی سەروچاوی سڕی، چونکە لە سەر تەنوورەوە هــاتبوو و دنیــاش گەرم بوو). ئینجــا قســەکەی بەم جۆرە دەست پێ کــردەوە: "وای ڕۆڵە، ئەم بەیــانییە تووشــی چەنــد بەزم بــووین! دەتگــوت هەمــوو گەڕەکەکە ئەمشەو خەویان دیبوو کە دایکی بمرێ، حەمە گیان ئەمڕۆ لێرەیە." بە

زەردەخەنەیەکی خۆشەوە، بە کورتی ڕووداوەکانی بۆ کوڕەکەی گێڕایەوە. کە لە قسەکانی بووەوە، لە عەزیزی پرسی: ئەی دەنگوباسی تۆ چییە؟ خۆ شوکر کەست بەدواوە نەبوو کە هاتیتەوە؟ کوڕەکەی دڵنیای کرد کەوا هیچ نییە و هیچی تازە نەقەوماوە و دنیا بێدەنگە! دایکی وەک پاڕانەوە بە مەلوولییەکەوە گوتی: کەواتە با ئەمشەویش حەمە گیان لە لامان بێت. عەزیز دەستێکی برد بۆ سەر و لاملی خۆی و تۆزێ وەستا و گوتی:

– منیش وا دەڵێم، بۆ دوو سێ شەو هیچ مەترسیی نییە.

حەمە هەڵی دایە و گوتی:

– ئەوە قەیناکە، بەڵام ئەگەر هاوڕێکان هاتن و گوتیان کەوا شوێنیان پەیدا کردووە، وا بزانم ڕۆیشتنم باشترە. دایکی دوودڵ بوو لە قسەکەی خۆی، دەترسا نەوەک لەوێ بمێنێتەوە و تووشی شتێک ببێت، بۆیە دەستی هەڵبڕی و گوتی:

– دەی جارێ تاوەکو ئێوارە خوا گەورەیە، هەزار دەرووی لە لایە، ئینشاڵڵا ئەمنەکان کوێر دەکات لە عاستی ئێوە، چونکە ئێوە لەسەر هەقن، لەسەر هاوولاتی و میللەتی خۆتان دەکەنەوە، خۆ بۆ کەیف و ڕابواردن و ناپیاوی وا ناکەن وا گیانی خۆتان و برادەر و ماڵ و منالّتان خستووەتە مەترسی و نارەحەتییەوە! گوێ مەدەنێ، بنیادەم هەر دەمرێ و ژیان بە سەرشۆڕی ڕۆژی مردنێکە. نەوەڵڵا کە هەر دەمرم، با بە سەربەرزی بمرم! من بەش بە حاڵی خۆم ئامادەم بۆ هەموو فرمان و خزمەتێک کە بە منی بکەن! دوو کوڕەکەی بە ئەسپایی چەپڵەیان بۆ لێ دا و گوتیان:

– ئاخر ئێمە دایکێکی وامان هەیە، بۆیە ئێمەش سەر شۆڕ ناکەین!

عەزیز گوتی:

– ئەو شەوە لە نادی، وەکیل موتەسەریف منی بردە لایەکەوە و پێی گوتم:

- کوڕی چاک بە، بنێرە حەمەی برات بێتەوە و واز لەم بەزمە بهێنێت، بە خوا یەکسەر دەیکەن بە قایمقام و دەینێرن بۆ ئەو شوێنەی خۆی دەیەوێت و هیچ ساڵێکیش تێ وەرناگەڕێ تەرفیعی پێ دەکەن و تاکو موتەسەریفی ڕاناوەستێت! تۆ خۆیشت هەرچیت دەوێ، من بۆتی دەکەم، ئیتر وازی لێ نەهێنام و گوتی: دەبێ ئەمشەو جوابم بدەیتەوە، دیسان نەڵێیت بە سەر چاو، با بیری لێ بکەمەوە. منیش پێم گوت بۆ من دەفەرموویت، ئەوەتا لەگەڵ ئێوە دانیشتووم ئارەق دەخۆمەوە و قومار دەکەم، خەڵکی وا چۆن سیاسەتی پێ دەکرێ و کێ باوەڕی پێ دەکات؟ بۆ حەمەی براشم، باوەڕ بکەن ئەگەر بمزانیایە لە کوێیە، خۆم بە گوێچکەبادان دەمهێنایە سەر ئەم مێزە لەگەڵمان دانیشێت، بەڵام بە سەری جەنابتان نە دەزانم لە کوێیە و نە هەواڵیشی دەزانم، دایکیان بە بڕوا و خۆشییەکی زۆرەوە گوتی:

- ئۆهـ قوڕبەسەری، بتگوتایە ناماقووڵیت کردووە...

هەرسێکیان بە دڵ دەستیان کرد بە پێکەنین.

وا دیار بوو ئاواتەکەی شەمسە خان نەهاتبووە دی، چونکە بۆ شەوێ برادەرانی حەمە هاتبوون بەدوایدا و بردبوویان بۆ شوێنێکی تر کە ماڵە هاوڕێیەکی خۆیان بوو. کوڕێکی وریا و لەسەرخۆ بوو، هەروا خەریکی کاسپیی بچووک بچووک بوو، سێ منداڵی هەبوو، گەورەکەیان دە ساڵ بوو، ژنێکی ڕووخۆشی دەمبەپێکەنینی هەبوو، خەڵک کە دادەنیشت لە لای، حەزی نەدەکرد هەستێت، ئەوەندە قسەی خۆش بوو، جگە لەمەش، ڕەزاسووکێکی سپیکەلانەی خرپنی چاووبرۆ مەست بوو. چونکە دایک و باوکی هەر زوو لە مەکتەب دەریان هێنابوو و دابوویان بە شوو بەم مێردەی. "زێڕین" خوێندەواریی نەبوو، بەڵام فێری ئەم نەوعە ژیانە ببووبوو کەوا مێردەکەی سەری پێوە قاڵ بوو، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ جار تاقەتی دەچوو و دەکەوتە گلەیی لە بەختی خۆی و خۆزگەی بەو کەسانە دەبرد کە سیاسەت ناکەن.

که حەمە هاتەماڵیان، غەفوور هەر زوو دای نابوو کە بۆ ئەوەی کەس پێیان نەزانێ، لە هەموو شتێک باشتر ئەوەیە کە هیچ گۆڕینێک لە هەڵسان و دانیشتنیدا نەبێت، بۆیە کە بەیانی نان و چای خوارد، چوو بۆ سەر ئیشی خۆی، دوای ئەوە ئامۆژگاریی ژنەکەی کرد پاش بەرچاییکردن، ئەویش خۆی کۆ بکاتەوە مناڵەکان بەرێت و بچێ بۆ سەردانی ماڵی براکەی و ئێوارە درەنگ بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی دەرودراوسێ نەیەنە سەریان و میوانەکەیان تۆزێ سەربەستیی خۆی وەربگرێت.

زێڕین زۆر جار بۆ شاردنەوە و چاوبەستیی ئەم چەشنە کارە نهێنییانەی مێردەکەی، دەبوو وا خۆی بڕازێنێتەوە و جلی جوان لە بەر بکات و مناڵەکانی بگۆڕێت کە دەچوون بۆ ماڵی خزم و ئاشنا، دراوسێکانی وا لێ کردبوو هەموو بەغیلیی پێ ببەن و هەر کە دەکەوتنە یەک، ئیتر باسی غەفوور و زێڕین بوو، ئەو دەیگوت چەند تێروتەسەل دەژین و چۆن هەر قوماشێک دابێت، ئەم ژنە هەر زوو خۆی دەگەیەنەتە بازاڕ و جاری وا هەیە بەشی دوو دەستی لێ دەکڕێت، وەی خۆ ئەو مێردەشی هەر دەڵێی عەبدیەتی، چەند بە قسەی دەکات! بڵێ بمرە، دەمرێ، هێشتا جارێ گوێمان لە دەنگیان نەبووە، ئەوەندە ڕێکن! ئەوی تر دەیگوت: ڕۆژ نییە ئەم ژنە خۆی نەدا لە تەل و نەچێت بۆ گەڕان و ماڵە خزمی، جاری وا هەیە شەویش نایەتەوە!

یەکێکی تر لەولاوە سەری بادەدا و دەستی دەدا لە سنگی و دەیگوت:
- کچێ خوشکم، هەمووی ناوچەوان و بەختە! ئەوەتا نەگبەتێکی وەکو من شەو و ڕۆژ لە ماڵەوە حەپسم، تاکو کەلوپەلی بەیانی کۆ دەکەمەوە، نانی نیوەڕۆ دێتە پێشەوە، تاکو لەوە دەبمەوە، مناڵەورتکە لە مەکتەب دێنەوە و هەریەکەیان لە لایەکەوە هاوار دەکات برسیەتی، باوکەکەشیان لە هەموویان خراپتر، هەر کە هاتەوە و نانەکەی حازر نەبوو، دار و دیوار دەداتە بەر شەق، پێری یاپراخم پێچایەوە و

خەریک بووم بیخەمە سەر ئاگر، کردی بە ماڵدا و گوتی: عیسمەت برسیمە، دەی کوا یاپراخەکەت، بەبێ ئەوەی قسە بکەم، مەنجەڵی دی و سەری هەڵدایەوە، کە سەیری کرد هێشتا نەمکولاندووە، ئۆهـ ڕۆڵە چاوتان بەد نەبینێت، مەنجەڵە یاپراخی قلّپ کردەوە و گوتی: ئەوە هێشتا نەکولاوە؟! چەند جار دەڵێم زوو نانەکەم بۆ حازر بکە! چەند شەقێکی لە کاسە و مەنجەڵ هەڵدا و ڕۆیشتە دەرێ. دە تو خوا ئەمە ژیانە لەگەڵ پیاوی وادا؟ لای ئەو دنیا و ژیان و خۆشی هەمووی هەر خواردنی یاپراخ و کفتە بێت!؟ منیش نازانم ڕۆژ چۆن دێت و شەو چۆن دەڕوا، لە ترسا هەر بە دیار ئاگر و مەنجەڵەوە بم؟ ژنەکەی تر بە ناڕەحەتییەکەوە ئۆفێکی کرد و گوتی: زۆر سەیرە، هەندێ پیاو وان! خواردن لایان هەموو شتێکە، هەندێکی تریش هەن ئەوەی باسی نەبێ لایان، خواردنە. کە برسیی بوو، هەرچییەک کەوتە بەردەستیان، دەیخۆن و هەڵدەستنە سەر پێیان!

***

حەمە ناوی بوو بە "کاکە میوان"، چونکە دایم یاداشتی دەخوێندەوە یان دەینووسی. خێراش کرا بە تەلەبەیەکی زیرەک کە وا خۆی ئامادە دەکات بۆ ئیمتیحانێکی گەورە و قورس لە بەغدا، ئەمەش بۆ ئەوەی کەس لە منداڵەکان نەچن بە لایدا و سەری لێ تێک نەدەن. غەفوور و زێڕین هەر زوو ئەم باسەیان بۆ دوو منداڵە دە ساڵ و هەشت ساڵەکەیان کرد و نەسیحەتیشیان کردن کە لای کەس ناوی کاکە میوان نەبەن، ئەوانیش چونکە ئاقڵ و ژیر بوون و فێری جۆرە میوانی وابوون، بە قسەی دایک و باوکیان دەکرد. هەفتەیەکی بێقرە و بێدەنگیان بردە سەر. کاکە میوان شوێنەکەی زۆر لە شوێنی پێشتر لا خۆشتر و پاکوتەمیزتر و بێدەنگ و ترستر بوو، ماوەی باشی هەبوو بۆ خوێندنەوە و بیرکردنەوە و نووسین.

دوانیوەڕۆیەک لە دەرگا درا، زێڕین بە دڵێکی داخورپاوەوە چوو بە لای دەرگاکەوە و بانگی کرد کێیە ئەوە؟ ژنێک لە جوابدا گوتی:

بیکەرەوە زێڕین گیان خۆمانین. زێڕین بە پەرۆش و دڵێکی خۆشەوە دەرگاکەی کردەوە. دیی وا دایکی لە بەردەمیدا وەستاوە و باوکیشی لە عەرەبانە دێتە خوارێ، ئەویش دەستی کردە ملیان و بەدەم گریانەوە گوتی: وەی دایە گیان و بابە گیان، یا خوا بە خێر بێن، ئەوە کەی هاتن؟ ئەوانیش دەستیان کردە ملی و ماچیان کرد. باوکی گوتی: ئەوەندە نییە گەیشتووین، ئیتر بە توورەکە و پریاسکەوە خۆیان کرد بە ماڵدا و دەرگایان داخستەوە. دایک و کچ هەر بەدەم دەستەملان و باوەشپیاکردنەوە ڕۆیشتن هەتا لای ژوورەوە. زێڕین لەپڕ کاکە میوانی کەوتەوە بیر و لە جێی خۆی سڕ بوو. مێشکی شێوا و هەستوهۆشی پەرشوبڵاو بوونەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەیەڕۆ، جا من چی بکەم...! ئەگەرچی دایک و باوکیشم لەو کەسانە نین کە باسی شتی وا لای کەس بکەن، نەخوازەڵا کە بۆ منیش خراپ بێ! بەڵام بەشەرە! ئاخۆ تا چەند لێرە دەبن، مەعلوم بە هۆی ئەوانەوە خزم و ناسیاویش هاتوچۆمان دەکەن، نازانم میوانەکە تا چەندی تر دەمێنێتەوە؟ بەم جۆرە، بە چاوتروکانێک ئەنواعی خەیاڵ و بیری خراپ و چاک بە مێشکیدا هاتن و ئەو هەموو پەرۆشی و خۆشییەی کە بەرامبەر بە هاتنەکەی دایک و باوکی دەری بڕیبوو و لە دڵیشیدا بوو، لە ترس و مەراقی میوانەکەیان ساردوسڕ بوونەوە، هەرچەند زۆریشی لە خۆی کرد کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی.

حەمە لە پەنجەرەکەوە چاوی لە میوانەکان بوو، دەیزانی کە لە دوورەوە هاتوون و بە پەرۆشەوە بەدەوریانداهاتنی خاوەن ماڵەکەشیدا زانیی کە دەبێ خزمی زۆر نزیک و خۆشەویستی بن، ئەویش کەوتە گێژاوەوە: "دیسان ڕەنگە سەرگەردان بێتەوە و برادەران بیکەنە هەڵپەهەڵپی پەیداکردنی شوێن و گواستنەوەی، خوا دەزانێ کە دەتوانن شوێنێکی دیکەی بۆ بدۆزنەوە یان نەء! چەند ڕۆژێک بوو تۆزێک مێشکی حەسابووەوە." بە توورەیی کتێبەکەی دەستی داخستەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

"ده وەره سەیری ئەم بەزمە بکە!" جگەرەیەکی دەرهێنا لە پاکەتەکەی و خستیە بەینی لێوی و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "وەڵا ئەمە شتێکی خۆشە! ئەمەیە کە دەڵێن ماڵ لە ماڵخۆ حەرامە، ماڵیانە و خزم و کەسیان هاتوون بۆ لایان. خۆ ئیشەڵا دەریان ناکەن!"
ئەوەندەی پێ نەچوو کاک غەفووریش هاتەوە و هەر زوو ژنەکەی چوو بە پیریەوە خەبەرەکەی دایە. ئەویش نەختێ شڵەژا، بەڵام چاری نەبوو و چوو بە گەرمی بەخێرهاتنی خەسوو و خەزووری کرد. ئەوانیش دەستیان کردە ملی و بە ڕوویەکی زۆر خۆشەوە چاکوچۆنییان لەگەڵ کرد. زێڕین هەرچەندە بە ئاشکرا سەری قاڵ کردبوو بە ئامادەکردنی نان و خواردنەوە، بەڵام هەر خەیاڵپڵاو و دڵشپرزە بوو، بەدەم ئیشکردنەوە بۆ چارەیەک دەگەڕا! کاک عەفوور دوای هەندێ قسە و باس و بەدەورداهاتن، هەستا و ڕووی کردە حەوشە و چووە سەر تەنوورەکە بۆ لای ژنەکەی و بە چرپەوە گوتی: ئەرێ وەرە تۆ، جارێ با چارێکی ئەو میوانە بەسەزمانە بکەین، خۆ بە خوا دڵم زۆر ڕوون بووەوە بە هاتنی دایک و باوکت، بەڵام نازانم ئەگەر دییان چی بڵێین؟
ژنەکەی کەوگیرەکەی دەستی دانا و بە پەرۆشەوە گوتی:
ئاگات لە دڵی من نییە. بەو خوایە لەتاو ئەو برایەمان خۆشییەکەم لێ تاڵ بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ساڵ زیاترە کە دایک و باوکم نەدیوە و لەو ڕێگە دوورەوە هاتوون، ئێستە چی بکەین؟
مێردەکەی بیرێکی کردەوە و دەستی خستە سەر ناوچەوانی خۆی، ژنەکەشی بەرامبەری ڕاوەستابوو، بە پەرۆشەوە چاوی بڕیە دەمی! غەفوور سەیرێکی ژنەکەی کرد و بە چرپە گوتی:
من دەڵێم باشترین شت ئەوەیە وا بجوولێینەوە وەکو هەین، واتە هیچ خۆمان تێک نەدەین و پێیان بڵێین کەوا پوورزایەکم میوانمانە، بۆ نەخۆشی هاتووەتە سەر دکتۆر. ماڵیان لە چەمچەماڵە. چەند ڕۆژێک لە لامان دەبێت تا دکتۆرەکەی پێی دەڵێ بڕۆرەوە، هەندێک مێشکی

نارەحەتە، بۆیە نایەتە ناومان، بۆ خۆی بە تەنیا هەر لەو پشتەیوانە پاڵ کەوتووە.
غەفوور سەیرێکی ژنەکەی کرد و بە ئەسپایی گوتی: حەز دەکەی دەڵێین تۆزێ تەواو نییە! ژنەکەی گوتی:
– ئەیەڕۆ، کەواتە دوور لەو بڵێین شێتە؟ بۆ خاتری خوا عەیبە، کوڕەکە بزانێت عاجز دەبێت!
– خەمی ئەوت نەبێ، هیچ عاجز نابێ. ئێستە لە خۆیشی بپرسیت، دەڵێ وایان پێ بڵێ، تاکو کەس نەچێت بە لایدا، بە گیانی تۆ وا سەلامەتترە.
زێڕین بە حەپەساوی گوتی:
– باشە ئەی ئەگەر باوکم یان دایکم لە دەمیان دەرچوو بە یەکێک لە خزمەکانمانیان گوت، یا باسیان لای کاکم کرد، ئەوسا چی بکەین؟
مێردەکەی بە چرپە گوتی:
– پێشیان دەڵێین کە لەبەر کوڕەکە، گوناحە لای کەس باسی نەکەن، حەز ناکات کەس بزانێت. بەمە هەردووکیان سەرو هەناسەی قووڵیان هەڵمژی و نەختێ هاتنەوە سەر خۆ. بەم پلان و تەکبیرە دڵیان خۆش بوو. غەفوور لێی دا چووە لای خەزووری و ئەوان و زۆر بە گەرمییەوە کەوتە قسە و باس لەگەڵیان، ئاخری خەسووی هەستایە سەر پێ و گوتی: وەی دایکت بمرێ، ئەوە کوا زێڕین؟ دیسان کەوتە ئەزێتەوە بۆمان، ڕووشی کردە زاواکەی و گوتی:
– ئەوە لە کوێیە؟ با بچم یارمەتیی بدەم!
– بۆ کوێ دەچی؟ تۆ هیلاکی، دانیشە، هیچی وای نەکردووە، خەریکی سەماوەرەکەیە، بە خوا ناچی، هەر دەبێ دانیشی.
– کەواتە دەچم بەلای دەستنوێژەوە! ئیتر ئەم خەریکی قۆڵ و فەقیانەکانی بوو کە غەفوور بە دەنگێکی نزم پێی گوت:
– باشە، بەڵام زەحمەت نەبێ نەختێ ڕاوەستە، قسەیەک هەیە ئەمەوێ بە تۆ و مامی بڵێم:

- ده بیڵی بەقوربان!
غەفووریش سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد و ڕووی کردە خەزوور و خەسووی، وەک پاڕانەوە بە چرپەوە گوتی:
- باشە منداڵەکان لێرە نین، قسەکەم ئەوەیە کەوا پوورزایەکم میوانمانە کە نەختێ نەخۆشیی مێشکی هەیە، بەینێک زۆر تێک چووبوو و هێنایانە سەر دکتۆر، ئێستە بەرەو باشی دەڕوا، بەڵام هێشتا هەر تەواو نییە، ئەوەتە لەو ژوورە، ئێستە بەرەو باشی دەڕوا، بەڵام هێشتا هەر تەواو نییە، ئەوەتە لەو ژوورە، بەسەزمانە هەر لە کونی ژوورەوەیە و زۆریش بێدەنگ و سەنگە، هێشتا (فەحسێکی) دیکەی دکتۆری ماوە بزانین دکتۆرەکە چی دەڵێ؟
غەفوور بە ماتی سەری ڕاوەشاند و گوتی:
- ئینجا چ کوڕێک بوو! ئەوەندە پیاو و بەحورمەت بوو، هەر باسی ناکرێت! خەسووی چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و کێشای بە خۆیدا و گوتی:
- ئۆهـ دایکی بمرێ، ئەوە بۆ وای لێ هاتووە؟
- هیچ قسە ناکات، چەند من و دکتۆر و کەسوکاری لێی دەپرسین، دەڵێ "هەر لە خۆمەوە وام لێ هاتووە."
خەسووەکەی هەناسەیەکی هەڵکێشا و چەند دووعایەکی بۆ کرد و سەری هێنا بە لای زاواکەیەوە و بە چرپە گوتی:
- بە خوا ئەوە دەبێ حەزی لە کچێک کردبێ و بۆی نەبووبێ، بۆیە وای لێ هاتبێت، لە شەقڵاوەش کوڕێک وای لێ هات، دوور لەم ئەویان هەر بە زنجیر دەبەستەوە، حەزی لە کچێک کردبوو باوکەکەی نەیدا بەو و دای بە پیاوێکی دەوڵەمەند. کچەکە زۆر جوان بوو، هەردووکیان دڵیان بەیەکەوە بوو.
خەزووریشی گوتی:
- "لاحەولە وەلا قوەتە ئیلا بیلا! خوا ڕەحمی پێ بکات."

- ئینجا ئامۆژن گیان و مامە گیان! ئەمە هەر لە بەینی خۆماندا بێت کەس نەزانێت... داشمان ناوە کە هەر من بچم بە لایەوە، چونکە کە خەڵکی تر دەبینێ، زۆر تەریق دەبێتەوە و ئەوەندەی تر ماتەمینی دای دەگرێت.

خەزوور گوتی:

- نە، ئەستەغفیرەڵڵا، چۆن باسی دەکەین! هەر خوا هەڵناگرێ ئینسان باسی شتی وا بکات!

خەسووش گوتی:

- ئەیەڕۆ خوا نەکا! دایکی بمرێ، جوانکەیە، چۆن دڵمان دێ باسی بکەین؟!

غەفوور کە لە قسەکەی بووەوە و دیی خەسووی دەیەوێت بچێتە حەوشە، پێشی کەوت، زێڕینی بۆ بانگ کرد و پێکەوە بەجێی هێشتن و خۆی کرد بە ژوورەکەی حەمەدا، حەمەش چوو بە پیریەوە و بە ئەسپایی بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- دیارە میوانتان هاتووە؟ ئینجا چار چییە؟ غەفووریش بە ڕوویەکی خۆشەوە دەستی گرت و ڕای کێشایە قوژبنێکەوە و بە ئەسپایی گوتی: تەواو هەموو شتێ بڕایەوە!

حەمە بە پەرۆش و خۆشییەکی زۆرەوە پرسی:

- چۆن؟ چیتان کرد؟

غەفووریش هەموو ئەو قسانەی بۆ گێڕایەوە کە لەبارەی ئەوەوە بە دایک و باوکی زێڕینی ژنی گوتن و حەمە بە پێکەنینێکی تاسێنراوەوە گوتی:

- یەعنی بە کوردییەکەی "شێتم". باشە، بەڵام دەست دەوەشێنم یان نا؟!

غەفووریش بە کوڵێ پێکەنینێکی بێدەنگەوە گوتی:

نا نا، شێتێکی لەسەرخۆیت، لەوانە نیت کە دەست دەوەشێنن، ئینجا لە هەمووی سەیرتر! ئەوە بوو خەسووم بەو ماندوێتی و بێتاقەتییەی

ڕێگەشیەوە تێر بۆت گریا و دەبێ دە چەپۆکی کێشابێ بە خۆیدا، خەزووریشم هەر دووعای بۆ دەکردی و لاحەولەوەلای دەکرد، لێشت ناشارمەوە خەسووم دەشیگوت ئەوە مەعلوم حەزی لە کچێک کردووە، بۆیە وای لێ هاتووە، چونکە لە شەقڵاوەش لای ئەوان، کوڕێک حەزی لە کچێک کردووە و وای لێ هاتووە؟!

***

نیوەڕۆیەک عەزیز زووتر لە ڕۆژان هاتەوە ماڵێ، هاوڕێیەکیشی لەگەڵ بوو، شەمسەی دایکی لێوی خۆی گەست، زانیی شتێک هەیە کەوا کوڕەکەی زوو هاتووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زوو چوو بە پیریانەوە و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردن و هاتەوە بە لای ئیشەکانیەوە، بەدەم ئیشکردنەوە بە بووکەکەی گوت:

- تریفە گیان! عەزیز هیچ باسی کردبوو لای تۆ کەوا ئەمڕۆ ئەوەندە ئیشی نییە و زوو دێتەوە؟

- نەوەڵا پووریێ گیان، هیچی پێ نەگوتبووم.

شەمسە سەرێکی ڕاوەشاند و کەوتە پەلەپەل لە ئیشەکەیدا، بە کەساسییەکەوە گوتی:

- دەی خوا ڕەحیمە، ئیتر لەسەر خوا.. لێرەدا عەزیز لە خەیاڵی دا، بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە ڕووی کردە دایکی و گوتی:

- قسەیەکی خۆشم پێیە بۆتان!

تریفە هەستایە سەر پێ و بە شەوقێکەوە گوتی:

- دەی تو خوا زوو بیڵێ، با قسەیەکی خۆشیش ببیەین، خۆ تاڵی بە بالامان براوە، هەر لە دڵەکوتێ و دڵەخورپێدا بین! زارەترەک بووین بە دەست دەنگوباسی ناخۆشەوە.

ئەمەی گوت و بە پەرۆشەوە چاوی بڕیە دەمی مێردەکەی بزانێ ئەم قسە خۆشە چییە کە بۆی هێناون؟

دنیا خۆی گەرم بوو، تینی ئاگری مەنجەڵ و سەماوەریش دەموچاوی تریفەی وا سوور هەڵگەڕاندبوو، ئەوەندەی تر جوان بووبوو، ئارەق

بە لاجانگ و سەروملیدا هاتبووە خوارەوە، دەست و پەنجە ناسکە جوانەکانی بە خەڵوز و ئاگرکردنەوەوە هەندێ ڕەش بووبوون، بەڵام ڕەشییەکە بە دەست و پەنجەیەوە ئەوەندە جوان بوو، دەتگوت خەنەیان پێوەیە! تریفە بە پشتی دەستی پرچ و ئەگریجە جوانەکەی لادا و بە مێردەکەی گوتەوە: دەدەی تو خوا زوو قسە خۆشەکە چییە پێمان بڵێ؟ مێردەکەشی کە وەکو مەست چاوی لێ بڕیبوو گوتی:

– قسەکەم، وەڵڵا لە بیرم چووەوە، بە ڕاست باسی چیم دەکرد؟ خەسوو و بووک دەستیان کرد بە پێکەنین. عەزیز گوتی:

– ها بیرم کەوتەوە، دامان ناوە سەیرانێک بکەین. بۆ دوو سێ ڕۆژێک بچینە ئەزمڕ و قووڵەڕەش و ئەو ناوە.

شەمسەی دایکی ئیشەکەی دەستی دانا و سەری هەڵبڕی و سەیرێکی کوڕەکەی کرد و بە دەنگێکی مەلوولەوە گوتی: خۆزگە حەمە گیانیشمان لەگەڵ دەبوو، بەبێ ئەو خۆشیی لێ نابینم! ئەوە ناکرێ ئەویش بێت؟

عەزیز گوتی:

– جارێ بێدەنگ بن و باسی مەکەن لای کەس، تەنانەت بە خولەش مەڵێن تا ڕۆژی خۆی.

عەزیز ئەم قسانەی کرد و بە پەلە گەڕایەوە لای هاوڕێکەی، دوای ئەوەی بە دایکی گوت کە زوو نانیان بۆ تێ بکات برسییانە، تریفە ڕووی کردە خەسووی و بە ماتییەکەوە گوتی:

– پووری گیان! بە خوا لام وایە کە دیسان کۆبوونەوەیان بە دەستەوەیە، سەیرانی چی دەکەن لە ئەزمڕ و ئەو ناوە؟ خۆ جگە لە هاتوچۆکەری زۆری ئەو ڕێگە و بانە، "ئەزمڕ" هەر خۆی مەخفەرێکی پۆلیسی لێیە، ئەمە چۆن دەبێت؟ چۆن دەبێ خەڵکی وەکو ئەمان شتی وا بکەن؟ ئەوە سەیران نییە، دوور لە سەری ئەوان، خۆبەگرتندانە! هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

"تو خوا پووری گیان مەهێڵە، با نەچین."

خەسووی بە زەردەخەنەوە گوتی:
- ئۆهـۆو... لەو هەمـوو شـاخ و داخ و هەوراز و نشـێوەدا پـۆلیس لە کوێ دەیاندۆزێتەوە! ئەمـانیش دەزانـن چـی دەکەن، خـۆ هەروا نـاڕۆن، شـارەزای شـوێنەکانن، ئەمە یەکەم سـەیرانیان نیـیە، تـا ئێسـتە زۆر سـەیرانی وایـان کـردووە کەسـیش پێـی نەزانیـون، بەقوربـان، ئەوان بێجگە لە شارەزایی خۆیان، لەو دێهاتانە خەڵکیشیان هەیە.

هەشت نۆ ڕۆژێک بەسـەر ئەم قسـانەدا تێ پەڕی، بەیـانییەک شـەمسـە خان لە خەو هەڵسا و خەڵکی ماڵەکەی خەبەر کردەوە و خێرا کەوتنە خۆکۆکردنەوە، بۆ ئەوەی بەر لە هەتـاوکەوتن لە شـار دەربچـن. خـولە و ڕەحمانی ئۆتۆمبێلچی پەلاماری کەلوپەلەکانیـان دا و خسـتیانە سـەر پاسەکە و بە گوریس بەستیان و خۆیان سوار بوون و بـانگی ئەوانـی دیکەیـان کـرد، تـریفە بە سـەروپۆتەلاکی خەواڵووەوە کوڕەکەی گـرتە باوەشـی و عەزیـز و دایکیشـی هـاتن و هەمـوو سـوار بـوون و پـاس کەوتە ڕێ.

شـــار هێشـــتا کـــپ و بێـــدەنگ بـــوو، جـــگە لە گـــرمەی پـــەرەمێـــزی نانەواخانەکـان، شـەقام و کۆلانەکـانیش چەنـد عەمەلەیەکـی بەسـەزمان نەبێت کە خەریکی گسـکدانی بـوون، کەسـی دیکەیـان پێـوە نەبـوو. لە شـار دەرچـوون و گەیشـتنە پێچەکـانی ئەزمـڕ، ئینجـا ڕۆژهەلات. لای چێشتەنگاو گەیشـتنە شـوێنێک، لە پەنـای گردێکدا پاسـەکە ڕاوەسـتا و دابەزین و شتەکانیان داگرت و پاسەکە گەڕایەوە، هەریەکەیان کۆڵێکی هەڵگرت و تریفەش کوڕەکەی، دوای ماوەیەک ڕۆیشتن، تریفە هاواری لێ هەستا، هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو، ئـارەق بەدەم و چاویـدا دەهـاتە خوارەوە و لە جێی خۆی لێی دانیشت و گوتی:
- چیم لێ دەکەن؟ ئیتر ناتوانم سەربکەوم!

مێردەکەی ئـۆفێکی درێـژی کـرد و کـۆڵەکەی خـۆی دانـا و دەموچـاوی سڕی و گوتی:

- به خـوا هەقـتە، منـیش هـیلاک بـووم! ڕووی کـردە دایکــی و بە زەردەخەنەوە گوتی: ئەرێ دایە ئەم کۆڵەی من چیی تیایە وا قورسـە؟ دایکــی خیــزەی ســنگی دەهــات و زۆر هێــواش دەڕۆیشــت، بەدەم هەناســەبڕکێ و کــۆکەوە گــوتی: کــوڕم، ئەی چەنــد ڕۆژێــک لەم دەشـتودەرە چـی بخـۆین؟ خـۆ بـازاڕ و دوکـانی لـێ نییە بنێرین شـت بکڕین، بە تایبەتی کە تۆش دەڵێیت دوور دەبین لە ئاوایی!

خولەش کە لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، کۆڵەکەی دانا و پرسیی:

- کاکە عەزیز زۆرمان ماوە یان کەم.

عەزیز بە پێکەنینەوە گوتی:

- هێشـتا لە کـوێتە؟ دەبـێ سـەعاتێکی تـر بـڕۆین.. شـوێنەکەی زۆر سەختە، بەڵام یەکجار ئەمینە و هیچ ڕێگەیەکی بەسەرەوە نییە کانی و ئـاوێکی زۆر خۆشـە، ئەوە دەچـین و دەیبیـنن، بـزانن چەنـد بە دڵتـان دەبێت؟ دایکی کە کۆکە و هەناسەبڕکێی نەما، گوتی:

- دەبوو نەهێڵین کاکە ڕەحمان بڕوات، نەختێ باری سووک دەکردین، وەی باوکەڕۆ...

عەزیز گوتی:

- خۆ خۆیشی حەزی دەکرد، بەڵام ئەی چۆن پاسەکەی لەوێ بەجێ بهێشتایە؟ پۆلیسێک، ڕێبوارێک پاسەکەی بدیایە، دەیزانی کەوا خەڵک هاتوون بۆ ئەم ناوانە.

عەزیز قسەکەی درێژە پێ دا و گوتی: ئێسـتە بـرادەران لەوێن، ئەگەر بزانن، دێن بۆ یارمەتیمان.

تـریفەش کەوا سـەرکەوتن بەو شـاخە سـەختەدا بە منـاڵێکەوە وای لـێ کردبوو دەست بکا بە گریان، لە دڵی خۆیدا هەر دەیبۆڵاند و دەیگوت: "ئەمە سـەیرانە یـان ڕۆحکێشـان؟ وەڵـڵا سـەیران هەر دەبـێ وا بێـت! ئینجا بۆچی ئێمە چیمان وەکو هیی خەڵکە تـاکو ئەمەمـان وەک ئەوان بێـت؟" هەرچۆنێـک بـوو، بە مانـدوێتی و ئارەقڕشــتن و بۆڵەبـۆڵێکی زۆرەوە بە شــاخەکەدا هەڵــگەڕان و داکشــانە ئەودیــوی و لە دوور

تارمـــایی چەنــد کەســێکیان لـێ دەرکەوت، عەزیــز کە دینــی، کەوتە هـــاواری هاوڕێکـــانی. بەر لە هەموویـــان حەمەی بـــرای گەیشـــت و پەلامـاری بـرازاکەی دا، هاوڕێکانیشــی کـۆڵ و بـاری ئەوانــی تریـان پەلامار دا و بە دڵی خۆشەوە بەرەو خوار بوونەوە، بەڵام هێندەی پێ نەچـوو خشــە و تەقەی نـاڵی وڵاخیـان گـوێ لـێ بـوو، کە لە دار و درەختی دەوروبەریانەوە دەهات، هەموو لە جێی خۆیاندا وشک بـوون کە دییـان لە پێچێکـدا سـەری دوو پۆلیسـی سـواری دەرکەوت! بەڵام گــورج عەزیــز ڕاپەڕی و لە دوورەوە ســـەلامێکی لـــێ کــردن و بە ڕوویەکی خۆشەوە لێیان چووە پێشەوە و وەک یەکێکی ناسیاو چۆنی و چاکیی لەگەڵ کردن! یەکێک لە پۆلیسەکان گوتی:

وا دیارە هاتوون بۆ سەیران؟ چۆن ئەم شوێنەتان دۆزییەوە؟ جێیەکی خۆشە، بەڵام ڕێگەکەی سەخت و ناخۆشە، بۆیە کەم کەس دێتە ئێرە.

عەزیز بە پێکەنینێکی دەستکردەوە گوتی:

- ئەوی ڕاسـت بێـت، ئـێمەش زۆر هـیلاک بـووین، بە تـایبەتی مـاڵ و منالێیشمان لەگەڵە، بلێین چـی وەکو دەڵێن (میـوان کەری خـانەخوێیە). ئێمەش میوانی کوێخا حەسـەنی مەلا سمایلین، ئەو بۆ ئێرە دەعـوەتی کردووین.

لە مـــاوەی ئەم بە قســـــەوە خەریککـــردنەی پۆلیســـەکاندا لە لایەن عەزیزەوە، هەموو ئەو برادەرانەی کە لە خۆیان دەترسان، لە پەنـا دار و دەوەنی دەوروبەریاندا خۆیان ون کرد، بە تایبەتی حەمەی برای کە هەر زوو خۆی گەیاندە پەنایەک.

عەزیـز پـاکەتە جـگەرەکەی بـۆ پۆلیسـەکە ڕاگـرت و گـوتی: فەرمـوون جگەرەیەک بکێشن!

یەکێکیان گوتی: سوپاس من سیغار دەکێشم، بە جگەرەی وا دەکۆکم.

ئەوی دیکەیان گوتی: من جگەرە هەر ناکێشم، سوپاس!

شەمسە خان کە لێرەدا گەیشتبووە لایان، گوتی:

ئەوە ئۆغر بۆ کوێ دەچن؟ بۆ دانابەزن و تۆزێ لە لامان بن؟

پۆلیسەکەی پێشەوەیان گوتی: وەڵڵا باصی دەورییەین، ئیشمان هەیە، نابێ دابەزین.

شەمسە ویستی تۆزێ خۆی گێل بکات، بە خۆشییەکەوە گوتی:

– ئۆخەی، ئەو ترسەشم نەما، هەر بیرم دەکردەوە کە دوور نییە شەو لە ترسا خەو نەچێتە چاوم، بە ڕاستی دەبێ بە شەو ئێرە زۆر بەسام بێت، بە ڕۆژ خەڵک دەترسێ نەخوازەڵڵا بە شەو. ئینجا ڕووی کردە پۆلیسەکان و پرسیی: تۆ بڵێی بە شەو گورگ و مورگ نەیەتە سەرمان؟

پۆلیسەکان دایانە قاقای پێکەنین.

عەزیز هەر زوو قسەکەی دایکی قۆستەوە و گوتی:

– ئەوە بە ڕاستە دایە؟ ئەی ئەو چەکدارانەی کوێخا حەسەن چین؟ هەر کێ دەوێرێت بە شەو توخنی ئێرە بکەوێت!؟

یەکێک لە پۆلیسەکان گوتی:

دادە، کە میوانی کوێخا حەسەن بن، خەمی هیچتان نەبێت. بە ڕوویەکی خۆشەوە خواحافیزییان کرد و کەوتنە ڕێ... تا لە چاو ون نەبوون، کەس ورتەی لە دەمەوە نەهات. ئەوجا شەمسە کێشای بە خۆیدا و گوتی: ئەیەڕۆ! بە کۆی زووخاڵ بن، خۆ دەڵێی موویان بۆ هەڵدەکڕووزێنی، قەت لە دەستیان نەجاتمان نابێت، بە مەرقەدی حاجی کاکە حەمە، کە چاوم بە سەروکەللەیان کەوت، خەریک بوو دڵم ڕاوەستێت! ئۆهـ سەریان بە بڕین چێ.

عەزیز گوتی:

– نە دایە، وا مەڵێ گوناحە، ئەمانە ساویلکە و فەقیرن، بە تایبەتی پۆلیسی سوارە هەر خەریکی ورگی خۆیان و ئالیکی وڵاخەکانیانن، ئیتر هەقی هیچی دیکەیان نییە، جگە لەوەش، هەموو خەڵکی دەوروبەری ناچەی خۆیانن و زۆریان هەر ئەلفوبێش نازانن، چاوت لێ بوو کە ناوی کوێخامان برد چۆن گەشانەوە! دەتگوت خەڵاتیان

دەکەین، ئەوانەی ناوشار خراپن ئا، بە تایبەتی ئەمنەکانیان. ئیستێکی کرد و گوتی:
- بە خوا دایە، ئەگەر هەقت دەوێت، تەنانەت لەوانیشدا ئینسانی چاک هەیە. شەمسە خۆی گورج کردەوە کە بڕوات و گوتی:
- کوڕە تۆ دەڵێیت چی؟ بەو خوایەکەمە ئەمانەشیان کە تۆ بە باشی دەزانی، بۆ "خەتێک" خەبەر لە باوکیشیان دەدەن! ئیتر تۆ چی دەڵێیت بیڵێ، هەر بە ئەمری خوا ڕەزایان گرانە و ڕەزایان مرێ.
کەوتنە ڕێ و گەیشتنە لای جەماعەت، ئەوانیش هەندێکیان شڵەژابوون، چونکە لەژێر چاودێریی حکومەتدا بوون و پۆلیسخانە باش دەیزانی کەوا خەریکی کوردایەتین، بەڵام بۆ ئەوەی باشتر شارەزای چالاکییەکان ببن و ناسیاو دۆست و هاوکارەکانیان بناسن، خۆیان لێ مات کردبوون بۆ ئەوەی لە هەلێکی باشدا هەموویان بگرن! دوای پشوودانێک، شەمسە و بووکێ قۆڵیان لێ هەڵماڵی و کۆڵ و بارەکەیان بردە لای ژنەکانی تر کەوا خێزانی برادەرانی حەمە و عەزیز بوون و لە پێش ئەمانەوە گەیشتبوونە جێ و لە ژێر سێبەری شاتوویەکی زۆر گەورەی لقوپۆپ فراواندا ڕایەخ و لاکێشیان داخستبوو، یەک دوانێکیان لانکە و بێشکەشیان هێنابوو، لە نزیکیانەوە کانییەکی دڵگیر هەڵدەقوڵا، لە دەوروپشتی، قاپ و مەنجەڵ دانرابوو و لە لاوە سەماوەر گیزەی دەهات، چەند شووتییەکی گەورە و بەرچنە میوە خرابوونە ناو کانییەکەوە، چەند بوتڵێ ئارەق و شەراب و خواردنەوەی دیکەش لە ناو ئاوەکەدا ڕیز کرابوون بۆ چاوبەستی ڕێبوار و خەڵکی غەریب کە وا بزانن بۆ سەیران و ئارەقخواردنەوە و کەیف و ڕابواردن هاتوون. لە ڕاستیدا تا گەڕاشنەوە، سەری شووشەیەک نەکرایەوە! لای ئێوارە پیاوەکان کەوتنە خۆیان، پاچ و خاکەنازیان گرت بە دەستەوە و دوو شوێنیان تەخت و خۆش کرد، یەکێک بۆ دانیشتن و نوستنی خۆیان و یەکێکیش بۆ ژن و مناڵەکانیان، کەلوپەلیان گواستەوە ئەوێ.

ژنەکـان دوای ئەوەی لە ئیشـەکانیان بـوونەوە، بـۆ خۆیـان لە دەوری سـەماوەر دانیشـتن. مانگەشـەوێکی زۆر خـۆش بـوو، دەوروبەریـان کشومات بوو، ئەوە نەبێ کە لە ئاوایی دوورەوە حەپەحەپی سـەگ و جارجارەش زەڕەی کەر دەهات، لە دەوروبەری کانی و جۆگەلەکەش بۆق کردبوویان بە ڕۆژی خۆیان. منداڵەکان لاڵ و پاڵ لێی کەوتبوون، ژنەکـانیش کەوتبـوونە قسـە و بـاس و دەنکەکـوولەکە قرتانـدن و وەنەوزدان.

لە ژنەکاندا دوو خوشکیان تیادا بوو کە شوویان بە دوو برا کردبوو کەوا لەگەڵ حەمە و عەزیز هاوخەبات بوون، هەروەها خەسووشیان لەگەڵ بوو، یەکێکیان دوو منداڵی بەرودوای هەبوو، ئەوی دیکەشیان کچێکی دە ساڵی هەبوو، هەروەها زێڕین و غەفووری خانەخوێی حەمەش لەگەڵ منداڵەکانیان هاتبوون. ژنێکی تریش بوو، ئەو هەر خـۆی و مێـردی هـاتبوون، ژنەکە عـومری چـل سـاڵ دەبـوو، گورجوگـۆڵێکی ڕێکوپێـک و بەڕەحـم دیـار بـوو، سـەر و دیـمەن و جلوبەرگی سەرنجی ڕادەکێشا، لەگەڵ ئەوەشدا بە گورجی پەلاماری ئیشـەکانی دەدا و نەیدەهێشت منداڵدارەکان هیچ بکەن، دەیگوت ئێوە بڕۆن بە لای منداڵەکانتانەوە با نەگرین! ئەوەندە بەکار بوو، هەر زوو کرا بە کەیبانوو و کەوگیربەدەست و شت دابەشکەر، شەمسە خان کەوتە مەتحکردن و دووعای لەشساغی بۆی گوتی:

– لە دنیادا قینم لە بەشبەشە، زۆر ناخۆشە، حەز دەکەم هەموو ئەهلی ماڵەکە بێن و بە جارێک نانەکە بخۆن و هەستنە سەر پێ! کە هەر کەسـە لە کونێکەوە دێتە دەرێ، ئینجا وەرە سـەرلەنوێ بچۆ بە لای مەنجەڵ و کەوچکەوە...

خەسـووی دوو خوشـکەکە کە نـاوی ئاسـکۆڵ خـان بـوو، سـەری ڕاوەشاند و گوتی: داخی بەشبەشکردن هەر لە دڵی مندایە، بەو خوایە هەندێ جار کوڕەکان بێقەزا بن دێنە سەرم لە ناو جێ دەرم دەهێنن و دەڵێن: ڕەفیقمان لەگەڵە، هاتووین بزانین چیمان هەیە بیخۆین!

شەمسە بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە دەستی دا لە سنگی و گوتی: وەی ئینجا بۆ پێیان نالێیت بڕۆن بە ژنەکانتان بڵێن؟ تۆ بۆچی هەڵدەستیت؟ ئاسکۆڵ خان وەک لە خوای ویستبێت، هاتە نزیک شەمسەوە و سەیرێکی ئەملا و ئەولای کرد و لە ژێرەوە دەستی گوشی و سەری لێ هێنایە پێشەوە و بە چرپە گوتی:

- ژنەکانیان دەڵێیت؟ ئۆ خوا نەکا، بەو خوایە... ئەگەر بە تەمای ئەوان بن، بە برسێتی دێن و دەگەڕێنەوە، کوڕەکان بەو هیلاکی و ماندوویێتییە دێنەوە، هێشتا ئەمان ئیش بەوان دەکەن... بە خوشکی خۆم بڵێم، ئەو ڕۆژە نەخۆش بووم و لە جێدا کەوتبووم، ئاگام لێ بوو فەرەیدوون دایکەکەی بمرێت، هاتەوە و گوتی:

- ئەرێ گێلاس گیان هیچ هەیە بیخۆین؟ ئاسکە خان کێشای بە سنگی خۆیدا، ئینجا بە چرپە گوتی:

- ئۆهـ خۆزگە ئاگات لێ دەبوو کە ئەو ژنە چیی پێ کرد... شەمسە کە زانیی ژنە زۆر دڵی پڕە و بە زوویی لە داخی دڵهەڵڕشتن نابێتەوە، ویستی باسەکە بگۆڕێت نەوەکو بووکەکانی بزانن کەوا باسی ئەوانی بۆ دەکات و ببێتە ناخۆشی، بە تایبەتی کە هەموویان لە شوێنێک دانیشتوون، ئەگەرچی ئەوانیش لە لایەکی ترەوە خەریکی قسەکردن بوون و سەریان قاڵ بوو، بۆیە بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە ڕووی کردە ئاسکە خان و بە چرپە پێی گوت: گوێ مەدەرێ، ئەوە نازت بەسەردا دەکەن، ئەگینا بە تەنها بن و بزانن کەس نییە، دەبینی چۆن گورج دەبنەوە و هەموو مشورێکی خۆیان و مێرد و منالیان دەخۆن.

بەڵام وا دیار بوو ئاسکە خان ئەوەندە بەداخ بوو، ئەم قسانە هیچ دادێکی نەدەدا، هەر دەیویست لەسەر باسی بووکەکانی بڕوات، چونکە هێشتا شەمسە خان قسەکەی لە دەمدا بوو کە ئەو دەستی برد بۆ سەرودەسماڵەکەی و تۆزێ دەم و لێوی خۆی هێنایەوە یەک و بە ئەسپایی سێخوڕمەیەکی لێ دا و گوتی:

- گەورەکەیـان هەر باشـترە خوشـکێ! بچووکەکەیـان هەر ڕۆژی لـێ دەبێتەوە، عەبـا دەدا بە سـەریدا و بە کۆڵانـانەوەیە، ئەو دوو منداڵەشـی بەسەر من و خوشکەکەیدا بەجێ دەهێڵێت.
شەمسە خان کاتێ بە خۆی زانی کە ئەویش تێکەڵی باسـەکە بووە و هەر ئەیەڕۆ و ئـۆف و ئـاخیەتی. پرسـیاری لـێ دەکـات و بـۆی دەسـەنێتەوە: ئەی ئـاخر کەس پێـی ناڵێـت ئەوە دەچیـتە کـوێ؟ چـی دەکەی؟ ئەی منداڵەکانت؟ ئیشی ماڵەکەت؟ هەر هیچ نەبێت ژوورەکەی خۆت و جلی خۆت و منداڵ و مێردەکەت؟ چۆن دەبێ ژنی خاوەن مـاڵ و منداڵ ئەوەندە کۆلانکوت بێ؟
ئاسکۆڵ خـان نەرمەکۆکەیەکی کـرد و دەسـتی گـرت بە لادەمیەوە و گوتی: ئینجا وا لێشم پرسی، بۆچی پێم دەڵێت؟ بە خوا کە هاتیشـەوە ماڵێ، وەکو دز توورەکە و کیسەکانی دەخاتە ژێر عەباکەی و یاڵڵا بۆ ژوورەکەی خـۆی، کە دوایـیش لێـی دەپرسـم، دەڵێـت: "هـیچ نەبـوو ئامۆژن، ئەوە کراسـەکەم بوو، بردمەوە بۆ سـەر عاسمە خـان، باش نەیــدرووبوو." خوشـــکێ دەمێکـــی پێـــوەیە و بڕوبیـــانووی وا حازربەدەسـتی هەیە، سـەدی وەکـو مـن دەبـاتە سـەر ئـاو و ئاویـان ناداتێ و دەیانهێنێتەوە!
شەمسە گوتی:
- دەی گــوێ مەدەرێ، جەهــێڵن، ســەر و دڵیــان گەرمە و حەز لە چـــوونەدەرەوە و گەڕان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشـــدا هەر کەســـە و تەبیعەتی خۆیشی کەوتووە، ئافرەتی وەها هەیە حەز لە چوونەدەرەوە ناکـات، هەشـە تـاقەت نـاگرێ لە ماڵـدا، ئیتـر بە قوربـانی خـوا بـم هەرکەسـەی بە جۆرێـک دروسـت کـردووە! تـۆ هەر دووعـا بـکە کە کوڕەکانمان لە چەپۆکی دوژمن بەدوور بن و خوا خراپتر نەدا!
ئیسـتێکی کـرد و گـوتی: "ئەگەر ڕاسـتت ئەوێ، ئاسـکۆڵ خـان، بە لای مـنەوە ئەو نەوعە ڕووداوانە بـۆ ناومـاڵ و خێـزان تـرش و خـوێ و

ئاڵەتن! ئەگەر ئەم وردەهەڵەشەیی و قڕە و دەمەتەقێیانەی تیا نەبێت، ژیان زۆر سادە و سڕ و بێدەنگ دەبێت کە ئەوەش خۆش نییە.."

ئەمان لەم قسانەدا بوون کە ئەوەندەیان زانی یەکێک بە سینییەک چاوە گەیشتە لایان و بۆی ڕاگرتن و بە دەمێکی هەراشەوە گوتی:

- "فەرموون چای تازە بخۆنەوە هەر ئێستە دەمی کێشاوە." ئەمانیش قسەکەیان بڕی و هەرکەسەیان پیاڵەچای خۆی هەڵگرت و کچەش بە ڕوویەکی خۆشەوە چوو بۆ لای ئەوانی تر. ئاسکۆڵیش چایەکی لای خۆیەوە دانا و لە ژێرەوە دەستێکی لە شەمسەوە ژەند و بە ئەسپایی گوتی:

- ئا ئەمەتا، چاوت لێ بوو چۆن دەڵێی ڕەشەبایە؟ ها سەیری دەم و قسەی کە خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنێ؟

شەمسە بە زەردەخەنەوە گوتی:

- ڕاستت دەوێ؟ من حەز لە خەڵکی وا دەمەهەراش و گاڵتەچی و ڕووخۆش دەکەم، خەڵکی مڕومۆچ و بێتینم خۆش ناوێ، هەندێ دەبینیت هەمیشە دەڵێی پاپۆڕەکەیان نوقم بووە.

ئاسکۆڵ بەدەم چاتێکدانەوە گوتی:

- ڕاست دەفەرموویت خەڵکی واش ناخۆشن، بەڵام نە واش و نە وەکو گێلاسی بووکیشم! ئینجا بە چرپە پرسی: "ئەی بووکەکەی تۆ چۆنە؟ ماشەڵڵا زۆر جوانە خوا لێت نەسێنێت."

- ماشەڵڵا لە عەزیزت بێ! ئۆهـ لە دەوری گەڕێم، تریفە هەر خۆی تریفەیە! بە خوا دەڵێی لە پەڕەی دڵمەوە هاتووەتە دەرێ، ئەوەندە کچی چاکە، زۆر جار بە پاڕانەوەی من نەبێت ناچێتە دەرەوە، هیچ تاقەتی گەڕان و چوونەدەرەوەی نییە.

شەمسە قومێکی لە چاکەی دا و گوتی: خوشکم تەبیعەتە تەبیعەت، هەر کەسە و تەبیعەتێکی هەیە!

***

پیاوەکـانیش، کە شـوێنەکەیان هەنـدێ بەینـی هەبـوو لەگەڵ شـوێنی ژنەکاندا، دانیشـتبوون خەریکی قسـە و باسـی خۆشـی خۆیـان بـوون، باســـی وەزعـــی وڵات و کاروبـــاری حیزبـــایەتی و نووســـین و بڵاوکـردنەوەی بەیاننـامە و ئەو جـۆرە شـتانەیان دەکـرد، هەروەهـا هەرکەسەشـیان بەسـەرهاتی خـۆی دەگێـڕایەوە کەوا چـۆن لە ژێـر چاودێریی ئەمندا بـوون و چۆن توانیویـانە خۆیـانی لـێ ڕزگار بکەن، هەندێ باسی ئەوەیـان دەکرد کە چۆن توانیویـانە چالاکیی سیاسی خۆیـان بە چەشنێک بکەن کە تـا ئێستە کەس شـوبهەی لـێ نەکردبن! یەکێک لە هاوڕێ بێ ژن وماڵەکانیان بە گەرمی باسی حاڵی خۆی بۆ دەگێڕانەوە، لەپڕ یەکێکیـان پرسـیی: ئەرێ بە ڕاست خـانمەکە چۆنە، ئێستـەش هەر بە تەمـایە کە بیهێنیـت؟ هەمـوو دایـانە قاقـای پێکەنـین، چـونکە هەریەکەیـان بە جۆرێـک حیکـایەتی هاوڕێکەیـانی بیسـتبوو. کوڕەکە کە ناوی وشیار بوو، دەستی دا بەیەکدا و گوتی:

- کـوڕە کـاکە! ئەوە مـن هەر هـیچ پێـی ڕاهـاتووم، ئێـوارە و ئێـوارە سـەرەتاتکێیەکم لـێ دەکـا، بەڵام دایـکە بەسـەزمانەکەمی هەر شـێت کردووە و خەریکە گەڕەکەکەی بۆ چۆڵ بکـات، تـا ئێستە چەند جار پێی گوتووم: "ئەرێ کوڕم، ئەوە نـاکرێ ئەم کەلاوەیەمـان بفرۆشـین و بچین لە گەڕەکێکی دوور ژوور و هەیوانێک بکڕین، بە خوا لە وزەمدا نەمـاوە! ئەم کـچە هەر بە تەواوی سەرشـێتی کـردووم، لە سـەرێکی تریشەوە بەزەییم پیایدا دێتەوە!" یەکێکی تر پرسیی:

- ئەرێ بە ڕاست کچی کێیە؟ من هێشتا نازانم، تو خـوا ئەگەر نەختـێ بۆمان باس نەکەی!

وشیار بە پێکەنینەوە گوتی:

- کوڕە باوکم بە خوا ئێستەش بە تەواوی نازانم چـارەی ئەو نەگبەتە چۆنە! ئەو کـچە خوشـکی فەرەجە شـەلە، هەر سـاڵێک لای مێـردەکەی بووە، مێردەکەی مردووە و هـاتووەتە لای ئەو بـرا خـوێڕییەی، جـا بـۆ نەگبەتی، هەر لە منالییشەوە ئێمە پێکەوە بووین، دراوسـێ و دیـوار بە

دیــوارەوە... باوکەکەیــان پیــاوێکی زۆر بەحــورمەت و فەقیــر بــوو، خەیاتی جلی لادێیی بوو، هەتیوەکەشی هەر لە منداڵییەوە خوێڕی و سەرسەری بوو، نە مەکتەبی تەواو کرد و نە کاسپیی کرد، دایم ئەو باوکەی بە دەستیەوە دەینالاند، ئەم کچەش هاوعومری من بوو، بەڵام برا خوێڕییەکەی لە ئێمە گەورەتر بوو، پاش ئەوەی ئەم پیاوە باشەی باوکی مرد، فەرەج هەر بە جارێ بەڕەڵڵا و خوێڕی بوو، بووش بە پیاوی ئەمن و خەبەری لە خەڵک دەدا.

هاوڕێیەکیان گوتی:

- کەواتە فەرەجە شەل هەروا بێناموس بووە؟

ئەوی دیکەیان لەولاوە بە دەنگێکی تۆزێ بەرز گوتی:

- ئێ ئاخری چی دەکەیت؟ کە باوکی وا بەحورمەت بووە و هەموو ماڵەکەشیان ماڵی باش بن، ئیتر بۆچی نایهێنیت؟

عەزیز هەڵی دایە و گوتی:

- وەڵڵا خراپ نییە، ئینجا نۆرەی خوشکی فەرەجە شەلمانە.

یەکێکی دیکە لەولاوە گوتی:

- وا دیارە ئەمە لە منداڵییەوە حەزی لێ کردووی؟

وشیار پێکەنیی و گوتی:

- بڵێم چی؟ ڕەنگە وابێت!

حەمە بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: کەواتە مەترسە، براکەی خەبەرت لێ نادات، خوشکی شەفاعەتت بۆ دەکات.

وشیار باوێشکێکی دا و دەستی برد بۆ سەر و ملی و گوتی:

- ئەو ڕۆژە هـاتبوو بە دایکمی گوتبوو "بە وشـیار بڵـێ ئەو شـەوەی میوانتان هەبووە، فەرەجی برام نـاوی هەموویانی نووسـی و چـوو لە ژوورەکەی خـۆی دانیشـتبوو، چـراکەی کوژانـدەوە و لەوێ سـەیری حەوشەکەتانی دەکرد، لە پاشان هاتە دەرەوە و کەوتە شتنووسین."

مێــــردی ژنە گورجوگـــــۆڵەکەی کە کرابـــــوو بە کەیبـــــانوو و کەوگیربەدەستی جەماعەت، پیاوێکی کامڵ و لەسەرخۆ بوو، ناوی

ئەحمەدی ئاسنگەر بوو، کە گوێی لەم قسانە بوو، دەستی دایە پاکەتە جگەرەکەی و گوتی:
– بە ڕاستی ئەم دنیایە شتی سەیری تیا ڕوو دەدا و بێویژدانیی زۆری تیادا دەکرێت، کە چەندەها خەڵکی بێگوناهی وەک ئەو کچە هەژارەی تیا دەکرێت بە قوربانی.
غەفوور کە وا دیار بوو خەیاڵی لای قسەی پیاوەکە نەبوو، لەو لاوە پرسیی:
– وەکو کێ کە بووە بە قوربانی؟
– چۆن؟ ئێستا ئەو کچە قوربەسەرەی باسی دەکەن، کەوا خۆی کچێکی زۆر باش و باوکی و هەموو ماڵەکەیان ماڵێکی باشن، تەنها ئەو برا ناپیاوەی کە بووە بە ئەمن، وای کردووە کە ئەوانیش بە ئاگری ئەوەوە بسووتێن و کەس نە زات بکا و نە ڕووی بێ کە داوای خوشکەکەی بکات! دە باشە ئەی ئەو کچە هەر خۆی وەکو وشیار دەڵێ لە عومری (پانزە شانزە)ساڵیدا دراوە بە شوو. لە ساڵێ کەمتر لای مێرد بووە و ئەوانەی هاوعومری ئەوان هێشتا لە مەکتەبن و خەریکی یاری و چاوشارکێن، ئەی گوناح نییە ئەم پێی بگوترێ بێوەژن کە تازە بە خێرێ عومری بیست یان بیستویەک ساڵە؟!
کاک ئەحمەد مژێکی دیکەی چاکی لە جگەرەکەی دا و لەسەرخۆ دووکەڵەکەی بڵاو کردەوە و گوتی:
– بە دینم لای من لەوە گوناهتر نییە، ئەو کچە نەگبەتە چی بکا؟ چ دەسەڵاتێکی هەیە بەسەر ئەو نامەردەی برایدا؟ یان چ دەستێکی هەبووە لە خراپیی ئەودا؟
وشیار بە ماتییەکەوە گوتی:
– منیش هەروا دەڵێم، بە خوا زۆر گوناهە، ئینسانێکی بەسەزمان و بێدەسەڵاتی وا بە گوناحی یەکێکی دیکەوە بسووتێ و تاوانبار بکرێت! بۆ بێوەژنییەکەشی، دەڵێی ئەوە لای دەرودراوسێ هەر بووە بە ناوی،

هەموو لە ناو خۆیاندا پێی دەڵێن کچە بێوەژنەکەی باجی خەجێ کە هەندێکیان مناڵی بچووکیان لە عومری ئەودایە.
هاوڕێیەکی تریان لەولاوە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:
- باشە ناوی چییە؟ وا دیارە خەفەتی بۆ دەخۆی!
وشیار گوتی:
- ناوی خاتووزینە، کەچی هەر بە "بێوەژن" بانگی دەکەن! ئەرێ وەڵڵا بەزەییم پیایدا دێتەوە، ئەی چی؟ حەمە لەوبەرەوە سەری ڕاوەشاند و بە زەردەخەنەوە گوتی:
- ئێ ئێ... ناوەکەشی چەن خۆشە!
ئینجا ڕووی کردە وشیار و لێی پرسی:
- باشە کاکە گیان، بەڵام مەسەلەکە هەر بەزەییە یا لە بەزەیی زیاترە؟
وشیار لەسەرخۆ گوتی:
- نە بابە، شتی تری چی!
هاوڕێیەکی تریان گوتی:
- هیی ئەم هەر بەزەییە، بەڵام وا دیارە هیی خوشکمان بەزەییە و شتی تریش.
یەکێکی دیکەیان لەو لاوە گوتی:
- وەڵڵا هەر لەوەم کەمە کاکە فەرەج بڵێ سەلام و عەلەیک و ئێوارە بڵێ سەری خوشکم دەدەم!
هەموویان بە جارێ دایانە قاقای پێکەنین.

دوو سێ ڕۆژ پاش گەڕانەوە لە سەیران، خوشکێک و ژنێکی پوورزای شەمسە خان کە ماڵیان لە کەرکووک بوو، هاتن بۆ سەردانیان، ئەمانیش زۆریان پێ خۆش بوو. ئەو چەند ڕۆژەی کە لایان مانەوە، شەمسە هەر بە دیاریانەوە دانیشتبوو. خۆشی و خۆشەویستیی خۆی بۆ دەردەبڕین، چونکە لە تەمەندا نزیک بوون

لەیەک قسە و باسی ناوخۆیان زۆر بوو، نەک هەر ڕۆژ، بە شەویش تا درەنگ هەر باسی کۆنیان دەکرد، لەو جۆرە قسە و ڕووداوانەی لە بیریان مابوو یا دەیانهێنانەوە بیری یەکتری، تریفەش زووزوو دەستی لە ئیشەکانی خۆی هەڵدەگرت و ڕای دەکردە لایان، زۆر قسە و باسەکانیانی لا خۆش بوو، گەلێک بە نوکتەکانیان پێدەکەنیی. شەوێک دیسان کەوا دانیشتبوون لە دەوری یەک و بۆ خۆیان قسەیان دەکرد، خولە ڕووی کردە پوورە میوانەکەی و گوتی:

- ئەرێ پوورە ئایشێ ئەوە تۆ ئێستاش هەروا ترسنۆکی و لە پۆلیس و عەسکەر دەترسی؟ بیرتە ئەو جارەی کە هاتین بچینە بەغدا بۆ سەردانی کاکە عەزیز کە لەوێ حەپس بوو، ئینجا شەو لە کەرکووک لە ماڵی ئێوە لامان دا، شەو تا بەیانی لەو گەرمایەدا لە حەوشە جێت بۆ ڕاخستین، دەترسای دەتگوت بەقوربانە، ئێرە باشترە لە سەربان، کابرای دراوسێمان موعاونی پۆلیسە نەوەکو بتانناسێتەوە؟

جەماعەت دایانە قاقای پێکەنین، پوورە ئایشێ بیسمیلای ڕەحمانی ڕەحیمێکی کرد و دوو سێ دووعای کرد و گوتی:

- ئۆهـ ڕۆڵە بچێت و نەیەتەوە، یا قەت نەیبینینەوە، وەی لە ڕێی خوادا مەیهێنەرەوە بیرم.. ئەی چۆن نەترسامایە، ئێوەیان بناسیایەتەوە (حەسەن و عەلیشیان) دەخستە ژێر چاودێرییەوە و دەیانگوت ئەمانیش لەوانن، دوور نەبوو هەر بشیانگرن. شەمسەی خوشکی گوتی:

- باشە ئەو پیاوە غەیبی پێ بوو کەوا بەو شەوە تاریکە بزانێ ئێمە کێین و چین؟ کە دیی خولە خەریکە قسە بکات، دەستی بۆ هەڵبڕی و ڕووی تێ کرد و پێی گوت:

- بەسە تو خوا ئەم باسە مەکە، بیبڕەوە، تا ئێستاش هەرچەند بیرم دەکەوێتەوە، توورە دەبم، ئەیەڕۆ چۆن خەڵک دەبێ ئەوەندە ترسنۆک بێت؟!

پوورە ئایشێ گوتی:

– چی بکەم دایکم، من دەترسم، بە دەستی خۆم نییە!
خولە گوتی:
– پووریّ گیان هەموو کەس دەترسێت، بەڵام خەڵک دەبێت غیرەت بخاتە بەر خۆی و ورەی خۆی بەهێز بکات، بە تایبەتی بەرامبەر بە هەندێ ڕووداو کە خەڵک سەربەرز دەکەن، نەک سەرشۆڕ.
پوورە ئایشێ گوتی:
– بەسە بەسە، قسەی وا بۆ من مەکە، تۆ خۆت وەها بە، هەقی منت نەبێ، من دەترسم و تەواو! هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین.
نزیک ئێوارە بوو، ئایشە خان و ئەوان چووبوون بۆ ماڵی کاکی، شەمسەش دانیشتبوو بە تەنها بیری لە حاڵی خۆیان دەکردەوە، لەپڕ لەدەرگادانی بێگانەیەک لە خەیاڵی دا، ئەمیش ناچارانە چوو بە دەنگیەوە. هەر دەرگای کردەوە، ژنێک بە عابا و پەچەوە کردی بە ماڵدا بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی فەرمووی ئەو بکات. شەمسە بەمە زۆر شڵەژا و قسە لە دەمیدا گیری خوارد. ژنە بەپەلەکە داگیرا و بە شپرزەیی بە شەمسەی گوت:
– تۆ شەمسە خانی؟
بێزەحمەت با بچینە ئەو ژێرخانە، ئیشێکی بەپەلەم پێتە.
شەمسە دەستەپاچە بوو، سەری سووڕ ما! بە تایبەتی کە سەروو قیافەتی ژنەی دی بەو ڕێکوپێکی و ڕازاوەییە، جلێکی کوردیی جوانی لە بەردایە، هەموو لەشی بریسکەی دێ، ژنێکی قۆزی لێوەشاوە. عومریشی لە دەوری چلوپێنج ساڵدا بوو، بە دەمێکی تێکەڵوپێکەڵ گوتی:
– فەرموون، بەخێر بێیت، خێرە ئینشاڵڵا و... بەدەم ڕۆیشتنەوە بەرەوە ژێرخانەکە لەم جۆرە قسانەی لەگەڵ کرد. کە چوونە ژێرخان، شەمسە فەرمووی لە ژنەکە کرد کە دانیشێت. بەڵام ژنەکە زۆر شپرزە دیار بوو. سوور هەڵگەڕابوو و ئارەق بە دەموچاویدا دەهاتە خوارەوە، بە دەستە خرپنە پڕ بازن و گۆ و ئەنگوستیلەکانی، دەموچاوی سڕی و گوتی:

– ساحێب فەرموو بیت، دانانیشم پەلەمە، دەبێ بگەڕێمەوە ماڵێ، من ناوم ئافتاوە، ئەمڕۆ نیوەڕۆ موتەرسەیف و مودیری پۆلیس و ئەوان لە ماڵی ئێمە لەسەر دەعوەت بوون، گوێم لە قسەیان بوو دەیانگوت کە سبەینێ لە بەغداوە مەئموورێکی گەورەی ئەمن دێت بۆ گرتنی خەڵکێکی زۆر و پشکنینی ماڵەکانیان، منیش هەر نەمزانی چی بکەم تاکو ژەهرەکەیان خوارد و ملیان شکاند، ئیتر خۆم پێ نەگیرا و بە پەلە هاتم کە ئاگادارتان بکەم، چونکە لە قسەکانی مودیری پۆلیس وا هاتە بەر گوێم کەوا کاکە عەزیزیش ناوی هاتبێت، ئیتر بە دووعا.. تا شەمسە خان گوتی چۆن و چی؟

ژنە هەر لە کۆڵانەکەش نەمابوو، شەمسە بە قسەکانی ژنەکە دڵی داخورپا و ڕەنگی هەڵبزڕکا و دەمولێوی وشک بوو، بۆ ئەوەی بووکەکەی وا نەیبینێت، چووەوە حەوشەکە، شڵپێ ئاوی دا بە دەموچاویەوە و قومێکی خواردەوە و سەرێکی دەرکی حەوشەی دا، کردیەوە و سەیرێکی کۆڵانەکەی کرد و هاتەوە ژووری و سەرکەوت بۆ هەیوانەکە، تریفە لەو کاتەدا بە هەندێ پەڕۆ و کەلوپەلی مناڵەکەیەوە لە ژوورەکەی هاتە دەرێ، کە دیی خەسووی تێک چووە، بە پەلە هات بە پیریەوە و پرسی:

– پووری گیان ئەوە چیتە؟ بۆ ڕەنگت هەڵبزڕکاوە؟

شەمسە گوتی:

– هیچ نییە بەقوربان، هەروا لە خۆمەوە گێژ بووم.

تریفە گوتی:

– کە ئاسۆم دەنواند، گوێم لە دەنگی دەرگا بوو، بە ڕاست ئەوە کێ بوو! لێدانەکەی لە خۆمانە نەدەچوو؟

خەسووی بە شپرزەیی دەستی خۆی هەڵگلۆفت و گوتی:

– ئەوە ژنێک بوو بۆ ماڵێک دەگەڕا، پێم گوت کەس بەو ناوەوە لە کۆڵانەکەماندا نییە. ئەمەی گوت و دانیشت و پاش نەختێک لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئەوە خولە بۆ نەهاتەوە؟! ئینجا ڕووی کردە بووکەکەی و گوتی:
- نازانی ئەو حەواڵەبەخوایە چووە بۆ کوێ؟
تریفە بە حەپەساوی شتەکانی دەستی دانا و لە تەنیشتیەوە هەڵترووشکا و گوتی:
- تو خوا پووریێ گیان چی بووە؟ پێم بڵێ! هەر دەبێ شتێ قەومابێ، ئەگینا تۆ بە خۆڕایی وات لێ نایەت!
شەمسە کە دیی تریفە خەریکە ناڕەحەت دەبێ، بە زەردەخەنەیەکی کاڵەوە گوتی:
- هیچ نەبووە بە سەری باوکت، مەشترسە هیچ نەقەوماوە، بەڵام دەڵێن گوایا سبەینێ ڕەنگە خەڵک بگرن!
تریفە ئەوەندەی تر سڕ بوو و پرسیی: کێ وای گوت؟
خەسووەکەی باسی ژنەکەی بۆ گێڕایەوە، تریفە چونکە هەر چەند مانگێک خورپەیەکی وا دەکەوتە دڵیەوە، بەم چەشنە ڕووداوانە ڕاهاتبوو، بۆیە ئەوەندە تێک نەچوو.
شەمسە وەکو بیر بکاتەوە، گوتی:
- ئەم ژنەم نەدیوە، نایەتە بیرم دیبێتم! بەینێکی دیکەش بیری کردەوە، ئینجا گوتی:
- ئێ ئێ... ئێستە هاتەوە بیرم! تۆ بڵێیت ئەمە ئەو نەبێت؟ تۆزێ ڕاوەستا و دوایی سەیرێکی بووکەکەی کرد و گوتی:
- بەو خوایە خۆیەتی، کەس نییە ئەو نەبێت!
تریفە بە کەساسی و پەرۆشییەوە پرسیی: کام ژن پووریێ؟ ئەوەی هاتبوو؟
خەسووی سەری بۆ لەقاند و گوتی:
- ئەگەر وابێ، بە ڕاستی ژنێکی مەرد و نەجیبە، ئەمە ژنی کەریمی میرزا ڕەسوڵە کە ئەو جارە باسم بۆ کردی، کەوا ساڵێ لەگەڵ حەمە و هاوڕێکانی چووینە سەرچنار بە بیانووی فەرششتنەوە، مێردی ئەم ژنەش لەوێ بوو، دەعوەتی کردبوو بۆ چەند مەئموورێکی حکومەت

که ئیشی پێیان بوو، لەگەڵ حەمە و ئەوان بوو بە دەمەقاڵیان، ئاغاش چوو چەند گەجەر و گوجەرێکی سەرسەریی پیاوی خۆی نارد بۆیان که گوایا له حەمە و ئەوان بدەن، وەڵڵا ئەمانیش نەیانکردە نامەردی یەک دوانێکیان خستنە ئاوەکەوە و بەربوونە گیانی ئەوانی دیکەشیان و تێروپڕیان لێ دان، ئینجا ئەم ژنە ژنی ئەو پیاوەیە، شەمسە دەستی دا بە سنگی خۆیدا و گوتی:

- هەی ئافەرین ژن، ڕووی باوک و دایکت سپی بێت... مێردەکەی زۆر دەوڵەمەندە، وەکو دەڵێن، هەموو دەوڵەمەندییەکەشی بە خۆنزیککردنەوە لە مەئموووران و دەعوەتکردنیان پێکەوە ناوە. ئەمەی گوت و جارێکی دیکەش کەوتەوە مەتح و سەنای ئافتاو خان، ئینجا دەنگی نزم کردەوە، وەکو بیەوێ کەس گوێی لێ نەبێ، نەوەک ئەو ژنە چاکە تووشی بەڵایەک ببێ، ئەگەرچی هەر خۆی و تریفەش بوون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە ئەسپایی گوتی:

- لە سەدا سەد بە دزییەوە هاتووە! ئەگینا مێردە نامەردەکەی هەر ئەوەیە کە گەوادی بۆ کاربەستەکانی حکومەت ناکات.

تریفە دەستێکی خستە سەر ڕوومەتی خۆی و بە ماتییەوە گوتی:

- ئینجا چووزانی ئەوەشیان بۆ ناکات؟

شەمسە گوتی:

- وەڵڵا کچم ڕاست دەڵێیت، ئێمە چووزانین؟ ئەمەی گوت و ڕاپەڕی و هەستایە سەر پێ و گوتی:

- ئەم قسانە فایدەی نییە، با بکەوینە خۆمان، ئێمە، ئاخۆ عەزیز لە کوێ بێت؟ دەبێ بچم بە کوڕەکان بڵێم و جواب بۆ غەفوور بنێرم کە ئاگایان لە خۆیان بێت. پەلاماری سەرپۆش و عەبا و پێڵاوەکانی دا، بەدەم خۆکۆکردنەوەوە هەندێ ئامۆژگاریی تریفەی کرد، ڕای سپارد و لێی دا چووە دەرەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- وا باشە بە پەلە خۆم بگەیەنمە کتێبخانەکەی فەرەیدوون، فەرەیدوون خەبەر بە هەموویان دەدات. دەی خوایە لەسەر تۆ،

شەمسە جوان خۆی پێچابووەوە و بە پەلە خۆی گەیاندە سەر جادە گشتییەکە. بەدەم ڕۆیشتنەوە چاویشی دەگێڕا بەشکو ئەمە خوایە خولە، یا ناسیاوێکی باوەڕپێکراوی چاو پێ بکەوێ، لە دڵی خۆیدا گوتی (دە بزانە ئەم ڕێکەوتە چەند نالەبارە! ڕۆژانی تر تا دەچمە ئەو دوکانە، هەر خەریکی خۆشی و چۆنی و جوابدانەوەی خزم و ناسیاوم، کەچی ئەمڕۆش دەڵێی دونیا بە قوڕ گیراوە، یەکێک دیار نییە). گەیشتە نزیک کتێبخانەکە و خەریک بوو بپەڕێتەوە ئەوبەر، قەرەباڵغییەکی لە بەردەمی کتێبخانەکەدا دی. سەری ڕاوەشاند و گوتی:

– دیارە کتێب و غەزەتەی تازە گەیشتوون! خەریک بوو نزیک بێتەوە، دوو ڕۆڵە ئەمنی بەدی کرد کە دەیناسین، یەکێکیان فەرەجە شەل بوو. شەمسە نائومێد بوو لەوەی کە بتوانێ خۆی بگەیەنێتە فەرەیدوون، بۆیە ڕووی کردە لایەکی تر و چووە دوکانی قۆندەرەفرۆشێکەوە، ساحێب دوکان هات بە پیریەوە و گوتی:

– فەرموو شەمسە خان، چاک بوو هاتی، پێڵاوی زۆر نەرم و چاکمان بۆ هاتووە، لەوانە بوو هەر زوو ژنان تەواوی بکەن، ئەگەرچی جووتێکم بۆ تۆ هەر هەڵگرتووە.

شەمسە خان گوتی:

– ئەوچاتر، عەمرت درێژ بێ، قاچم زۆرم ئەزیەت دەدا، دوێنێ لە ڕێگەی تەعزیەی ئەو ماڵە دوو سێ جار دانیشتووم، بەڵام تۆ جارێ فەرموو مەعمیلەکانت ڕایی بکە، من پەلەم نییە، سەیری جووتێکی جەهێڵانەش دەکەم.

دوکاندارەکە مەعمیلەکانی بە ڕێ کرد و بە پەلە هاتە نزیک شەمسە خانەوە و گوتی:

بزانم چیت بۆ هێناوم؟

شەمسە سەیرێکی ئەملا و ئەولای کرد و گوتی: هیچم بۆ نەهێناویت، تەنها ئەوە هەیە کەوا سبەینێ لە بەغداوە چەند مەئموورێکی ئەمن

دێـــن و خەڵکێکـــی زۆر دەگـــرن، نـــاوی عەزیـــز و ئەوانـــیش لە لیستەکەیاندایە.
دوکاندارەکە کە ناوی (تەها) بوو، تۆزێ سست بوو، ئینجا گوتی:
- بە ڕاستتە؟
شەمسە گوتی:
- ڕاستە، ئەی چی! ئیتر با من بڕۆم باشە، بزانە تۆش هەرچۆنێک بووە خەبەرەکە بدە بە فەرەیدوون، من نەمتوانی لێی نزیک بکەومەوە، دوکـانەکەی زۆر قەرەبـاڵغ بـوو. تەهـا بە شـپرزەیی دەسـتی خـۆی هەڵگلۆفـت و گـوتی: خەمـت نەبێ، هەر ئێسـتا دوکـانەکەم دادەخەم و دەڕۆم خەبەرەکە دەدەم بە هەمـوو بـرادەران کە زوو بکەونە خۆیـان. تەهـا کەوتە پەلەپەل، هەروا قوتـوو و موتـووی پـێڵاو بـوو دەیـدان بەسـەر یەکـدا، ڕای کـرد چـاکەتەکەی هێنـا و هەر هەڵپەهەڵپـی بـوو، شەمسە خان گوتی:
- ئیتر من خوا حافیز، دەگەڕێمەوە ماڵێ.
- باشە خوات لەگەڵ، بڕۆ خەمت نەبێ.
شەمسە خان هێشتا لە بەر دوکانەکەدا بوو، کە تەها قوتووی پێڵاو بە دەستەوە خۆی گەیاندێ و بە دەنگێکی نەختێ بەرز بانگی کرد:
- شەمسە خان مەڕۆ، قوتووە پێڵاوەکانت لە بیر چووە!
شەمسـە ئـاوڕی لـێ دایەوە و چـوو قوتـووەکەی لـێ وەرگـرت و بە ئەسپایی گوتی:
- باشە قوڕی کوێ بکەم بە سـەردا! هێشـتا مـن ئەوانـی کەم بەسـەردا کەوتووە، نازانم چییان لێ بکەم، وا ئەمەشی هاتە سەر. تەها بە نزمی و داماوانە گوتی:
- چـارم نییە، دەبێ ئەمـانەم لە کـۆڵ بکەیـتەوە تـاکو بە دڵنیـایی بچـم بەدوای هەموو برادەر و دۆستەکانماندا بگەڕێم و ئاگاداریان بکەم.
شەمسەش وتی وای لێ دەکەم. جارێکی تر خواحافیزییان لەیەک کرد و قوتووە پڕ نەشرە و کاغەزەکانی خستە بن هەنگڵی و خۆی باش بە

عەبـاکەی پێچـایەوە و بەرەو مـاڵ بـووەوە، هەر تـریفە دەرکـی بـۆ کردەوە، ئەم خۆی کرد بە ماڵدا. دی عەزیـز و خـولەش هـاتوونەتەوە، بەڵام هەردووکیـان ڕەنگیـان هەڵبزڕکـاوە، ئەویـش ڕووی کـردە کوڕەکەی و گوتی:

- تریفە پێی گوتی؟

عەزیز بە زەردەخەنەیەکی کاڵەوە گوتی:

- مـن لە نیـوەڕۆوە ئەم قسـەیەم بیسـتووە. هـیچ نیـیە، دڵـی خۆتـان ناڕەحەت مەکەن، مودیری ئەمنی بەغدا و بەسرە دێن، بێن و چاویـان دەربێت! دایکی کە هێشتا قوتووەکەی لە بن هەنگڵ بوو، بە کزییەکەوە گوتی:

- چۆن با بێت و چاوی دەربێت؟ بە خـوا هەمووتـان ڕاپێچ دەکەن و خواش دەزانێت چیتان بەسەر دەهێنن، تـا زووە بکەونە خۆتـان، بزانە چیتان هەیە کە ئەوان بۆی دەگەڕێن، تـا زووە لە بەردەستدا مەیهێڵن، خێراکەن خێرا! ئەمەی گوت و عەباکەی لە خۆی کردەوە و پێچـای لە قوتووەکەوە و گوتی:

- ئەمـانەش لە دوکـانی تەهـا بـوون، ئـاوڕی لە کـوڕەکەی دایەوە و پرسیی:

- خەبەرت نارد بۆ غەفوور و حەمە؟

- ئـاخر بـۆیە وا دوا کەوتـم، تـا دڵنیـا نەبـووم لەوەی کە حەمە دەربـاز بووە، نەهاتمەوە. هەرچەندە غەفوور خۆی هیچ مەترسیی لەسەر نییە، بەڵام ئەویـش هەر ڕۆیشـت، وا باشـترە. ئـێمە خەبەرمـان بـۆ هەمـوو بـرادەرانیش نـارد، چـۆن دەبـێ تەهـا نەیزانیبێـت؟ ڕەنـگە کە ئەوان خەبەرەکەیان بۆ بردبێت، ئەو لە دوکان نەبووبێت و چووبێتەوە مـاڵێ. دایکـی بە خەبەری دەربـازبوونی حەمە دڵـی کـرایەوە و بە عەزیـزی گوت:

- باشە ئەی تۆ چی دەکەیت؟

- چی؟ منیش حازرم. ئێوە هەر مەترسن و مەشڵەژێن. ئیتر هیچ نییە، ئینجا هەستا و بە پەلە کەوتە ناو کاغەزەکانی، هەندێکی دا بە خولە کە لە کووورەی حەمامەکەدا بیانسووتێنێت، ئەوانی تریشی خستە جانتایەکی بچووکەوە و دایە دەستی دایکی، ئەویش لای قوتووی قۆندەرەکەوە دای نا و پرسیی:

- چاک گەڕای؟ هیچ نەما؟

عەزیز گوتی:

- زۆر چاک گەڕام، باوەڕ ناکەم شتێکی دیکەمان لێرە هەبێت، خولە هەڵی دایە و گوتی:

- ناو کتێبەکان باش بگەڕێن، جاری وا هەیە خەڵک کاغەز و شتی وای دەخاتە ناوەوە و لە بیری دەچێت دەری بهێنێتەوە.

عەزیز گوتی:

- هەموو گەڕاوم، هیچ نەماوە. با تۆزێک تاریک دابێت، منیش بۆی دەردەچم.

تریفە بە پەرۆشییەکەوە گوتی:

- لەو دەترسم ماڵەکەمان لەژێر چاودێریدا بێت.

مێردەکەی گوتی:

- زۆر ڕاستە، بەڵام دووعا بۆ کۆڵانەکەمان بکە کەوا دایم زۆری دراوسێکانمان مەجلیسیان لە بەر دەرگایە، بێجگە لە شاتە و هاواری پوورە مەنیج بە دەست کوڕ و بووکەکەیەوە.

خولە گوتی:

- بە ڕاستی ئەو ژنە ناخۆشی کردووە، ماڵکاولە دەڵێی ڕادیۆی قووت داوە و دایم سەری کۆڵانەکەشی گرتووە، ئەو ڕۆژە یەخەی منیشی گرت و بە زۆر ڕای گرتووم باسی کوڕەکەیم بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن پارەی لەژێر سەری دەرهێناوە و بردوویەتی کردوویەتی بە قومار و ژن و مناڵیشی هەر ئەم بەخێویان دەکا.

عەزیز گوتی:

- ئەوەیە کە دەڵێن مسیبەتی هەندێ بۆ هەندێکی تر قازانجە! پوورە مەنیج دایم دەڵێی حەرەسی کۆڵانەکەیە.

***

دنیا بە تەواوی تاریک بوو، عەزیز کەوتە خۆی و هەندێ کەلوپەلی پێویستی کۆ کردەوە. تریفەش جاربەجار یارمەتیی دەدا و هەندێ جار کوڕەکەی هەڵدەگرت. ئاخری عەزیز چووە نزیکیەوە و دەستی کردە ملی و کوڕەکەی ماچ کرد و گوتی:

- خۆت ناڕەحەت مەکە، بە چی مەعلومە خەبەرەکە ڕاستە، ڕەنگە هەر بۆ ترساندن و شڵەژاندنی خەڵک خەبەری وا بڵاو بکەنەوە! تریفە فرمێسکەکانی خۆی سڕییەوە و بە هەنسکەوە گوتی:

- بڵێم چی؟ بڕۆ خوات لەگەڵ بێ و ئاگات لە خۆت بێ.

عەزیز چووەوە نزیکی و باوەشی پیا کردەوە، ئەمجا بەبێ قسە لە ژوورەکەیان هاتنە دەرێ. دیار بوو ئەویش دڵی پڕ بوو بۆ ژن و مناڵەکەی، بە تایبەتی کە دیی ئەو هەموو فرمێسکە وەک پلووسک لە چاوە جوانەکانی تریفەوە دێنە خوارێ، هەروەها مەراقی ئەوەشی بوو کە نەیدەزانی ئەم ڕۆیشتنەی ئێستە لای وایە کە ڕەنگە هەر بۆ شەوێک یا دوو شەو بێت، چیی بەسەر دێت و چۆن دوایی دێت یاخود ئەویش وەکو براکەی لێ دێ ناچار دەبێ کە هەر شەوە لە ماڵێک و لە کونێکدا خۆی بشارێتەوە. بەدەم ئەم بیرانەوە چووە لای دایکیشی و دەستی کردە ملی: بە ئەسپایی خواحافیزیی لێ کرد، دوای ئەوەی پێی گوت و فێری کرد کە ئەگەر هاتنە سەریان چی بڵێن و چی بکەن. خولەش کیسەکەی بۆ هەڵگرت کە دووراودوور لە پێشیەوە بڕوات. ئەوان گەیشتنە بەر دەرگا و پوورە ئایشێ و پوورە ئامین گەیشتنە بەر دەرگا و لووتیان بوو بە لووتی یەکەوە. پوورە ئایشێ بە ڕوویەکی خۆش و دەنگێکی هەندێ بەرزەوە گوتی:

- ئای ئەوە عەزیز گیانە؟ بە قوربانت بم ئەوە بۆ کوێ ئۆغر دەکەی؟

خولە جوابی دایەوە و گوتی:

– دەچین بۆ سەر دەعوەت. لە دوای دوو سێ قسەی سەرپێیی، عەزیز خواحافیزیی لێ کردن و بۆی دەرچوون. ژنەکان هاتنە ژووری، تریفە هەر کە گوێی لە دەنگیان بوو، چاوەکانی سڕی و خۆی خڵەفاند لە ژوورەکەیدا تاکو بێتەوە سەر خۆی، چونکە دەیزانی خەسووشی خۆی حازر کردووە کە شتەکان بەرێ، ناچار دەبێ ئەم بە دیاریانەوە بێت.

شەمسەش لەبەر دڵی ئەوان ڕووی خۆی خۆش کرد و بەخێرهاتنەوەیەکی گەرمی کردن و گوتی:

– زۆر باشتان کرد هاتنەوە، گەلێک بیرم دەکردن. ئەوە بۆچی ئەوەندەتان پێ چوو؟ لە دڵی خۆشیدا زۆر ناڕەحەت بوو و نەیدەزانی چییان لێ بکات! خۆ ئەگەر بەیانی ئەمن هات بۆ ماڵەکەیان، ئەوە ئایشێی خوشکی هەر زارەترەک دەبێت، چی بکات بە بیانوویەک، بیاننێرێتە شوێنێک، ناکرێ، ئەی چی، خۆ دەریشیان ناکات!!

پوورە ئایشێ عەباکەی داگرت و کەوتە باسی ماڵی براکەی کە چییان بۆ کردوون و چییان بۆ نەکردوون. شەمسەش گوتی:

– باشە منیش ئیشێکی بچووکم هەیە، تا ئەو ماڵە دەچم و هەر ئێستە دێمەوە. بانگی تریفەی کرد کە بێت بە لایانەوە و خۆیشی شتەکانی خستە ژێر عەباکەی و لێی دا ڕۆیشت، لە کۆڵانەکە هەندێک دووعا و ئایەتەلکورسیی خوێند، خوار بووەوە بۆ لای گەڕەکی شێخان (ماڵی خۆیان لە دەرگەزێن بوو). گەیشتە ئەو ماڵەی کە بۆ لایان هاتبوو، خانوویەکی قەدیمیی گەورە بوو، ماڵێکی گەورە و قەرەباڵغ، هەمیشە پڕ بوو لە هاتوچۆکەر و میوانی شارستانی و لادێی، بۆیە دەرگاکەی هەر لەسەر پشت بوو، ساحێبی خانووەکە ناوی شێخ حسەین بوو، زۆر پیاوێکی باش و بەحورمەت و بێدەنگ بوو بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی. زۆریش دڵی لای کوردە خەباتکەرەکانیش بوو، بە خۆشی و سەرکەوتنیان دڵخۆش و بە تەنگوچەڵەمە و ناخۆشییان دڵگیر و ناڕەحەت دەبوو، بەڵام هەر بە بێدەنگی و چییشی لە دەست بهاتایە،

بە دزیــیەوە یــارمەتیی دەدان. لەبەر ئەوە شەمســە خــان پێیــان فێــر بووبـوو و زۆر جـار شـتی وا قەدەغەی بـۆ دەبـردن، ئەوانـیش بۆیـان دەشاردەوە و چییشی لێ بوویستنایە، بۆیان جێبەجێ دەکرد.

***

شەمسە خان گەڕایەوە ماڵێ. بە مەراقێکی زۆر و دڵێکی ناڕەحەتەوە، بەڵام بە سـەرزاری و لەبەر خوشکی و ئەوان، خـۆی دڵخـۆش پیشـان دەدا، هەرچۆنێـک بـوو، ئەو شەوەشـیان بـردە سـەر و بەیـانییش دنیـا هەر کشـومات بـوو. بـوو بە ئێـوارەش نە کەس هـات بـۆ ماڵپشـکنین و گرتن و نە کەسیش لە دەرگای دا، چەند جارێکیش خولە چـوو سـەری دەرەوەی دا و گەڕایەوە و گوتی:

- هیچ نییە و برادەران لەسەر کار و کاسـپیی خۆیـانن، ئەوانیش هەر لە مەراقدان و چاوەڕوانن و نـازانن چـی دەقەومێت. شەمسـە خـان و بـووکی و خـوولە بە دزیـی میوانەکـانەوە هەر ورتەیـان بـوو، تـا دنیـا درەنگتــر دەبــوو، ئەوان زیــاتر دەبــووژانەوە و شــەویش تــا درەنــگ خەریکی قسـەی خـۆش و حەکـایەت و سـەرگوزەشـتەگێڕانەوە بـوون. ئەوجا هەر کەسە چووە سەر جێگەی خۆی بنوێت.

تریفە بە خۆشییەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت وەڵا عەزیـز ڕاسـتی کـرد وتــی: بــۆ شــڵەژاندنی خەڵــک ئەم قســانە بــڵاو دەکەنەوە. ئەوەتە ئەلحەمــدولیلا هــیچ نەقەومــا شــوکر. ئیتــر بە دڵنیــایی چــووە نــاو جێگەکەیەوە و لێی نوست. شەمسە خانیش شایەتمانێکی هێنا و چاوی لێک نا و هەر زوو پرخەی لێ هەستا.

شـەوگار نیوەی ڕۆیشـتبوو کە شەمسـە لەسـەر دەنگـی لێدانێکی زۆر قـایمی دەرگاکەیـان خەبەری بـووەوە و بە شـڵەژاوی خـۆی گەیانـدە دەرگاکە، تا گەیشتە ئەوێ هەر (ئێ ئێ وا هاتم، وا هاتم، ئەوە کێیە وا هاتم)ی بوو. ئـاخری دەرگـای کـردەوە و دیـی کۆمەڵێ پۆلیس لە بەر دەرگـا وەسـتاون و هەر سـەلکە و دێـتە پێشـەوە! بەر لەوەی ئەم دەم بکاتەوە، یەکێکیان هاتە پێشەوە و پرسیی:

- ئەمەیە ماڵی عەزیز بەکر؟

شەمسە دەستی برد بۆ سەر و سەرپۆشەکەی و بە دەنگێکی نیوەلەرزۆک گوتی:

- بەڵێ ماڵی ئەوە و من دایکی ئەوم.

- پۆلیسەکە وەک فەرمان دەربکا، گوتی:

- کوا خۆی؟ بانگی بکە؟

- وەڵڵا لە ماڵەوە نییە!

- چووە بۆ کوێ؟

- چووە بۆ کەرکووک.

- باشە ڕێگەمان بکە، ئەمرمان پێیە ماڵەکەتان بگەڕێین.

شەمسە بە زەردەخەنەیەکی تەوساوی و ڕقەوە گوتی:

- فەرموون. ئینجا بۆ بەم نیوەشەوە؟ خۆ ڕامان نەدەکرد، با بەیانی بوایە! ماڵ و مناڵی خەڵک دەتۆقێنن، خەڵک هەموو نوستوون!

یەکێکی دیکە لەولاوە گوتی:

- قسەی پێ ناوێ، ئەمری حکومەتمان پێیە!

شەمسە ڕێگەی بۆ کردن و لە دڵی خۆیدا گوتی (ئاخر حکومەت وەها پیاوەتی و دڵسۆزیی خۆی بەرامبەر بە خەڵک دەردەخات). کە ئاوڕی دایەوە، دیی خوولە لە پشتیەوە و تریفەش بە شپرزەیی لە هەیوانەکە وەستاوە. یەکێک لە پۆلیسەکان بە عەرەبی هەندێ قسەی کرد و ئینجا بە چرپەچرپەوە کردیان بە ماڵدا، پێش ئەوەی بگەنە ناوەڕاستی حەوشەکە، شەمسە ئامۆژگارییەکی عەزیزی بیر کەوتەوە، لە بەردەمی پۆلیسەکاندا وەستا و گوتی:

- منیش پێشەکی دەبێ ئێوە بگەڕێم!

یەکێک لەولاوە بە کوردی گوتی:

- شەمسە خان من، تۆفیقی موختارم، مەترسە منیان لەگەڵم، گەڕانی ناوێت.

شەمسە گوتی:

هەقم نییە بەسەر ئەوەوە کە تۆیان لەگەڵیت یا لەگەڵ نیت، من دەبێ بیانگەڕێم، چونکە دوور نییە کە خۆیان بەیاننامە و شتی وایان پێ بێت و بیخەنە ماڵەکەوە و لە پاشان هەڵی بگێڕنەوە بڵێن لێرە دۆزیومانەتەوە.

یەکێک بە عەرەبی پرسیی:

- ئەوە چی دەڵێت؟

موختارەکەش بۆی گێڕایەوە، ئەویش دیار بوو پێی گوتبوو قەیناکا با بمانگەڕێت. ئینجا یەکێ لە پۆلیسەکان هەردوو دەستی بەرز کردەوە بەرامبەر بە شەمسە و گوتی:

فەرموو بمگەڕێ بزانە هیچم پێیە؟

شەمسە هەروا بە ناچاری سەیری گیرفانی یەک دوانێکیانی کرد و دوایی بە ناچاری گوتی: بڕۆن! لە خۆشیدا گاڵتەی بە خۆی دەهات و دەیگوت "ئینجا خانم گیان، وا قەدەغەترین کاغەزیشیان پێ بوو، خۆ تۆ نازانی چیی تیادا نووسراوە، ئاخ خوێندەواری چەند خۆشە، خۆزگە خوێندەوار بوومایە. کابرایەک کە بە جلی ئەفەندییەوە لە پێشەوە دەڕۆیشت، سەیری خولەی کرد و ڕووی کردە شەمسە و پرسیی: ئەمە کێیە؟

- ئەوە برازامە هەر لە منداڵییەوە نەخۆشە. هەموو کەس دەزانێ.

کە گەیشتە پلیکانەکە، بووە غەڵبەغەڵبیان کە سەرکەون یا لە پێشدا بچنە ژێرخانەکان؟ ئاخری هەندێکیان سەرکەوتن و سێ چوارێکیان لە حەوشەکە ڕاوەستان.

پوورە ئایشێ و پوورە ئامین، کە لە ژووری پشتەیوانەکە لای شەمسە خان دەنوستن، لەسەر قسە و دەنگەدەنگ ڕاپەڕین، پوورە ئایشێ کە تەماشای جێگەکەی شەمسەی خوشکی کرد چۆڵە! بە پەلە خۆی گەیاندە لای پەنجەرەکەوە کە دەیڕوانی بە سەر هەیوانەکەدا. کە زەلامەکانی دی بە جلی پۆلیسییەوە، بە هەردوو چۆک دای بە سەری خۆیدا و گوتی:

– ئای باوکەڕۆ!! خۆ ئەوە پۆلیس و حکومەتن هاتوون!!
ئەمەی گوت و شالاوێکی برد بۆ ئامەی پوورزای و گوتی:
– لەڕێی خودا چیم لێ دەکەی؟ کچێ هەستە بزانە پۆلیس دارژاوەتە ماڵەکەوە!!
ئامین بەو ساویلکەیی و هیچنەزانییەی خۆیەوە، بە توورەیی لە دڵی خۆیدا گوتی:
– دە سەیرکە، ناڵێ ماڵە فەقیرەکە چییان بەسەر دێت، جارێ خەمی خۆیەتی! دە بڵێ هەمانەکۆن کێ هەقی بەسەر تۆوە هەیە؟ ئامین هەرچەندە خۆیشی شڵەژابوو، بەڵام لە ڕقی پوورە ئایشێ کەوا لە تامی دەرکردبوو، بێباکانە هەستا و خۆی کۆ کردەوە و گوتی:
– ئەیەڕۆ تۆ بۆ ئەوەندە دەترسی؟ ئینجا وا پۆلیس بوون؟ هەقیان چییە بەسەر ئێمەوە؟ هەردوو دەستی بەرز کردەوە و گوتی:
– ها ها ئێمە چیمان پێیە؟ دەڵێین میوانین و هاتووین سەریان بدەین؟!
پوورە ئایشێ هەر وەکو گوێشی لە قسەکەی ئەو نەبێت، خۆی دا بە ئەرزدا، دەتگوت لە نوێژدا سوجدە دەبات، دەمی چەقاندە ئەرزەکە و بە دەنگێکی تاساو وەک یەکێ شتێکی لە گەرووی گیرابێت، دەیگوت:
– یا کاکە ئەحمەدی شێخ! یا غەوسی بەغدا! یا ئیمام قاسم! یا ئیمام عەباسی سەرگەرم، سەبەتەیە نانی گەرمت بۆ بکەم بە خێر ئەم بەڵایەمان لێ لادەدەیت؟
ناوبەناویش دەیگوت:
– هەی ئاگرم تێبەربێت، دە بڵێ بە ملی شکاوم ئیشم چی بوو هاتم؟ ئەو هەموو وەختە نەهاتبووم، با ئێستەش نەهاتمایە! پوورە ئامین هەروا سەیری دەکرد و واقی وڕ مابوو، دوایی ناچار بوو ڕووی تێ کرد و گوتی:
– کچی دایکم کەس نایە بە لای تۆوە. ئاخر تۆ چیت کردووە؟ کێ تۆ دەناسێ؟ بێدەنگ بە، بە خوا ئێستە شەمسە بزانێت، هەر حەیات دەبات. ئەیەڕۆ بۆ ئەو کوڕە نازدارانەی خەفەت ناخوا، ئەو بووکە

جــوانەی کە دەڵێــی پەڕەی گــوڵە، ئەو هەمــوو لــۆزەنگەرە ڕژاونەتە ژوورەکەیەوە، ئەی ئەو بڵێ چی؟ ئاخر چی لە من و تۆ دەکەن؟
پــوورە ئایشــێ بە دەسـتی بـوایە، سـەری ئـامینی هەڵدەکەنـد، وازی لە دووعا هێنا و بۆی چوو و گوتی:
ئەوە چییـە وا خـۆت لە مـن کـرد بە ڕۆسـتەم و بە پیاوچـاک؟ دەمـت داخە و بەس بڵــێ! باوانــت شــێوێ و ســەرت لە قــوڕ نێیــت، چــۆن نەترسم؟ ئێسـتە نـاڵێن لە کوێـوە هـاتووی بۆ ئێرە؟ بۆچی هـاتووی و چی دەزانی؟
ئامینیش بە تووڕەییەوە لێی ڕاپەڕی و گوتی:
- ئۆهـ خوا هەقت لـێ بکـاتەوە، ئەوە چۆن دڵـت دێ لەبەر سـەری ئەو دوو کـوڕەم، بڵێیـت باوانـت شـێوێ و سـەرت لە قـوڕ نێیـت؟ یـا خـوا زەندەقت چێت، وەڵڵا دەسا ئێمەش دەگرن سا چی دەکەی بیکە!
بەم جۆرە کەوتنە مشتومڕ، ئەم دەیگوت و ئەو دەیگوتەوە.
***
پۆلیســەکان لە پشــکنینی ژووری نوســتنی عەزیــز و تــریفە بــوونەوە، بــوخچە و کەنتــۆر و کتێبیــان هەڵڕشــتبوو، هەمــوو شــتەکانیان بــڵاو کردبــووەوە و لە ژوورەکەدا خەریــک بــوون بچــنە دەرێ، یەکێکیــان دەســتی بــرد بــۆ چەکــمەجەی مێــزی تەوالێتەکەیــان کە لە نزیــک دەرگاکەوە بوو، ڕای کێشا، هەندێ متوموروو و ئەو شتانەی تیا بـوو، کابرا دەستی برد بۆ قوتوویەک و هەڵی بڕی بزانێ کاغەزێک شتێکی لە ژێردا نییە، لەپڕ گوتی:
- هــای هــای وەڵــڵا چــاکە! دەســتی بــرد ســنجاقێکی ســنگی گــرت بە دەستەوە و گوتی:
- زۆر چــاکە، ئەمەشــتان هەیە؟ دایە دەســت شەمســە خــان و لێــی پرسی:
- ئەمە هینی کامتانە؟ کێ هێناویەتی بۆ ئێرە؟
شەمسە موچوڕکێکی پیادا هات و لێوی خۆی گەست و لە دڵدا وتی:

- ئای قورِم بە سەر نەبێت! ئەمانەمان چۆن لە بیر نەبووە؟
ئینجا نەختێ خۆی گورج کردەوە و بە زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە گوتی:
- ئینجا بۆچی ئەو چۆلەکە بچکۆلەیە چییە؟
- ئەمە چۆلەکەیە خانم؟ یا کۆتری ئاشتییە؟ ئەمە مەمنوعە!
شەمسە خۆی گێل کرد و گوتی:
- ئینجا ئەوە خراپەی چییە؟ حەز دەکەی با کەڵەشێری ئاشتی بێ؟
شەمسە هات بە بیریدا کە بڵێ خولە دۆزیویەتیەوە، لە پاشان بە خۆی گوت نا، چونکە ئەو کورە دەگرن، باشتر ئەوەیە بڵێم خۆم دۆزیومەتەوە، کە گەیشتە ئەم بڕیارە، گورج گوتی:
- ئەوە جارێک چووبووین بۆ سەیرانی قلیاسان، خەڵکێکی زۆری لێ بوو، نزیکی ئێوارە خەڵک کەوتنە گەڕانەوە، بەڵام ئۆتۆمبێلچییەکەی ئێمە دوا کەوت، منیش چووم دەستنوێژ بشۆم لە گوێ ئاوەکە، ئەم چۆلەکەیەم دۆزییەوە، چووم لەو خەڵکەشم پرسی کە هێشتا نەڕۆیشتبوونەوە، هەموو گوتیان هیی ئێمە نییە. منیش دڵم نەهات فڕێی بدەم، دام بە بووکەکەم، چوزانم ئەمە کەڵەشێری ئاشتییە و هەڵگرتنی قەدەغەیە!؟
کابرا گوتی: وا دیارە مامۆستایەکی باش دەرسی داداوی! دایک، خۆ تۆ لای خۆت ژنێکی مسوڵمان و نوێژکەری، بۆ ڕاستی ناڵێیت کە ئەمە هیی کوڕەکەتە لە کۆبوونەوەی ئاشتیخوازەکاندا داویانەتێ؟
شەمسە وەختە بوو شەق بەرێ، بە دەستی بوایە، شەربە زلەکەی لایەوەی دەدا بە تەپڵی سەری کابرادا، (لە دڵی خۆیدا دەیگوت) دە وەرە هەزار نەعلەت لە باوکی حکومەتی وا مەکە! باشە بێشەرەفینە، خەڵک ئاشتیخواز بن و لە ئاشتی و برایەتیدا بژین و کۆتری ئاشتی بە دنیادا بسووڕێتەوە چاکترە یان شەڕ و دوژمنایەتی و دڕندەیی؟ چ خۆشییەکی تیایە! ئەو بەشەرە جوانە بە کوشت دەدەن و ئەو زەویوزار و دار و درەخت و خێر و بەرەکەتەی خوا داویەتی بە

ئینسان و ئەو شارستانێتییەی بە سەدان ساڵ پێک هێنراوە، بەو چەکە ترسناکانەی بازرگانانی شەڕ دروستیان کردووە، لەناو ببرێن؟
کابرا لە خەیاڵی دا و گوتی:
– زوو قسەکەت تەواو بکەی باشترە!
– قسەم پێ نەما، بەسەری تۆ لەوە زیاتر نازانم کە پێم گوتی، ئیتر باوەڕ دەکەن بیکەن، نایکەن کەیفی خۆتانە.
– باشە کوڕەکەت چووە بۆ کوێ؟ دوێنێ لە سەرا بینراوە!
– چووە بۆ کەرکووک، وا بزانم بۆ ئیشی مەحکەمە لەگەڵ مەعمیلەکانی چووە.
– مەعمیلەکانی کێ بوون؟
– من چوزانم!
– باشە، با ژنەکەی بێت پرسیاری لێ دەکەین.
– ژنەکەی نەخۆشە و ئەو هیچ نازانێت.
کابرای ئەفەندی گوتی:
– بۆ بە کوڕەکەت ناڵێیت بە ڕەحەتی دانیشێت و ئیسراحەت لە خۆی و ماڵ و منداڵی تێک نەدا؟ بە تایبەتی کە ئەو ژنە جوانەشی هەیە!
شەمسە هەستی کرد کەوا خەریکە خوێن لە سەر و دەموچاوی دەردەپەڕێ و بەدەم هەناسەبڕکێوە بە تووڕەیی گوتی:
– کوڕی من هیچی نەکردووە و من نەمدیوە هیچی خراپ بکات.
پۆلیس و ئەمنەکان زانییان فایدەی نییە لەگەڵ شەمسە، وەکو شتێکیش ئیشی تریان هەبوو، لەبەر ئەوە کۆترەکەیان برد و چوونە هەیوان و پشتەیوانەکە، بە پەلە گەڕان و ڕوویان کردە ژووری پوورە ئایشێ و ئەوان و بە کۆمەڵ لەگەڵ شەمسە چوونە ژووری. پوورە ئایشێ هەستابووە سەر پێ و هەر ورتەورتی بوو، دەیکێشا بە خۆیدا و لەگەڵ پوورە ئامینە بۆڵە و خوتەیان بوو، کە چاوی بەو هەموو خەڵکە کەوت بە جلی پۆلیسی و قۆمیسەری و خەت و نیشانەوە، ئیتر هەر ئەوەندەی مابوو کە ببوورێتەوە و خۆیشی سەری سووڕ مابوو

له خۆی، له دڵی خۆیدا گوتی: "ئەوە چۆنە نامرم!! خۆزگە لە هۆش خۆم دەچووم تاکو چاوم بەمانە نەکەوتایە." لەسەر دەنگی یەکێکیان داچڵەکی کە بە توندی لە شەمسەی پرسی:

– ئەمانە کێن؟

– شەمسە گوتی:

– خزمی خۆمن هاتوون بە میوانی.

– لە کوێوە هاتوون؟ ماڵیان لەم شارەیە؟ شەمسە گوتی:

– نا، ماڵیان لە کەرکووکە بۆ سەردان هاتوون.

پووره ئایشێ ڕەق ڕاوەستابوو، ڕەنگی وا زەرد بووبوو، دەتگوت خوێن لە لەشیدا نەماوە.

ئەمنەکان ئەو ژوورەشیان سەرەوخوار کرد، بوخچە و پریاسکەی شەمسە خانیان لەو ناوەدا هەڵڕشت و لێیان دا چوون بۆ پشکنینی ژێرخانەکەی خولە. هەر کە سەریان کرد بە ژوورەکەدا، یەکێکیان گوتی:

– ئەرێ ئەمە ژوورە یا مەعمەلی قوتووەشکاو تەنەکەشکاوە؟!

یەکێکی دیکەیان گوتی:

– خاوەنی ئەم ژوورە هەر دەبێ فیتەرچی بێ!

شەمسە خان بە ماتی گوتی:

– ئەمە ژووری برازاکەمە کە گوتم نەخۆشە و تەواو نییە.

ئینجا خولەیان بانگ کرد.

هاتە پێشەوە و ئەوەندەی تر خۆی گێل کرد و سەروسەکوتی خواروخێچ کرد. هەروا چاوی بە بنمیچی ژوورەکە و داروديوارەکەدا دەگێڕا، هەروەکو کەس لە ژوورەکەدا نەبێت بۆ ئەوەی بڵێن ناتەواو و شێتۆکەیە. کە ئەمەیان دی، گەورەکانیان لەگەڵ تۆفیقی موختار کردیان بە چرپەچرپ، دیار بوو کە باسی خولەیان لێ دەپرسی و بەوەدا کە وازیان لێ هێنا، دەرکەوت کە تۆفیقی موختاریش ئەوەندەی تری خستووەتە سەر شێتیی "خولە". ئینجا گەورەی ئەمنەکان کۆتری

ئاشتییەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و لە قۆمیسەرەکە نزیک بووەوە و چەند چرپەیەکیان کرد و دیسانەوە لەبارەی سەر و شوێنی حەمە چەند پرسیارێکیان لە شەمسە خان کرد و چوونە دەرەوە. بەیانی شار شڵەژاو و بێئارام بوو، خەڵک زۆر شپرزە بوون، بە تایبەتی ئەوانەی کە خزم و ناسیاویان گیرابوون کە هەر بەو شەوەش ژمارەیەکی زۆریان ڕەوانەی موسڵ و بەغدا کردبوون کە بە زۆری هاوڕێی عەزیز و ئەوان بوون. کتێبخانەکەی فەرەیدوونیش هەر زوو مۆر کرابوو. خۆیشی یەکێ بوو لە ڕەوانەکراوەکان، ئەوانەی کەسیشیان نەگیرابوو، هەر سەریان لێ شێوابوو. هەندێکیان دەترسان و خۆیان دوور دەخستەوە لەو ماڵانەی خەڵکیان گیرابوو. ئەوەی کوڕی هەرزەکاری هەبوو، نەسیحەتیان دەکردن و لێیان دەپاڕانەوە کە نەچن بە لای ماڵ و گەڕەک و تەنانەت دوکانی ئەو کەسانەی کە گیراون، چونکە دەگوترا گوایە ئەمن لەو ناوانەدا خۆیان مات داوە هەرکەس هاتوچۆی ئەو شوێنانە بکات، دەیگرن. هەندێکی تر بەغیرەت بوون، خۆیان پێ نەدەگیرا و دەیانگوت (دەمانگرن قیروسیا، وەڵڵاهی هەر دەچینە سەردانی ئەو ماڵانە، چی دەبێ ببێ). خۆ بە تایبەتی ژنان بە زۆری گوێیان نەدەدایە ئەم قسانەی دەکران و بە هەڵەداوان دەچوون سەری خزم و ناسیاو و کەسیان دەدا و لە خەمدا هاوبەشییان دەکردن و دەیانگوت:

عەیب و شوورەییە، چۆن ناچین بە لایانەوە؟! ئەی ئەگەر خەڵک لەتەنگانەدا هەواڵی ناسیاو دەرودراوسێ نەپرسێ، کەی لێیان بپرسێتەوە؟ هەر لە شایی و سەیران و داوەت و خۆشیدا؟! بە ڕاستی ئەوە بێئابڕووییە، نائینسانییە!! هەندێک بە ئاشکرا دەیانگوت:

- دەچین بۆ لایان، خوای دەکرد ئێمەشیان دەگرت. خۆ لەوان چاکتر نین. ئەوانە هەموو لە ڕێگەی خزمەتی وڵات و سەربەرزیی میللەتەکەماندا خەبات دەکەن بۆیە دەگیرێن، خۆ لەسەر دزی و پیاوکوژی نەگیراون. بەشێکی کەمیش کە هەر بە تەنگ خۆیانەوە

بـوون، خۆیـان کەڕولاڵ و کـوێر کردبـوو بەرامـبەر بە ڕووداوەکە و گیـراو و کەسـوکاریان، دەتگـوت هەر لەو شـار و وڵاتەشـدا نـین کە ئەوانـی تیـادان، ئەگەرچـی هیـی وایـان هەبـوو هەر ڕۆژێـک پـێش ڕووداوەکە لەگەڵ هەنـدێ لە مـاڵە پشـکنراو و خەڵـکە گیراوەکـان یـا کەسـوکاریان ڕۆحیـان لەسـەر سـەری یەک بـوو، کەچـی پـاش ئەوە، وەک گـول خۆیـان دوور دەخسـتنەوە و ئەگەر بەڕێکەوتـیش چاویـان پێیان بکەوتایە، ڕوویان لێ وەردەگێڕان و وەک پیاوخۆر خۆیانیان لـێ دەپاراسـتن! کە لەگەڵ ترسـنۆکە هاوبیرەکـانی خۆشـیاندا بەیەک دەگەیشتن، دەکەوتنە سەرزەنشتی ئەو خەڵکە و قسەپێگوتنیان:

- کوڕە باوکم دە بڵێ لە چیتان کەمە؟ بۆ دانانیشـن و واز لەم بەزمە بێنن؟! بە ڕاستی ئەمـانە دنیایـان نـاخۆش کردووە، نـایەڵن خەڵکی بە ڕەحەتی کار و کاسپیی خۆشیان بکەن!

دوو ڕۆژ بەسـەر ئەم ماڵپشـکنین و خەڵکگـرتنەدا تـێ پەڕی، شەمسـە خەبەری بە سـەلامەتی لە مەترسـی دەرچـوونی عەزە و حەمەی بـۆ هـات لەگەڵ چەنـد ڕاسـپاردەیەک کە عەزیـز داوای لـێ کردبـوو دایکـی بۆی جێبەجێ بکات. شەمسە و تریفە بەم خەبەرە خۆشە گەشانەوە و شەمسـە هەر زوو بە دڵنیـاییەوە خـۆی کـۆ کـردەوە و چـوو بە لای جێبەجێکردنـی ڕاسـپاردەکانی کوڕەکەیەوە، هێشـتا نیوەی کۆڵانەکەی نەبڕیبـوو، لە دوورەوە ژنێکـی عەبابەسـەری بەدی کـرد بەرەو ڕووی دەهات، قیافەت و قەد و باڵای لە دایکی وشـیاری هـاوڕێیی کوڕەکـانی دەچـوو. ئەوەنـدەی پـێ نەچـوو گەیشـتنە یەک و چـاکوچۆنییەکی گەرمیـان لە یەک کـرد، ئینجـا دایکـی وشـیار سـەیرێکی ئەمـلاوئەولای خۆی کرد و بە چرپە گوتی:

- با بگەڕێیینەوە بچینە ماڵی ئێمە یا هیی ئێوە، هەندێ قسەم هەیە.

شەمسەش بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- ئینجا ماڵی ئێمە ئەوەتە هەنگاوێکە، با بچین قسەی خۆمـان بکەین و ئەویش هەر ماڵی خۆتانە... فەرموو، زۆر بەخێر بێیت.

کە گەیشتنە ماڵی شەمسە، دایکی وشیار گوتی:
- هەر بۆ ئەوە هاتم کە دڵنیاتان بکەم کە ئەم گرتن و هەڵڵایە بۆ ماوەیەکی زۆر کەمە، ئەوەندەی پێ ناچێ هەموو بەردەبن ئینشاڵڵا!!
شەمسە بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: ئۆهـ ڕەبی هەر مژدەی خێرت بدەنێ، بە خوا خۆشە، جا تۆ بڵێیت وابێت؟!
دایکی وشیار پێکەنیی و سەرپۆشەکەی نا بە دەمیەوە و سەری لەقاند و گوتی:
- بەڵێ ڕاستە، ڕاست دەبێ ئینشاڵڵا.
- هانام کردە دەمت، ئەوە کێ ئەم خەبەرەی دایتێ؟
- ئیتر زانیم.. پێیان گوتم (بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە!) گوتی: ئێستە تۆ کاڵەکخۆری یا بێستانڕن؟
شەمسە پێکەنیی و گوتی:
- ئێ ئێ، ئەوە بۆ بیرم نەبوو کە دادە خاتووزین ئەم خەبەرە خۆشانەت دەداتێ، ئیتر چیت ئەوێ؟ دایکی وشیار دەنگی نزم کرد و گوتی:
- ئەرێ وەڵا، بەیانی زوو بە بیانووی پنە و تیرۆکەوە خۆی کرد بە ماڵدا و گوتی:
- نان دەکەین، دوایی منی بردە پەنایەکەوە و بە دڵێکی خۆشەوە گوتی: ڕەحمە خان خەفەت مەخۆ، بە خوا چەند ڕۆژێکی تر هەموویان بەردەبن. گوێم لە "فەرەج " بوو لەگەڵ ڕەفیقێکی قسەی دەکرد، پێی دەگوت: ئەمانە بۆیە گیراون کە لەم ڕۆژانەدا مەلیک و خاڵی دێن بۆ ئەم ناوە، حکومەتیش دەیەوێت کە کەسی وا بە دەرەوە نەبێت تاکو ئاژاوە و شتێ نەنێتەوە لەو ماوەیەدا کە ئەوان لێرەن، دوای گەڕانەوەیان هەموویان بەردەدەن.
- ئۆهـ یا خوا ڕۆحیان چێت و بتۆقن! ئینجا ئەوە ڕەوای هەقە، هەر گەماڵێکیان بێت بەم ناوەدا ئەم شارە بشێوێنن و خورپە بخەنە دڵی ماڵ و منالی خەڵکەوە، ئەو کوڕ و کەسوکارە نازدارانەمان بێگوناهـ

بگرن، ده یا خوا به ملی شکاو بێن...! دوور له مەلیک، دووعا لەو ناکەم گوناحە، هەتیوە منالە و ئاگای له هیچ نییه، بەلام ئەوانی تر یا خوا هەپروون بە هەپروون بن وەک وا لەم عالەمە دەکەن! شەمسە نەختێ بێدەنگ بوو، وەکو شتێکی هاتبێتەوە بیر، گوتی:
- بەو خوایە دایکی وشیار، ئەم سەگبابانە دەڵێی هەر بۆ بەهانە دەگەڕێن کە خەڵکی پێ بترسێنن، ئەوە نەبوو ئەو ساڵەش شتێ نازانم لە کوێ قەومابوو، چاک بیرم نییە، وا بزانم شەڕەکەی میسر بوو، دیسان شەوەکی دایان بەسەر ئەو خەڵکەدا، زۆریان لێ گرتن، هەندێکیان ناردن بۆ موسڵ و کەرکووک، عەزیز و ئەوانیشیان ڕەوانەی بەغدا کرد.. شەمسە خان کە دیی دایکی وشیار وا دیارە خەیاڵی ڕۆیشتووە، قسەکەی بڕی و بە ئەسپایی و خۆشییەوە سیخورمەیەکی تێوە ژەند و گوتی:
- ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟ دەڵێی بیرت نییە باسی کەی دەکەم؟
- چۆن بیرم نییە، تا سەرم لە بەردی ئەلحەد دەکەوێ، ئەو شەوەم لە بیر ناچێت و هەرچەند بیرم دەکەوێتەوە یا باسێکی دەبیەم، موچوڕکم پیادا دێت و تاس دەمباتەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:
- جا خۆزگە دەتزانی ئەو شەوە من چیم بەسەر هاتووە؟ دوو ڕۆژ بوو ژن و مێردێک هاتبوون بۆ میوانیمان، وشیار بە دزیی ئەوانەوە پێی گوتبووم کە میوانەکانمان کوردی ئەودیون و زۆر هاوڕێمانن و لێرە قاچاغن، دەبێ زۆر ئاگام لێیان بێت و ئەگەر دەرودراوسێییش پرسییان، بڵێم خزممانن، ماوەیەک دەمێننەوە لامان تا شوێنێکیان بۆ دەدۆزینەوە، ئیتر ژوورێکمان بۆ تەرخان کردن، چونکە ساردی کردبوو، منالێکی یەک دوو ساڵەشیان پێ بوو، بۆیە هەر لە ژوورەکە دەنوستن، نیوەشەوێک بە توندی لە دەرکی حەوشەکەمان درا، گورج ڕاپەڕیم و بە هێواشی لە دەرگاکە چوومە پێشەوە، بە دەنگەدەنگ و قسەیاندا زانیم کە پۆلیس و ئەمنن، ئۆهـ کەس نەیبینێت، وەرە ئەو هەموو پۆلیسە لۆزەندەرانە لە بەر دەرگا چاوەڕوان بن، ئەو ژن و

مێردە قاچاغەش لە ژوورەوە نوستبن! کە لە دەرگایان دایەوە، هەر ئەوەم پێ کرا کە بڵێم: نەختێ ڕاوەستن باوکەکەم، مسوڵمان و نوێژکەرم، هیچی وام لە بەردا نییە. هەر ئێستاکە خۆم پۆشتە دەکەمەوە و دەرگاتان بۆ دەخەمە سەر پشت، زەحمەت نەبێ دەقیقەیە ڕاوەستن! باش بوو بە دەنگدا یەکێکم تیادا ناسینەوە، قۆمیسەرێک بوو خەڵکی کۆیە بوو، ماڵی باوکیم دەناسی، خۆیشی هەرچەندە لەگەڵ ئەوان بوو، بەڵام کوڕێکی زۆر باش بوو، کاری ڕاست بێ گوتی:

- قەیناکا وا ڕاوەستاوین، بڕۆ زوو!

منیش بە پەلەپرووزێ گەیشتمە سەر میوانەکان و پەلامارم دان و گوتم:

- هەستن لە ڕێی خودا! پۆلیس لە بەر دەرگان، هاتوون ماڵەکە بگەڕێن، ئەوانیش قورپبەسەرانە ڕاپەڕین، بۆ نەگبەتی، پیاوەکە نیوەڕووت بوو، جلەکانی هەموو داکەندبوو، ئیتر نازانم چۆن شتێکی لە بەر کرد و دەرپەڕییە حەوشە و بە گاگۆڵکێ وەک مناڵ بردمە بەر پەیژەکە و پێم گوت بچێتە سەربان و لە پەنایەکدا خۆی مەڵاس بدا، بۆ ژنەکەی گوتم قەیناکا، دەڵێم خزممە.

شەمسە خان کە سەرنجی دایە دایکی وشیار، دیی خەیاڵ وا بردوویە، وتی دەڵێی ئێستەی ئەوسایە ئەوەندە شڵەژابوو، هەناسەی سوار بووبوو، بە سەرپۆشەکەی هەر خەریکی ئارەقەسڕینەوە بوو، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە تێوردبوونەوەی ئەم، دایکی وشیار گوتی:

- بە خوشکی خۆم بڵێم، ئینجا لەبەر ئەو میوانانە نە ماڵم لە بیر بوو، نە کاغەز و کتێبی قەدەغە، تەنانەت کوڕەکەشم کە نوستبوو، ئاخۆ چیی لێ بکەن، کە کوڕە سەرکەوتە سەربان، چرای هەیوانەکەم داگیرساند و چوومە سەر وشیار، دایکی بمرێ خەبەرم کردەوە، ئەو کەوتە خۆی و منیش ڕام کرد دەرگاکەم لە پۆلیسەکان کردەوە و ئەوانیش ورووژمیان هێنایە ژوورێ، دوو سمێڵزلیشیان لەگەڵ بوو،

دوایی زانیمان کە لە کەرکووکەوە هاتوون، ئیتر دوژمنی ئیمانت بێت، بە چەشنێ دارڕژانە ماڵەکەوە، هیچیان بەسەر هیچەوە نەهێشت، لە پێشدا چوونە ژوورەکەی وشیار، سەر و ژێریان کرد، دوایی هاتنە ژووری میوانەکان کە من و ژنەکە خۆمان تیا کزۆڵە کردبوو، سەیرێکی ژنەکەیان کرد و گوتیان:

– ئەمە کێیە؟ منیش گوتم:

– خوشکەزامە، هاتووە بۆ لام بۆ سەردان.

– باشە، ماڵی لە کوێیە؟

– مێردەکەی بایەزیدییە، لەوێ دەژین.

یەکێک لەولاوە گوتی:

– چۆن گەیشتنە بادینان؟ ئێوە خەڵکی سلێمانی، ئەم بادینانییەتان چۆن دۆزییەوە؟

– بڵێین چی، ماڵەکە خۆیان ئاشنامان بوون، ئیتر قسمەت و نسیب!

یەکێکیان چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا و دەستی برد بۆ جلەکانی مێردی ژنەکە لە پەلەپەلیدا نەیپەرژابوو لە بەری کاتەوە، گوتی:

– ئەمە جلی کێیە؟

وشیار گوتی:

– جلی منە.

– وەکو من بزانم، تۆ جلی ئەفەندی لە بەر دەکەی؟

– ڕاستە، بەڵام ناوبەناو جلی کوردییش لە بەر دەکەم.

– ئەی بۆچی لە ژووری خۆت نییە؟

– ئینجا ئەوە قەی چی دەکات؟ مەگەر هەمووی هەر ماڵی خۆم نییە!

گەورەکەیان بە زەردەخەنەیەکی تەوسەوە گوتی:

– دەی گوێ مەدەرە ئەوە، تۆ پێشمان کەوە، با بڕۆین، لەوە زیاتر مەعتەلمان مەکە، ئیشی دیکەمان زۆرە، ئەمەیان گوت و دایکی مریێ وشیاریان پێش خۆیان دا و ڕۆیشتن، ئینجا شەمسە خان گیان، ئینسان چۆن شتی وای لە بیر دەچێتەوە؟!

– به خوا خوشکێ هەقتە، یا خوا وەک خورپە دەخەنە دڵمانەوە، خوا خورپەی گەورەتر بخاتە دڵی عەزیز و خۆشەویستەکانیان. لێرەدا تریفە بە سینییەک چاوە خۆی کرد بە ژووردا. سەروچای بۆ دانان، خواردیانەوە و هەستان پێکەوە چوونە دەرێ. ڕۆژی دوای ئەو مژدەیەی دایکی وشیار بۆ شەمسەی هێنا، میری کەوتە پاککردنەوەی شەقامەکانی شار و ڕازاندنەوەی ڕاستەشەقامە گەورەکەی دێتە بەردەرکی سەرا بە تاق و ئالای عێراقی و چیت و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، جاڕیش درا کەوا سبەینێ (مەلیک و خالی) تەشریف دێنن بۆ سلێمانی و داوا لە خەڵک کرا کە بەوپەڕی خۆشییەوە بە پیریانەوە بچن. ڕۆژی هاتنی مەلیک، هەر لە بەیانییەوە تەلەبەی مەکتەب بران بۆ سەر ڕێگەی قلیاسان لە پاش ئەوەی چەند گۆرانییەکی تایبەتیان فێر کردبوون کە بۆ ئەو موناسەباتانە دانرابوون، خەڵکی هەڵمەتەکاسە و ساحێبی کاروباری گەورە و خەڵکی دووڕوو، هەموو بە ژن و منداڵەوە خۆیان گۆڕیبوو و چوون بە پیریانەوە بە چەپکەگوڵ و قاپەنوقڵەوە. هەندێکیش وەکو سەیران ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگەکە سەماوەریان لێ هێنابووە جۆش و ژن و کچەکان خۆیان دابوو لە تەل و وەکو کەر خۆیان بار کردبوو لە ئاڵتوون و خشڵ و متومورووو، خرنگوهووڕیان سەعاتەڕێیەک دەڕۆیشت، خۆ کەوای سوورمە و کراسی پوولەکە هەر لە دوورەوە بریسکەی دەهات، لە نزیکیشەوە ساحێبەکەی کردبوو بە سینەما، چونکە هەموو ئاوەڵکراس و سنگ و مەمکی لە ژێر کراسە تەنکەکەیەوە دیار بوو، لە هەمووی سەیرتریش ئەوە بوو کە بەو حاڵ و جلوبەرگەشەوە بە سینییە چاوە بە ناو ئەو خەڵکە نەناسیاوانەدا دەسووڕانەوە کە باوکیشیان لەگەڵیاندا لە مزگەوتێکدا نوێژی نەکردووە، چایان بەسەردا دابەش دەکردن و ئەوانیش نەک بۆ چایەک، بگرە بۆ زاخاودانی چاوی خۆیان، هەندێ جار بە ڕیز چایان لێ وەردەگرتن کە ئەمە ژنەکانی

خستە پێشبڕکێیەکەوە گەشتنە ئەوەی جنێو بدەن بە یەکتری و هەر ئەوەندەی نەمابوو تیتکی یەکتری لە بن دەرهێنن!
بەڵام، ئەمانە بەشێکی کەم بوون لە خەڵکی شار، ئەوان نزیکەی زۆربەی زۆری خەڵکەکە بوو، پیاو و کوڕیان چووبوونە سەر کاروکاسپی خۆیان، ژن و مناڵیشیان لە کونی ماڵ خزابوون و جنێویان بەو کەسانە دەدا کەوا دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان زیاتر لە حکومەت و کاربەدەستانی ببەنە پێشەوە، هەندێ بۆ ئەوەی خۆیان زیاتر لە حکومەت و کاربەدەستانی ببەنە پێشەوە، هەندێ بۆ ئەوەی پلەی وەزیفییان بەرزتر بکرێتەوە و هەندێکی دیکەشیان بۆ ئەوەی کە بەم دڵسۆزی و خۆدەرخستنە بۆ حکومەت، ماوەی کاروباری خۆبەڕێوەبردنیان زۆرتر بێت، هەمووشیان بۆ ئەوەی زیاتر ماوە بدرێن بۆ دەستبڕین و ڕاوورووتی فەقیر و هەژار، دەتگوت ئەو خەڵکگرتن و چوونەسەر ماڵانەی چەند ڕۆژ لەوەپێش، هەقی نەبووە بەسەریانەوە، نە خەیاڵی تێک دابوون و نە دڵی لەرزاندبوون، دەتگوت کە هەستی هاودەردی و هاووڵاتی یان ئاوبردبووی یا سەگ خواردبووی، پاش دوو سێ ڕۆژ لە گەڕانەوەی مەلیک و خاڵی، قسەکەی (خاتووزین) هاتە دی، بەرەبەرە هەموو گیراوەکان بەردران و خەڵک گەڕانەوە سەر کاسپی و کار و ماڵوحاڵی خۆیان، هەروەها عەزیزیش هاتەوە سەر ئیشی خۆی، ئەگەرچی چەند جارێکیش هێنایان و بردیان و لەسەر دۆزینەوەی (کۆتری ئاشتی) لە ژوورەکەیدا، داشیان بە مەحکەمە، بەڵام لەمەشدا حکومەت هیچی پێ نەکرا، چونکە بەر لە ڕۆژی مەحکەمەی ئەم، قەرارێکی مەحکەمەی تەمیز لەسەر قەراری گرتنی چەند کەسێک لە بەغدا بڵاو کرایەوە کەوا قانوونی قەدەغەکردنی هەڵگرتنی "کۆتری ئاشتی" ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بەر لە دەرچوونی قانوونەکەیان گیراوە، بۆیە حکومەت بە ناچاری مەسەلەی گرتن و خۆڕزگارکردن لە خەباتکەرانی وەکو عەزیزی دوا خست، تاوەکو چاڵێکی قووڵتریان بۆ هەڵکەنێت و بە

سەردا هەموویانی تێ بخات و بۆ ئەم نیازە بە سەرزاری هەندێ لە زوڵم و زۆرەکانی کەم کردەوە، لە لایەکی ترەوە کەوتە زۆرکردن و توندکردنی جاسووسیێتی و چاودێریکردنی ئەو کەسانەی گومانیان لێ دەکا و بە ئاگری بن کایان دەزانێت.

دوای بەردان و گەڕانەوەی خەڵکەکە، حەمە بەینێکی دیکەش لە "سیتەک" و ئەو ناوە مایەوە تا موحاکەمەکەی عەزیز بە لایەکدا کەوت، ئەوسا ئەویش گەڕایەوەماڵی کاکە غەفوور، ڕزگاربوونی عەزیز لە موحاکەمە و گەڕانەوەی حەمە، شەمسەی دڵخۆش و تریفەی گەشاندەوە، هەرچەندە هێشتا هەر ترسیان لە دڵدا بوو، بە تایبەتی کە هەستیان کرد جاسووسی ئەمن فێری کۆڵانەکەیان بووە، ئەمەشیان بە تەواوی لەوەوە بۆ دەرکەوت کە ڕۆژێک گوێیان لە پوورە مەنیج دەبێت کردوویەتی بە هاتوهاوار و کابرایەکی بە جنێوی پیسی ئاودار داگرتووە، چونکە ئەوە چەند جارێکە دەیبینێت بە کۆڵانەکەیاندا دێت و دەچێت و دیارە نیازی دزی یا بێناموسیی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نەک هەر عەزیز و ماڵەکەی، هەموو دەرودراوسێ و خەڵکی هاوبیریشیان ئەمەیان دەزانی، بەڵام چاریشیان نەبوو، دەبوو هەوڵ بدەن لەگەڵ ئەو حاڵە، جووڵانەوەی خۆیان بگونجێنن و هەتا دەشتوانن قازانج لە ڕۆژگاریان بکەن، چونکە هەمیشە ئەوەیان لە مێشکدا بوو کە لەپڕ دیسان حکومەت بیانوویەکیان پێ دەگرێت و پەلامارێکی دیکەیان دەدات و هەر بۆ ئەوەشە کە چاوێکی کردووە بە حەوت چاو، بەشکو لە کەمیندا بیانگرێت، بەڵام حکومەت خەیاڵی خاو بوو، چونکە ئەو هەموو گرتن و دوورخستنەوە و ئازاردان و لێدانە، نەک هەر نەیتوانی سەر بەو خەباتکەرانە شۆڕ بکات، بەڵکو ئەوەندەی سەری دەرزییەکیشی لە بیروباوەڕیان پێ کەم نەکرایەوە و ترسی نەخستە دڵیانەوە و ساردی نەکردنەوە، بە پێچەوانەوە، هەتا دەهات، خەڵکی دڵسۆز زۆر و زۆرتر دەبوون و هەستی کوردایەتی و فیداکاری ئەوەندەی تر جۆشی

دەسەند لە دڵی خەڵکدا و بە سەدان گەنج و لاو و خەڵکی خوێنگەرم، بە نهێنـی خەریکـی چـالاکیی پارتـایەتی بـوون و خۆیـان دەخسـتە مەترسـیی گەورەوە و گوێشـیان نەدەدایە. چەنـد ئینسـانی بـاش و بەناوبانـگ و فیـداکاری سـاحێب وەزیـفەی گەورەش کەوتبـوونە بەشداری لە هەندێ چالاکیدا و کەڵکیان لە وەزیفەکەیان وەردەگرت کە تێکڕا بووبوو بە قەڵغان بۆیان، چونکە موچەخۆری حکومەت بوون، لەبەر ئەوە (ئەمن) کەمتر شوبهەی لێ دەکردن. ئەمانیش هەمیشە ئامادەبوون کە هاوڕێ قاچاغەکانیان داڵدە بدەن و لە ماڵەکانیاندا بیانشارنەوە، جاری وا هەبوو بەشی دوو هەڵواسین بەیاننامە و کاغەزی یاساغیان لە گیرفان یا لە چاوی مێزی دایەرەکانیاندا هەڵدەگرت! ئینجا وەنەبێت ئەمە هەر لە سلەیمانی وا بووبێت، بگرە لە هەمو شارەکانی کوردستان خەڵک ئامادە بوون بۆ فیداکاری و سوور بوون لەسەر بیروباوەڕیان، هەر فەرمانێک (پارتی) دەری بکردایە، دەسبەجێ خەڵک بە باوەڕ و شانازییەوە جێبەجێیان دەکرد. هەروەها لە ناوجەرگەی بەغداشدا، پارتی چالاکیی هەبووە، ئەندام و لایەنگری دڵسۆزی زۆر بوو، بۆیە حکومەتیش تا دەهات زیاتر گەڕی تێ دەئاڵاندن و زۆرتر بیانووی پێ دەگرتن و حەپسی دەکردن، جار بە ناوی "شیوعێتی"یەوە و جار بە ناوی "ئاشتیخوازی"یەوە. ماڵی غەفوور کە حەمەی لێ بوو، کەوتبووە قەراغ شار، بەر دەرگاکەیان زۆری دەشتایی بوو، دنیاش بەرەو پایز دەچوو، گژوگیای دەشتەکە زەرد و وشک بووبوون، تێکڕا خەڵکی ئەو ناوە خاوەن مەڕومالات بوون، ئێواران بە باعەباع، بە فیکەفیکی شوانەکانیشیان بەرەو ماڵ دەبوونەوە دیمەنێکی جوانی لادێییان دەهێنایەوە بیر، یەکێ لەم ئێوارانە حەمە چاوەڕوانی هاوڕێیەکی دەکرد کە بێت بیبات بۆ کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە ماڵی ئەندامێکی پارتییەکەیان، جا وەکو حەپس و دیل کە پەلەی چوونەدەرەوە و ڕزگاربوونی بێ، بە پەلە بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. حەمە تێکڕا

ئەم کۆبوونەوانەی پێ خۆش بوو ئەگەر مانگی جارێکیش بوایە، بەو بۆنەیەوە ڕۆژێ لەوەوبەر خۆی دەشت و جلی دەگۆڕی، خۆی حازر دەکرد وەکو بچێ بۆ سەفەرێکی دوور، زۆر جار (زێڕین) کە وا دەیبینی، چاوی پڕ دەبوو لە ئاو و لە دڵی خۆیدا دەیوت: ئۆهـ ڕۆحم دەرچێت، چەن دڵی خۆشە چونکە دەچێتە دەرەوە، سەیری ڕەنگی بکە، چۆن سپی و زەرد هەڵگەڕاوە! هەر لە ژوورەوەیە، هەتاوی بەر ناکەوێ. ئۆف دەبێ چەند تاقەتی چووبێ لەم ژوورە بچووکەدا؟ لەوانەیە هەموو دارەڕای ژوورەکەی چەند جار ژماردبێ! بزانێت درێژیی چەند هەنگاوە و پانیی چەند بستە!؟ ئێستە کە گوێی لە قسەی خەڵکی پشت دیوارەکە دەبێ، ڕەنگە زۆر حەز بکات کەوا ئەویش لەوێ بوایە، ئاخۆ ئێستە چەند بیری ناو بازاڕ و گەڕان و پیاسە بکات؟ زێڕین چاوی خۆی دەسڕی و لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

- دەی خوا خراپتر نەدا، بەس نییە شکور حەپس نییە و لەبەر چەپۆکی ئەو کافرانەدا نییە، وەکو دەڵێن، نینۆکی خەڵک دەردەهێنن، ڕەبیماڵیان کاول بێ!

ئێوارە دنیا تاریک داهات، ڕێگەوبان چۆڵ بوو، هاوڕێیەکی حەمە هات بەدوایدا و پێکەوە ڕێگە دەشتانییە چۆڵەکەیان گرتە بەر تا گەیشتنە سەر قەبران، ئەوجا لە جادەی بەینی سلەیمانی و هەڵەبجە پەڕینەوە و چەند دەشت و شیو کۆڵانێکیشیان بڕی، جار جار بە ئەسپایی ورتەورتێکیان دەکرد. زۆری نەمابوو بگەنە کۆڵانی ماڵەکەی بۆی دەچوون. تەپەی پێ هات و یەکێک گوتی: زەلام کێیت؟ بوەستە مەڕۆ! لەگەڵ ئاوڕدانەوەی حەمە و هاوڕێکەیدا، دەنگەدەنگ و فیکەفیکی پۆلیس کردی بە هەرا و لە سێ لاوە پەلاماری حەمە و هاوڕێکەیان دا، ئەمانیش تاکو توانییان ڕایان کرد، بەڵام فایدەی نەبوو، ئاخری هەردووکیان گرتن و یەکسەری سواری ئۆتۆمبێلیان کردن و بردیانن بۆ سەرا.

هاوڕێکانیان کە لە ماڵەکە دانیشتبوون و هەر چاوەڕوانیان دەکردن، تا دەهات لە دواکەوتنەکەیان زیاتر دەشڵەژان. ئاخری یەکێکیان نارد کە بچێ بزانێ مەسەلە چییە و بۆچی نەگەیشتن! کە هەندێ ڕۆیشت و گەشتە سەری کۆڵانەکە، تاکوتەرا خەڵکی بەدی کرد کە لە بەر دەرگاکانیان ڕاوەستابوون، کە پێچی کردەوە، چاوی بە ژنێک کەوت لە سووچی دەرگایەکەوە هەر ئاخ و ئۆفیەتی و لەگەڵ یەکێک قسە دەکا کە لە ژوورەوەیە و دیار نییە و هەر دەڵێ:

- ئۆهـ ڕۆحم دەرچێ بۆیان، ئاخۆ ئێستا چییان لێ بکەن؟ کوڕەکەش نەختێ بە دوودڵییەوە لێی چووە پێشەوە و سڵاوێکی لێ کرد و پرسیی:

- خوشکم ئەوە چی بووە؟ ژنەکە بە ئەسپایی کێشای بە خۆیدا و گوتی: ئۆهـ دایکیان بمرێ، ڕۆڵە تۆزێ لەمەوپێش ئەو پیاوخۆرانە دوو کوڕیان گرت، دەڵێن لە کوڕە کوردە باشەکانن. کوڕەکە بە شڵەژاوی گوتی:

- لە کوێ؟ کەی؟

- هەروا لەو دەشتاییەی بەردەماندا، خۆ فیکەی پۆلیس دنیای کەڕ کردبوو.

کوڕەکە کە ئەم خەبەرە ناخۆشەی بیست، بە پەلە گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکانی و ڕاستەوخۆ باسەکەی بۆ گێڕانەوە، ئیتر ئەوانیش بە شڵەژاوی و شپرزەیی بڵاوەیان لێ کرد و بە پەلە هەریەکەیان چوون بۆ ئاگادارکردنی ئەو هاوڕێیانەیان کەوا ترسی گرتنیان لەسەرە، کە خۆیان بشارنەوە و ئەو شتومەکە قەدەغانەی کە هەیانە، بیانگوازنەوە و یەکێکیشیان بە تایبەتی نارد بۆ ئاگادارکردنی عەزیز و غەفوور و ماڵی کوڕە گیراوەکەی تر.

شەمسە لەگەڵ ئەو هەموو ئازایی و ورەبەرزییەیدا ئەم خەبەرە زۆر کاری تێ کرد و ئارامیی لەبەر بڕی، هەتا ڕۆژ بووەوە، خەو نەچووە چاوی و هەندێ جار لە خۆیشی دەدا و دەگریا. عەزیزی کوڕیشی بە

مـاتی و مەلـوولی بەرامـبەری دانیشـتبوو، بێـدەنگ و سەرلێشـێواو. غەفوور و زێڕینیش ئەو شەوە تـا بەیـانی خەو نەچووە چاویـان، زۆر ناڕەحەت و دڵگیر بوون، خۆ زێڕین هەر قوڵپی گریانی نەدەنیشتەوە و هەر دەیگوت: ئۆف خـوایە، دەڵێی دڵـم خەبەری دابـوو کە وا ئـەمڕۆ ئەوەندە بەزەییم پیایدا دەهاتەوە و خەفەتم بۆ دەخوارد! شەمسـە هەر لەگەڵ هەتاوکەوتنـدا عەبـای دا بە سـەریدا و ڕۆیشـت بەرەو سـەرا بەشکو هەواڵێکی کوڕەکەی بزانێت. کە گەیشتە سـەرا، تەماشـای کرد جێبێک لە بەر دەرگاکەیدا وەستاوە و چەند پۆلیسێکیش هەر وا دێن و دەڕۆن، وەکو بیانەوێ بچن بۆ شـوێنێک، لێیـان نزیـک بـووەوە و بە پەرۆشـەوە هەواڵـی کـوڕەکەی پرسـی، بە تـایبەتی کە پۆلیسـێکی ناسیاوی تیادا دین، بەر لەوەی جوابێکی پرسیارەکەی بدەنەوە، بینیی وا حەمەی کوڕیـان دەسـت بە کەلەپـچەوە هێنایـانە دەرێ و بەرەو جێبەکە بردیـان، شەمسـە عەبـاکەی لە خـۆیەوە پێچـا، دەسـتی هێنـایە دەرێ و ڕای وەشاند و گوتی:

– بـزانە سـەیریان کە! چـۆن بە بیسـت زەلام دەوری یەکیـان داوە، دەڵێی پیاوی کوشتووە، بەڵام نەء، ئێوە وا لە پیـاوکوژ نـاکەن، چـونکە لە خۆتانن.

حەمـە بـە کەلەپچـەوە دەسـتی خسـتە سـەر شـانی دایکـی و بـە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– دایە گیان، ئەوە تۆ کەی وا ترسنۆک بوویت؟ گوێ مەدەرێ، خۆت ناڕەحەت مەکە و بڕۆرە ماڵێ.. عـاجز دەبـم ئەگەر خۆت وا نـاڕەحەت بکەیت.

شەمسە وەکو شێتی لێ هـاتبوو، نەیدەزانی چـی دەڵێ، دڵـی پەلەپەلـی دەکرد، خوێن ورووژمی بردبوو بۆ سـەر و دەموچـاوی، لە تووڕەییـدا هەموو لەشی دەلەرزی، ڕێبوار و ئەوانەی بەو بەیـانی زووە دەچـوون بـۆ سـەر ئـیش، خەریـک بـوون لەمـبەر و ئەوبەری جـادەکە کـومەڵ

دەبوون، شەمسەش هەر دەیقیڕاند و دەیگوت: ئاخر پێم بڵێن دەیبەن بۆ کوێ؟ یەکێک لە پۆلیسەکان گوتی:

– ڕەوانەی موسڵی دەکەن! دایکم ئیتر هەرا هەرای چیتە؟ دەبڕۆ بەرۆکمان بەردەن!

شەمسە بە زەردەخەنەیەکی تەوسی قیناوییەوە گوتی:

– هەراهەرا ناکەم، چیتە سەرت گێژ بوو؟ یا ترسای؟ دەک زەندەقتان بچێ! ئینجا ڕووی کردە کوڕەکەی و دەستی دا بە شانیدا و بە شێوەیەکی دلێرانە و پڕبڕوا گوتی: برۆ خواتان لەسەر بێت و خواتان لەگەڵ بێت! قوڕ بە سەریان، وا دەزانن کە تۆیان گرت، ئیتر تەواو، بۆ کوێ دەچن؟ حەمەیەک بگرن سەد حەمەی تر دێتە پێشەوە، دڵتان بەوە خۆش نەبێت! خوا خەجاڵەتتان بکا.. یەک دوو هەنگاو ڕۆیشت و ئاورێکی لە حەمە دایەوە و گوتی: خۆ کەلوپەل و جل و شتیشت پێ نییە!؟

– قەیناکا، پارەم پێیە، چیم پێویست بێ دەیکڕم. خەفەت مەخۆ.

ئەم قسانەیان دەکرد کە دەرگا کرایەوە هاوڕێکەی حەمەشیان بە کەلەپچەکراوی هێنا و گوتیان:

– دەی سوار بن.

شەمسە کە هاوڕێکەی حەمەی دی، ڕاپەڕی و لێی چووە پێشێ و بە دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە گوتی: فەرهاد گیان ئەوە تۆش دەبەن؟ ئۆهـ خوا هەقیان لێ بکاتەوە. یەکێ لە پۆلیسەکان دەستێکی پێوە نا و گوتی:

– سوار بن. دەی درەنگە.

حەمە و هاوڕێکەی لە ناوەڕاستدا سوار بوون و دوو پۆلیس لەملاولایانەوە و پۆلیسێکیش لە پشتەوە، ئۆتۆمبێلچییەکەشیان هەر پۆلیس بوو.

جێبەکە حەرەکەتێکی کرد و شەمسە ئیتر هەر جنێوێکی بە دەمدا دەهات، بە حکومەت و ئەمن و پۆلیسەکانی دا. یەکسەر چووە گەراج

و قەمەرەیەکی گرت و سوار بوو چووە ماڵەوە، بە پەلە هەندێ کەلوپەلی پێویستی خستە بوخچەیەکەوە و هەندێ پارەی هەڵگرت و بووک و کوڕەکەی لە مەسەلەکە ئاگادار کرد و لەگەڵ خولە سوار بوون، شوێن ئۆتۆمبێلی پۆلیسەکان کەوتن بەرەو موسڵ. کە گەیستنە کەرکووک، جێبەکە ڕووی کردە دایەرەی ئەمن، ئەمانیش ئۆتۆمبێلەکەیان لە شوێنێکی نزیکەوە ڕاگرت.

شەمسە دابەزی ویستی بچێ بۆ لایان، لە بەر دەرگا پۆلیسیک لێی هاتە پێشەوە و گوتی:

- ها دایکم بۆ کوێ دەچیت؟ چیت ئەوێ؟ شەمسە کە زانیی پۆلیسەکە کوردە، تۆزێ خۆی کزۆڵە کرد و گوتی:

- ئەو کوڕەی لە جیبەکەدایە، کوڕمە، خێرت دەگات تەنها ئەمەوێ بزانم پارەی پێیە؟ نەوەکا برسی بێت!

پۆلیسە کوردەکە کە شپرزەیی و حاڵی شەمسەی دی، بە دەنگێکی نزم گوتی:

- لە سلێمانییەوە هاتووی؟

شەمسە بە دەنگێکی لەرزۆکی گیراو گوتی:

- بەڵێ.

پۆلیسەکە ناخۆشی و ناڕەحەتی لە دەموچاویدا دەرکەوت، دوایی گوتی:

- باشە، ڕاوەستە با بچم پێیان بڵێم، پۆلیسەکە دیی حەپسەکان براونەتە ژووری سەردالانی دایەرەکە، گوایە بۆ نانخواردن و پشوودان، چووە لای قۆمیسەرێک، سەلامێکی بۆ کرد و گوتی:

- قوربان ئەو ژنە لە بەر دەرگایە، دایکی یەکێک لەو حەپسانەیە، دەیەوێ چاوی بە کوڕەکەی بکەوێ و هەندێ پارەی بداتێ.

قۆمیسەرەکە بە کوردییەکی تێکشکاو گوتی:

- پێی بڵێ با پارەکە بدا بە تۆ، تۆ بۆی بەرە، نابێ ئەو بێتە ژوورێ.

- قوربان وا بزانم لە سلێمانییەوە بۆ ئەوە هاتووە.

وا دیار بوو کابرای قۆمیسەر سەری قاڵ بوو. ویستی پۆلیسەکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە! چونکە کۆمەڵێ کاغەز و فایلی لە بەردەستدا بوو هەر ئەمدیو و ئەودیوی دەکردن، هەر وەکو بۆ شتێک بگەڕێ. بۆیە بێ ئەوەی سەیری پۆلیسەکە بکات، بە نیوە تووڕەبوونێکەوە گوتی:

- بڵێ دوایی.. دوایی.

پۆلیسەکە دڵی گوشرا و بە نائومێدی هاتەوە لای شەمسە و گوتی:

- خوشکم ئەڵێن دوایی..!

شەمسە قورگی پڕ بوو لە گریان و پرسی:

- تۆ بڵێی نانێ شتێکیان بدەنێ؟

پۆلیسەکە گوتی:

- ئەی چۆن دایکم! ئێستا نانیان دەدەنێ و چاشیان دەدەنێ، ئەگەر خۆشیان ویستیان جگەرەیەک شتێک بکڕن، دەنێرن بۆیان دەکڕن، تۆ بڕۆ بۆ خۆت دانیشە و ئیسراحەت بکە، بە چی هاتووی؟

شەمسە فرمێسکی سڕی و دەستی بۆ ئۆتۆمبێلەکەیان درێژ کرد و گوتی:

بەو قەمەرەیە.

پۆلیسەکەش بە ناڕەحەتییەکی ئاشکراوە گوتی:

- باشە خوشکم، بڕۆ بۆ خۆت لە شوێنێک پشوویەک بدە و پاش سەعاتێکی تر وەرەوە.

شەمسە بە کز و کەساسی گەڕایەوە لای ئۆتۆمبێلەکە.

خولە و ئۆتۆمبیلچییەکە بە پەرۆشەوە گوتیان:

- ها چی بوو هێشتیان بیبینیت؟

- نەء، دەڵێن دوای سەعاتێکی تر وەرەوە.

ئۆتۆمبێلچییەکە گوتی:

- باشە، ئێستە بۆ کوێ بچین؟ حەز دەکەی با بچینە ئەو ئوتێلە لەوبەر دانیشین، تۆش پشوویەک بدە و بەرچایی بکە، ئینجا دەگەڕێینەوە.

خوله هەڵی دایە و گوتی:
- وەڵا کاک ڕەحمان ڕاست دەکات، خۆ تۆ چاشت نەچووەتە سەر زمان.
ئۆتۆمبیلچییەکە گوتی:
- دەی بیاندەرە دەست خوا، ئەوەندە خۆت ناڕەحەت مەکە، ئینشاڵڵا هیچ نییە و زوو بەرەڵایان دەکەن.
شەمسە سەرێکی ڕاوەشاند و بە گەروویەکی گیراوەوە گوتی:
- خۆ منیش هەر داومەنەتە دەس خوا، لەو زیاتر کێمان هەیە؟! بەڵام بە خوا لە حەمە زۆر دەترسم. گرێکی زۆریان خستووەتە ژێری و زۆر بە توندی و وردی بەدوایدا دەگەڕان!
- هەمووی سەربەرزییە بۆی، چەند زیاتر گری بخەنە ژێر، ئەوەندە لە دڵی میللەتەکەیدا خۆشەویستتر و بەنرختر دەبێ، گوێ مەدەرێ، خۆ تۆش یەکەم جارت نییە!
شەمسە ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:
- خۆ ڕاست دەکەی. من فێری ئەم شتانەم و قەت واشم لێ نەهاتووە، ئەم جارە بۆ حەمە زۆر دڵم لەم سەگ و کافرانە ترساوە.. خوا تەخت و بەختیان وەرگێڕێت و ئەم خەڵکە ڕزگار بکات لە دەستیان.
ئەمەی گوت و لەبەر ئۆتۆمبێلچییەکە و خولەی برازای گوتی:
- باشە با بڕۆین پشوویەک بدەین و شتێکیش بخۆین.
لە ئۆتۆمبێلەکەدا شەمسە نیازی نەبوو هیچ بخوات، ئەوانیش دەم بۆ هیچ نابەن، چاری نەما لەبەر دڵی ئەوان پارچەیەکی بچووکی سەموونی بە چایەکەوە خوارد.
ئۆتۆمبێلچییەکە تەماشایەکی سەعاتەکەی کرد و گوتی:
- ئیتر بڕۆین باشە. نزیکەی سەعاتێکمان ڕابوارد. خولە و ڕەحمان هەستان و چوونە لای ئۆتۆمبێلەکەوە وەستان. شەمسەس گەڕایەوە بۆ دایەرەی ئەمن، هەر لە دوورەوە پۆلیسە کوردەکەی دی بە بەر

دەرگـادا دەهـات و دەچـوو. کە لێـی نزیـک بـووەوە، پۆلیسـەکە بە ئەسپایی گوتی:
– نۆرەی چوونەماڵەوەم بوو، لەبەر تۆ نەڕۆیشتمەوە، خۆت نارەحەت مەکە، ئینشاڵڵا هیچ نابێت. ئەمەی گوت و شەمسـەی پێش خۆی دا و بردیە ژوورەوە. کە گەیشتنە حەوشەکە، حەمە چاوی بە دایکی کەوت و بە حەپەساوی گوتی:
– دایە! ئەوە هاتی؟ ئەی ماڵت بە قوڕ نەگیرێت، دە تو خوا ئێستە تۆ بۆ وا دەکەی؟
شەمسـە لەبەر دڵـی حەمە و هـاوڕێکەی، داخـی خـۆی کـرد بە ژێـر زەردەخەنەیەکەوە و گوتی:
– ئەی چۆن نایەم؟
یەکێ لەو پۆلیسانەی لەگەڵیان هاتبوون، پێی گوت:
– ئەی پێمان نەگوتی دەیانبەین بۆ موسڵ؟
– ئینجا چییە؟ موسڵ بێت یان عەمارە بێت، هەر لەگەڵی دێم!
حەمە بەزەیی بە دایکیدا هاتەوە، بەڵام دڵپڕییەکەی بە هەندێ توندی و تووڕەیی دەربڕی، گوتی:
– کچێ ئاخر بۆچی دێیت؟ بگەڕێرەوە، دوایی کاغەزت بۆ دەنووسم.
شەمسە بە ئەسپایی پێکەنیی و لەبەر خۆیەوە گوتی:
– بۆ خۆت دەڵێیت، بە خوا پێم بە پێتەوە دەبێت..
دیسان پۆلیس و ئەمنەکان کۆ بوونەوە و حەپسـەکانیان کردەوە نـاو جێبەکە، موسەلەحەیەکیشیان شوێن کەوت و ڕێی موسڵیان گرتە بەر و قەمەرەی شەمسـە و ئەوانـیش بەدوویـانەوە. کە بە نـاو شـاری کەرکووکدا تێ پەڕین، خەڵک لە سـەر جادە و لەمبەر و ئـەوبەرەوە، هەر کەسەیان بە نیازێک دەڕۆیشتن و هەست و هۆشیان زیاتر لای ئیش و کاری خۆیان بوو، هیی وایان هەبوو هەر نەشیدەزانی کە ئەوە جێبـی پۆلیسـە یـا لـۆریی بەرد و گەچ بـوو کە بە لایانـا تـێ دەپەڕی، بەڵام هەندێکیشـیان کە سـەرنجیان بە لای ئۆتۆمبێـل و پۆلیسـەکاندا

ڕادەکێشرا، دەیانزانی کە مەسەلە چییە، بۆیە هەندێکیان لە ژێر لێوەوە دەیانبۆڵاند و جنێویان دەدا بە حکومەت و بە یەکتریان دەگوت: ئەوەتە، چاوت لێیە دیسان کوردیان گرتووە، سەیرکە لە ناو جێبەکەشدا چۆنیان دەورە داون؟ ئەمنی حەرامزادە ئەوەندە زۆر بوون، خەڵک دەبێ هەناسەش بە دزییەوە بدات، هەر ئەوەندە زانییان یەکێک هەر بۆنی نیشتمانپەروەریی لێ دێت، زوو پیلانێکی بۆ ڕێک دەخەن و ڕاپێچی دەکەن! وا دیارە دەبێ یان ببین بە خزمەتکاری حکومەت، یا دایم شەق بخۆین و لە حەپسخانەدا بژین.

هاوڕێکەی جوابی دایەوە و گوتی:

- هەی قوڕ بە سەریان، بە خوا هەتا وا بکەن، دوژمنیان زۆرتر و بەهێزتر و خۆیان بێهێزتر و گڵاوتر دەبن! هیچ دوور نەڕۆین، تۆ زۆر باش دەزانیت من خۆم لە هیچ پارتی و کۆمەڵێکدا نەبووم، تەنها ئەوە بوو کە ئەم زوڵم و زۆرەم دەبینی، هەندێ جار نەمدەتوانی وەک زۆر کەسی تر خۆم بگرم، بۆڵەبۆڵێکم دەکرد، هەرچەند گەڕان، هیچ هۆیەکی سیاسییان نەدۆزییەوە بۆ گرتنم، هاتن بڵێ لەسەر چی گرتیانم؟ کابرایەک لە (شاترلوو) کوژرا، منیان گرت، گوتیان دەستی تۆی تیایە! ئەوەندەیان لێ دام لە حەپسخانە، تا دوو سێ مانگیش دوای بەردانم هەندێ نیشانەی ئازاردان بە لەشمەوە مابوو، خۆ ئەوە هیچ کە هەر یەکەم شەو ئەم دەستەیان شکاندم و هەتا ئێستەس باش ئیشی پێ ناکرێت، منیش لەو کاتەوە سوێندم خوارد کە هەتا ماوم، بە دڵ و گیان دوژمنی ئەم حکومەتە بم! هەندێ ژنی عەبابەسەریش کە چاویان بە دیمەنی ئەو دوو حەپسە دەکەوت، چاویان پڕ دەبوو لە فرمێسک و ئەوەی کوڕ یا برای لاوی هەبوو، دەستی دەکرد بە دووعاکردن لە حکومەت و لە دڵی خۆیاندا دەیانگوت: خوایە کەس عەزیزی خۆی وا نەبینێت لە ناو ئەم زاڵمانەدا! هەندێکی دیکەش کەوا کەسوکار یا دۆست و ناسیاویان هەبوو کە چالاکی نهێنییان هەبێ، بە

مەراقەوە پێیان هەڵگرت تا زوو بچن پێیان بڵێن کە شتێکی وایان دیوە بۆ ئەوەی ئاگاداری خۆیان بن.
حەمە ئەگەرچی نەیدەبردە سەر خۆی، بەڵام لە دڵدا شپرزە بوو، هەروەها بەزەییشی بە دایکیدا دەهاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئاخۆ ئەگەر شتێک لەم بکەن، ئەو بەسەزمانە چیی بەسەر دێت! لەوانەیە بمرێت. جار بە جار لەگەڵ فەرهاد ورتەورتێکیان دەکرد لەبارەی ئەو دیمەن و شتانەوە کە لە ڕێگەکەدا دەهاتنە بەرچاویان. بەڵام گورج بیریان دەکەوتەوە کە بێدەنگ بن باشترە، نەوەکا پۆلیسەکان لێیان تووڕە ببن و تەریقیان بکەنەوە و بێدەنگیان بکەن، بە تایبەتی چونکە لە کەرکووک پۆلیسەکانی سلێمانییان گۆڕی و هیی تازەیان لەگەڵ ناردن کە نەیاندەناسین و دەترسان لەوەی قسەیەکی سووکیان پێ بڵێن، بۆیە ئیتر ورتەیان لێوە نەهات.
کە بە لای باوە گوڕگوڕدا تێ پەڕین، حەمە چاوی بڕییە گڕەکەی کە بە ئاسماندا هەڵدەچوو، ئەو دەورودەرەی وا ڕووناک و ئاوەدان کردبووەوە، دەتگوت هەزار خەڵکی شاییکەر و ڕازاوە دەبینێت، لە ژێرەوە سەیرێکی فەرهادی کرد و بەبێ قسە هەر دەتگوت بە چاو بە یەکتر دەڵێن "وەرە تخوا ئەم ئەرز و خاک و خێر و بێرە هیی نیشتمان و خاکی هەزار ساڵەی باووباپیرانت بێت، بۆچی دەبێ کە ئەم ڕاستییە بڵێیت بگیرێیت و بهاوێژرێیتە زیندانەوە؟ بۆ دەبێ خۆشەویستی و پەرستنی ئەم نیشتمانە ڕەنگینەت و ئەوەی کە بیڵێیت ئەمە وڵاتی کوردە و کوردیش هەقی خۆی ئەوێ، لەسەر ئەمە سزا بدرێت؟"
حەمە ڕووی کردە لایەکەی تر و لە دڵی خۆیدا گوتی:
– قوڕ بە سەرتان! بمرن و لێک ببنەوە، ئەمە هیی کوردە، شێت و هار ببن هەر هیی کوردە! ڕۆژێک دێ کوردیش وەک گەلانی دیکەی دنیا بگات بە هەقی خۆی و خاکی لەژێر دەستی دوژمن دەربهێنێت و ئازاد و شاد بۆ خۆی بژی! بۆ کوێ دەچن!؟

حەمە لێرەدا دوو دێڕ شیعری هاتەوە بیر کە دەڵێ:

بمرن خەیاڵتان خاوە　　　کورد دەمێنێ و هەر ماوە
هێز نییە کورد بفەوتێنێ　　　گەل نەمرە و هەر دەمێنێ

***

قەمەرەکەی ڕەحمانیش گوڕی دابووە خۆی و هەر بەدوایانەوە بوو بۆ ئەوەی لێیان ون نەبن. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ پێچدا، یان کە ئۆتۆمبێلێک بە خێرایی دەهات و بە لایاندا تێ دەپەڕی، نەختێ لە یەک دوور دەکەوتنەوە، بەڵام هەر زوو دەکەوتەوە شوێنیان.

شەمسە کە لە پشتەوە بە تەنیا سوار بووبوو، خەیاڵ بردبووی، حەمەی لا بووبووەوە بە منداڵەکەی جاران: نەخۆشییەکانی، چاکییەکانی، قسەی خۆش و پێکەنینەکانی، هەمووی وەک پەردەی سینەما بە مێشکیدا تێ دەپەڕین. جاروبار لە ماندوێتیدا پێڵووەکانی دەچوونە سەر یەک، لەو چاوتروکانەشدا هەر خەوی پێوە دەبینی، تا لەسەر دەنگی تووڕەبوونەکانی ڕادەچەنی کەوا جنێوی بە حکومەت و دەستەودایەرەی دەدا، یاخود لە خەوەکەیدا حەمەی ماچ دەکرد و شتی دەدایە دەستی کە بیخوات و لەسەر تاسەی ئۆتۆمبێلەکە ڕادەپەڕی.

کوڕەکانیش مات و بێدەنگ لە پێشەوە دانیشتبوون، وایان دەزانی کە شەمسە نوستووە، بەزەییان پیایدا دەهاتەوە و حەزیان دەکرد بنوێ. جاروبار بە دەنگێکی لەسەرخۆ بۆ خۆیان قسەیان دەکرد، بە زۆری ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی، هەریەکەیان بەسەرهاتی خۆی یا خەڵکی دۆست و ناسیاوی دەگێڕایەوە بە دەستی حکومەتەوە و خراپەکانیان دەژمارد کە لە بڕانەوە نەدەهاتن.

***

لای ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتنە موسڵ، جێبەکە لە بەر دایەرەی ئەمندا وەستا کە لە سەرا گەورەکەی موسڵدا بوو، شەمسە و

ئەوانـیش هەر بەدوایـانەوە بـوون تـاکو بـزانن بـۆ کوێیـان دەبەن و شـوێنەکەیان کـوێیە. پاش ئەوەی شەمسـە لەو ڕووەوە دڵنیا بـوو، بە ڕەحمـانی گـوت کە لـێ بخـوڕێ بـۆ مـاڵە ئاشـناکەیان کە ڕەحمـانیش شارەزا بوو، چونکە زۆر جار ئەو شەمسە خانی هێنـابووە ماڵیـان بۆ چـوونە (حەمـام عەلیـل) کە زووزوو لەبەر ئـازاری قـاچ و ئەژنـۆی، ناچاری هاتن دەبوو. ماڵەکە خەڵکی موسڵ بوون، بەڵام وەختی خۆی بە مەئمـووری هـاتبوونە سلێمانی و دراوسـێی مـاڵی بـاوکی شەمسـە بـوون. ئەوسـا شەمسـە تـازە شـووی کردبـوو، جـا بە خـاووخێزانەوە ئەوەندە لەگەڵ یەک تێکەڵ بووبوون، تەنانەت ماڵە موسڵاوییەکە فێری نەختێ کوردی و ماڵی شەمسەش فێری هەندێک عەرەبی بووبوون و بە ئەنـدازەیەک هـۆگری شەمسـە و مـاڵی بـاوکی بووبـوون، بەبـێ یەکتـری نانیـان نەدەخـوارد. لەبەر ئەوە ئێسـتەش دوای ئەو هەمـوو ساڵە کە هەردوو لایان پیر بوون و مناڵیان پێگەییون و بوون بە پیاو، ئێستەش ئەو ئاشنایەتییەیان نەک هەر مابوو، بگرە گەرمتریش بوو!

گەیشتنە بەر ماڵەکە، شەمسـە دابەزی و دای لە دەرگـا، کوڕی مـاڵەکە لێـی کـردەوە و هـاواری کـردە دایکـی و هەمـوو خەڵکـی مـاڵەکە بە خۆشی و پەرۆشەوە هاتن بە پیر شەمسە و ئەوانەوە، کە شەمسـەیان ناڕەحەت و شپرزە دی، ئەوانیش تێک چوون و کەوتنە پرسـینی هـۆی نـاڕەحەتییەکەی، ئەویـش بە کـورتی بـۆی گێڕانەوە و مـاڵەکەش گەلـێ پەرۆش و بەدەنگەوە بـوون و دڵسـۆزییان پیشـان دا و پیاوەکەشـیان دڵی دایەوە و گوتی: خەمت نەبێت، ئەگەرچی خۆم هـیچم پـێ ناکرێت، بەڵام خـزم و دۆسـت و ئاشـنای دەسـەڵاتداری زۆرم هەیە، بەیـانی دەچمە سەریان، پشت بە خوا ڕزگاری دەکەن. هەروەها کوڕەکانیشـی کە یەکێکیـان دکتـۆر و ئەویکەیـان مەئمـوور بـوو، بەڵێنیـان دایە کە هەرچییەکیان لە دەست بێت، درێخی نەکەن.

شەمسـە بەم قسـانە نەختێ دڵـی کـرایەوە و ئەو شـەوە بە دڵنیـایی سـەری نـایەوە و نوسـت، بەیـانی ڕەحمـانی نـاردەوە و خـۆی و خـولە مانەوە.

***

هەفتەیەک بەسـەر مـانەوەی شـەمسـەدا تـێ نەپەڕیبـوو کە بە هەوڵ و تەقەلای مـاڵە خـانەخوێکەی، تـوانیی لەگەڵ ژنـی سـاحێب مـاڵەکە بە کـۆڵێ خـواردەمەنی و میـوە و مەنـجەڵە چێشـتەوە سـەری حەمە و هـاوڕێکەی بـدەن. دوای ئەو چـاوپێکەوتنە بە دوو ڕۆژ، ئێـوارەیەک کـوڕە مەئمـوورەکەی مـاڵەکە بە مـاتی هـاتەوە و چرپەچرپێکـی لەگەڵ بـاوک و دایکـی کـرد و هەنـدێ مـاتەمینی دای گـرتن، لە پـاش نەختـێ، باوکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: بە ڕاسـتی خەبەرێکـی ناخۆشـە! چۆن بەو ژنە بەسەزمانەی بڵێین؟ ڕووی کردە ژنەکەی و گوتی:

– چار نییە دەبێ تۆ پێی بڵێیت!

ژنە ڕاپەڕی و گوتی:

– کێ من؟ وەی چۆن دڵم دێت؟!

– ئەی چۆن، خۆ هەر دەبێ یەکێ پێی بڵێ!

– کوڕەکەیان هەڵی دایە گوتی:

– نـا پێویسـت بە کەس ناکـا، حەمە گـوتی: مـن خـۆم پێی دەڵـێم. ئێوە هەر باسی واشی لا مەکەن.

دایکی لەمەشدا کە ئەرکی بە شەمسە خان گوتنیشـی لە کۆڵ بـووەوە، بەڵام هەم لەبەر ئەوەی کە خۆیشـــی دایــک بــوو، هەم ســـەبارەت بە خۆشەویسـتی و تێکەڵیـی چەنـد سـاڵەی لەگەڵ مـاڵی شەمسـە، زۆر خەمبــار و دڵتەنــگ بــوو، خەریــک بــوو بەو داخەوە بچــێ بنــوێ، کە کوڕەکەی پێی گوت:

– چـونکە ئێوە دەبـێ بەیـانی زوو بـڕۆن بـۆ ئەوەی چاوتـان بە حەمە بکەوێت، پێویستە لە ئێستاوە بە شەمسە خـان بڵێیت کە دەبێ بەیـانی زوو هەستن!

ژنەکە هەر دەهات و دەچوو، لە پاشدا چاری نەما، پێش نوستن بە ڕوویەکی خۆشەوە تەماشایەکی شەمسەی کرد و گوتی:
– ئۆ شەمسە خان! خۆ بیریشم نەبوو پێت بڵێم، عەلی دەیگوت دیسان ئیزنی بۆ وەرگرتووین کە سبەینێ بچین سەر لە کاکە حەمە بدەین!
شەمسە بە خۆشییەوە دووعای خێری بۆ کرد و گوتی:
– ئینجا بۆ زووتر پێت نەگوتم؟ ژنەکە بە زەردەخەنەوە گوتی:
– خۆ ڕاستیش دەکەی، دەبوو زووتر پێت بڵێم، داخم ناچێ بیرم چوو. سەرێکی بادا و گوتی:
– تازە فریای هیچ ناکەوین.. دەی قەیناکا، هەروا نەختێ وردەوپردەیان بۆ کۆ دەکەینەوە.
بەیانی زوو شەمسە و خانەخوێکەی و خولە بە پەلە سەر و چایان خواردەوە و کەوتنە ڕێ.
ژنە ساحێب ماڵەکە کاغەزێکی پێ بوو، لە بەر دەرگای حەپسخانەکە پیشانی نۆبەچییەکانی دا و ئەوانیش ڕێیان دان کە بچنە ژوورێ و یەکێک پێشیان کەوت و دوو سێ ڕاڕەو و پێچی پێ کردن و لە ژوورێک دای نان و خۆی لێی دا ڕۆیشت، نزیکەی نیو سەعاتی پێ چوو، حەمە کردی بە ژووردا و پۆلیسێک بەدوایەوە و بەر لەوەی لای دایکی و ئەوان بەجێی بهێڵێ، تەماشایەکی سەعاتەکەی کرد و گوتی "لە چارەکێ زیاترتان نییە. بۆیە چیتان هەیە زوو بیبڕنەوە." ئەمەی گوت و چووە لای دەرگای ژوورەکەوە ڕاوەستا. شەمسە لە ژێر لێوەوە چەند جنێوێکی بە خۆی و گەورەی دا، ئیتر حەمە لەگەڵ دایکی دەستیان کردە ملی یەک و چاکی و چۆنییەکی گەرمیشی لەگەڵ ژنە خانەخوێکەی دایکیدا کرد، لەگەڵ خولەش دەستیان کردە ملی یەک.
شەمسە لە کوڕەکەی پرسی:
– ئەی ئەوە فەرهاد بۆ نەهات؟ تو خوا چۆنە؟
حەمە لە دڵدا شپرزە بوو، بۆیە دوای ئیستێک گوتی:

- فەرهاد لە ژوورێکی تر بوو، نەیانهێشت بانگی بکەم، قەیناکا، ئەو ڕۆژە دێت و ئێستەش شوکر چاکە.
کابرای پۆلیس سەیرێکی سەعاتەکەی کردەوە و گوتی:
- درەنگە خێراکەن! ئەم جارە ژنە خانەخوێکە نەختێ بە توندی و بە عەرەبییەکی موسڵاوییانە گوتی:
- چی بوو؟ خۆ هێشتا ئێمە دانەنیشتووین! قیامەت هەستاوە دنیا کاول بووە چی!! پۆلیسەکە گوتی:
- درەنگە، دەبێ بڕوات داوای دەکەن!
شەمسە کە بە باشی لێی تێ نەگەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا دڵی داخورپا و گوتی: ئەوە باسی کێ دەکەن؟
حەمە بە زەردەخەنەیەکەوە دەستی خستە سەر شانی دایکی و گوتی:
- دە دیسان دڵی خۆت ناڕەحەت مەکە، ئەمانە ئاگایان لە چییە؟ خۆ تۆ زۆر بەجەرگی، حەز ناکەم وا خۆت ترسنۆک پیشان بدەیت.
شەمسە چاوی لێ زەق بوو، دڵی کەوتە پرتەپرت و بە حەپەساوی تەماشایەکی کوڕەکەی کرد و بە دەم و لێوێکی وشک و زمانێکی قورس کە لە ترس و سەرسامیدا خەریک بوو نەدەگەڕا، گوتی:
- بۆچی چ بووە؟ چیت لێ دەکەن؟ حەمە بێباکانە گوتی:
- ئەم بەشەرەفانە دەڵێن کە دەبێ من دوور بخرێمەوە!
شەمسە موچوڕکێکی پیادا هات و دەستی دا بە سنگیدا و گوتی:
- بۆ کوێ؟ ماڵیان کاول بێت و تەختیان وەرگەڕێت!
شەمسە نەختێ بێدەنگ بوو و ئینجا گوتی:
- دەی قەیناکە، هەر لە بازاڕی مەرگدا نەبێت. شایەتومانێکی هێنا و گوتی:
- وەی باوکەڕۆ! یاڕەبی تۆبە! وای چی خەیاڵێکم کردەوە! دەبوو زوو پێم بڵێیت.
- ئاخر ماوە نەبوو، دەی ئیتر دڵی خۆت ناڕەحەت مەکە.
- باشە، دەیانەوێ بۆ کوێت بنێرن؟ بەکۆی زووخاو بن.

حەمە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:
- بۆ هەر کوێیەک بێت خەمت نەبێت... لێرەدا پۆلیسەکە کردی بە ژووردا و نەختێ بە توندی گوتی:
- دەی هەستە بەسە، ماوەکە تەواو بوو!
هەموو هەستانە سەر پێ، بەدەم هەستانەوە دیسان شەمسە لێی پرسی: ئێستە بۆ کوێت دەنێرن؟
حەمە بە دەنگێکی نزم گوتی:
- ڕەوانەی تورکیام دەکەن، لە زاخۆوە دەمبەن، بۆیە دڵت هیچ نەکا.
سەیرێکی ژنەکەی ئاشنایانی کرد کە بە خەمباری فرمێسک لە چاویدا قەتیس مابوو و گوتی:
- لە کاک عەلی بپرسە، ئیتر ئەو باست بۆ دەکات.
شەمسە وشک بوو، کێشای بە خۆیدا و گوتی:
- بۆ تورکیا!؟ ئەیەڕۆ قوڕ بە سەرم... کابرای پۆلیس هاواری لێ کردن و ڕاوەستا.
شەمسە چاری نەما، کەوتەوە سەرومل و دەموچاوماچکردنی کوڕەکەی و بۆنکردنی، ئینجا حەمە لەگەڵ ژنە ئاشناکەشیان دووعاخوازیی کرد، ئیتر لەگەڵ خولە باوەشیان کرد بەیەکدا و چونکە گریان قوڕگی هەموویانی گرتبوو، بە بێدەنگی لێک دوور کەوتنەوە، حەمە ئاوڕێکی لێ دانەوە و بە دەست جارێکی تر دووعاخوازیی لێ کردن و ئیتر لە پێچی ڕاڕەوەکەدا ون بوو.
شەمسە و ئەوانیش بە دڵی تەنگ و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گەڕانەوە.

***

هەر ئەو ڕۆژە، چەند پۆلیسێک بە موسەلەحەیەک لە ڕێی زاخۆوە حەمەیان گەیاندە دوایین مەخفەری سەر سنووری نێوان عێراق و تورکیا، تاکو لەوێوە تەسلیمی مەخفەری تورکیی بکەن.

پۆلیسەکانی کە لە موسڵەوە هێنابوویان، گەڕانەوە و حەمەیان بە پۆلیسەکانی مەخفەر سپارد.
مەخفەرەکە لە شوێنێکی شاخاویی سەختدا بوو، چەند دێیەکی بچووکی پرشوبڵاوی بە قەدشاخەکانەوە لێوە دیار بوو، هەروەها ناوبەناو زەلام و ولاخ و بارەدار و میوە و شتی وا دەبینران کە بەملاوبەولایدا تێ دەپەڕین.
حەمە لەگەڵ ئەوەشدا کە دواڕۆژی لە خەتەردا بوو، بەڵام کە چاوی کرایەوە و کە دەیبینی پۆلیسەکان بە کوردی قسە دەکەن، لە کانگای دڵیدا هەستی بە پەیوەندی و تێکەڵییەک دەکرد لەگەڵیان، ئەگەرچی پۆلیسەکان هیچ شتێکی واشیان پیشان نەدابوو کە بچووکترین نیشانە بێت بۆ ئەم پەیوەندی و تێکەڵییە.
هەرچەندە بێتەلەکەشیان بە زۆری لە کاردا بوو هەر خەریکی هەلاو هەلاو و شفرەناردن بوو، لەگەڵ ئەمەشدا حەمە لە هەموو ڕۆژەکانی بەندیخانەی موسڵی دڵنیاتر بوو.
لە ناو پۆلیسەکاندا یەکێکی کەڵەگەتی بەعومراچووی سەروڕیش ماشوبرنجیی سووروسپییان تیادا بوو ناوی (یوسف) بوو، لە قسە و جووڵانەوەیدا پیاوێکی لەسەرخۆ و بەحورمەت دیار بوو، لە یەکەم فرسەتدا خۆی لە حەمە نزیک کردەوە و هەندێ پرسیاری لێ کرد، ئەگەرچی پۆلیسەکە بادینی بوو، بەڵام لە تاوا وەکو بلبل لەگەڵ حەمە قسەی دەکرد، ئەو بە بادینی و ئەم بە شێوەی سۆرانی.
حەمە دوو شەو لە مەخفەرەکە مایەوە، ڕۆژی سێیەم پێیان گوت کەوا خۆی حازر بکات تاکو بیبەنە ئەوبەری پردەکە و تەسلیمی پۆلیسەکانی مەخفەری تورکیای بکەن. ئەمە نەختێ ماتی کرد، بەڵام کە دیی تەنها یوسف و پۆلیسێکی تری لەگەڵ دێن، ماتەمینییەکەی ڕەوییەوە.
هەرسێکیان بە پەلە کەوتنە ڕێ، هەندێ لە مەحفەرەکەیان دوور کەوتنەوە.. یوسف لەگەڵ هاوڕێکەی کەتنە چرپەچرپ، یوسف بە

هاوڕێکەی دەگوت: دەڵێی چی با شتێک بۆ ئەم کوڕە بەسەزمانە بکەین؟! گوناحە، ئەویش کوردە وەکو ئێمە، ئێستە بچین هەروا ئەم لاوە بدەینە دەست ئەو تورکانە، هەر خوا خۆی دەزانێت چیی بەسەر دێنن، خۆت دەزانی ئەو سەگبابانە چەندیان ڕق لە کوردە! دەڵێی چی؟
هاوڕێکەی سەری ڕاوەشاند و گوتی:
- وەڵڵا خۆ منیش لەو ڕۆژەوە کە دیومە، زۆر دڵم بۆی دەسووتێ، حەز دەکەم هەرچییەکەم لە دەست بێت بۆی بکەم، دەترسم ئامر مەخفەرەکە پێی بزانێ، خۆت دەیناسی چەند سەگ و سەگبابە! کە لە موسڵەوە ئەمرێکی بۆ هات، دەڵێی ئەستەغفیرەڵڵا لە خواوە بۆی هاتووە...
یوسف گوتی:
- جارێ لەوە گەڕێ! من تۆ دەناسم کە چەند بەدین و لەخواترسی، هەر لەبەر ئەوەشە هەوڵم دا تۆم لەگەڵ بێ تا بتوانین شتێ بۆ ئەم کوڕە باشە بکەین. نە دزە و نە پیاوکوژە، هەر بۆیە ڕقیان لێ هەڵگرتووە کە دەڵێت کوردم!
یوسف سەیری هاوڕێکەی کرد و گوتی:
- دەڵێی چی؟ دەبێ غیرەتمان هەبێ و نەترسین، خواش ئەوەی پێ خۆشە کە جوانکەیەکی وا بێگوناهـ ڕزگار بکەین. هاوڕێکەی لە سەرێکەوە حەزی دەکرد و لە سەرێکیشەوە دەترسا لەوەی نەوەکا لە پاشان کوڕەکە لە شوێنێک بگیرێ و مەسەلەکە ئاشکرا ببێ، ئەوسا ئاخۆ چی بەسەر ئەمان دێنن؟
گەیشتنە پردەکە و ڕاوەستان. یوسف سەیرێکی هاوڕێکەی کرد و گوتی: تۆ هەر هیچ مەکە و لە پەنایەک خۆت مات دە، منیش بەم دۆڵەدا کوڕەکە دەبەم تەسلیمی یەکێ لە خزمەکانمی دەکەم، دوایی دێمەوە لات و پێکەوە دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، چیت گوت؟
- هاوڕێکەی منگەمنگێکی کرد و بە شپرزەیی گوتی:
- باشە، بەشکم لە مەخفەرەکەی تورکیایان پرسی، ئەوسا چی دەڵێیت؟

یوسف دڵی گوشرابوو، بە ئەسپایی گوتی: مەخفەری تورکیای چی؟ بۆچی نایانناسی بە گڵۆسێ جگەرە دایک و باوکیان دەفرۆشن!
ئەم هەموو قاچاخچییە لە کوێوە دێن و دەڕۆن؟! بە تایبەتی بۆ گرتن و حەپس هەر تاقەتیان نییە، خوا خوایانە لە گێرەوکێشە بەدوور بن، قابیلە بێن بڵێن حەپسێ هەبوو بۆچی بۆتان نەناردین؟! دوای ئەوە هیچ لە ئامر مەخفەرەکەمان مەترسە، ئەو لەبەر بەرتیلوەرگرتن و سەودا و موعامەلە لەگەڵ قاچخچی، چیی لە بیرە؟! بە تایبەتیش بڕواش بە من دەکا و وا دەزانێت کە لە سەدا سەد ئیشەکەم بۆ جێبەجێ کردووە.
هاوڕێکەی گوتی:
- بڵێم چی؟ بەڵام بە خوا ئەمە ئیشێکی زۆر پڕ مەترسییە، ئەگەر زانییان، ڕەنگە هەر یەکسەر بمانکوژن!
یوسفی داماو سەیرێکی کرد کەوا مات و مەلوول و بێدەسەڵات لەبەر دەستیاندایە، دەڵێن بڕۆ دەڕوا، ڕاوەستە ڕادەوەستێ و پێشکەوە پێش دەکەوێت. لە دڵی خۆیدا گوتی: چەند پیاوێکی قۆز و لێوەشاوەشە! ئاخۆ ئێستە دایک و باوک و کەسوکاری لە چ حاڵێکدا بن؟ بۆچی چاو بپۆشێت لە غیرەت و پیاوەتیی هاوولاتی و هاوڕەگەزی؟؟ دوور نییە ئەو تورکانە هەر زوو لە کوڵی خۆیانی بکەنەوە و لە ناو ئەو دۆڵە چڕانەی کوردستانی ئەوبەردا گولەیەکی پێوە بنێن، چی لەوانە؟!
یوسف ڕووی کردە هاوڕێکەی و گوتی:
- وەرە شتێک بکەین، دوو سێ سەعاتی تر چەند تەقەیەک بکەین و بڵێین (ڕای کرد لە دەستمان) و خۆی لێ ون کردین، لەوساوە بۆی دەگەڕێین!
هاوڕێکەی گوتی: وا بزانم ئەوە باشە، بەڵام دەترسم سوێندمان بدەن.
- تۆ گوێ مەدەرێ، من هەمووی دەخەمە ملی خۆم، سوێندیش دەخۆم، بۆ ئیشی وا بە درۆ سوێندخواردن گوناح نییە!
هاوڕێکەی گوتی: باشە بڵێم چی؟ بەڵام زۆریش دەترسم.

یوسفیش گوتی: کەواتە تۆ برۆ بۆ خۆت لە شوێنێک دانیشە تاکو من ئیشەکە جێبەجێ دەکەم. ئەمەی گوت و حەمەی بانگ کردە نزیک خۆیەوە و پیلانەکەی خۆی تێ گەیاند و گوتی:
بە کورتی، دەتبەم دەتدەمە دەست باوکم، ئەویش دەتگەیەنێتە (زاخۆ)، ئیتر ئێمە لەوە زیاترمان پێ ناکرێت. حەمە پەلاماری دەستی یوسفی دا و گوتی: بە ڕاستی کاک یوسف تۆ پیاوێکی زۆر مەردی! هەتا ماوم ئەم چاکەیەتم لە بیر ناچێتەوە. باوەڕ بکە دەمزانی تۆ لەو کەسانە نیت کە من بدەیتە دەست ئەو تورکانە. چاوی هەردووکیان پڕ بوو لە فرمێسک و کەوتنە ڕێ بە ناو ئەو دۆڵ و شیوە قووڵ و چڕەدا. کاتێ هاتنە دەرێ، حەمە گوێی لە دەنگی مناڵ و قسەی خەڵک بوو. زانیی کە گەیشتوونەتە ئاوەدانی.
یوسف، حەمەی لە شوێنێک دانا و بە پەلە خۆی کرد بە ماڵێکی بچووکی سەرپەڕدا و هێندەی پی نەچوو گەڕایەوە. کابرایەکی پیری ڕیشسپیی لەگەڵ بوو، دەستی حەمەی دایە دەستی و خۆی بە پەلە گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکەی کەوا هەندێ مات و ترساو هاتە بەر چاوی و گوتی:
- جەوهەر، لەو ئیشە چاکە پەشیمان نەبیتەوە ها! خوا ئیشی وای زۆر پێ خۆشە، خۆ تۆش پیاوێکی موسڵمان و خواپەرستی، ئینجا ئێستە دەبێ ئەوەندەی پێویستە بۆ چوونە ئەوبەری سنوور و خەریکبوون تا ئیشەکەمان دەکرد و دەگەڕاینەوە، لێرە بۆ خۆمان دانیشین، ئەوسا بگەڕێینەوە بۆ مەخفەرەکەی خۆمان.
سەر و جگەرەیان لێ داگیرساند و هاوڕێکەی گوتی:
- دەترسم کە بڵێین کوڕەکە ڕای کرد، بچن دێهاتەکان بگەڕێن و بیدۆزنەوە، بە خوا زۆر لەوە دەترسم!
یوسف بە دڵنیاییەوە گوتی:
- هیچ خەمت نەبێت، تا سەعاتێکی تر هەر لەم ناوەش نامێنێت هەتا بۆی بگەڕێن.

یوســـف و هـــاوڕێکەی بە دڵەکـــوتێی ڕاســـت و مـــاتەمینیی درۆوە گەیشـــتنەوە مەخفەرەکەیـــان و تفەنگەکانیـــان دانـــا و یوســـف چـــووە ژووری ئـامر مەخـفەر، دیـی سـەری قـاڵە بە سـەیرکردن و ژمـاردنی دەســـکەوتی ئەو ڕۆژەیەوە. پەتـــووەمەرەزەی دەخســـتە لایەکەوە و قوتووە پەرداخ و پیاڵەی زەڕلی و گوڵداری هەڵدەگرت و ئەو کیسـەی گـرێ دەدا و ئەوی هەڵدەڕشـت! یوسـف بە تەریقییەکـی دەسـتکردەوە سـلاوێکی لـێ کـرد و گـوتی: سـەعید ئاغـا! بە خـوا ئەم جـارە بەخـتم نەیهێنـا، ئیشـەکەم لە دەسـت دەرچـوو، خـۆت دەمناسـی ئەوە چەنـدین سـاڵە پـێکەوەین و پـێکەوە ئـیش دەکەیـن، هێشـتا قەت دیـوتە ڕۆژێـک خەتایەک بکەم؟

سەعید ئاغا لە کوێ خەیاڵی لای ئەو بوو! بیری لای ئەو قـازانجە بـوو کە لە قاچاخچییەکـان دەسـتی کەوتبـوو، بیـری لەوە دەکـردەوە چـی هەڵگـرێ بـۆ خـۆی چەنـد و چـیش بنێـرێ بـۆ گەورە کاربەدەسـتانی موسڵی! لەبەر ئەوە بەبێ گوێدانە قسەکانی یوسف گوتی:

- هـا یوسـف! چیـیە دیسـان قەومـاوە؟ ماڵکـاول شـت چەنـد گەورە دەکەی! ئەمەی گوت و دەستی برد بۆ یەکێک لە قوتووەکان، خەریک بوو بیکاتەوە.

یوسف بە ماتییەوە سەری بادا و گوتی: زۆر تەریقم نازانم، چۆنت پێ بڵێم! قەت ئەوەندە کەر نەبووم. سـەعید ئەغـا ئەم جـارە سـەری بەرز کردەوە و سەیرێکی کرد و گوتی:

- بۆ بۆ؟ دوور لە تۆ چیت لێ قەوماوە؟

یوسف بە داخەوە هەردوو دەستی دا بەیەکدا و گوتی: حەپسـەکە ڕای کرد! هەر ئەوەندەی تا بە جەوهەرم گوت با بزانم ئەو ڕەشـاییە چییە لەوبەرەوە دیـارە و دووربیـنەکەم دەرهێنـا و ئاوڕمـان دایەوە، کـوڕ نەما، ئەرز قوتی دا، ئاسمان هەڵی لووشی، نازانم!

سەعید ئاغا هەندێ شپرزە بوو، شتەکەی دەستی دانا و بە پەرۆشەوە پرسی: جارێ پێم بڵێ بزانم لەمدیو لێتان ون بوو یان لەودیو؟

- نە بـابە ئەمـدیوی چـی، لە پـردەکە پەڕیبـووینەوە و هەر تـۆزێکی مابوو بگەینە مەخفەری تورک.
سـەعید ئاغـا ئـاهێکی پێـدا هـاتەوە و گـوتی: ئەلحەمـدولیلا، ئەگەر لە دیـوی خۆمـان بـوایە، زۆر خەتەر بـوو چـونکە دوایـی دەگیـرایەوە، بە تـایبەتی کە شـارەزای ئەم نـاوە نیـیە، ئێسـتە دەیگـرن و هەر زووش دەیکەن بـە قوربـانی گولەیەک، قوڕ بە سـەری! یوسف لە دڵـی خۆیـدا گوتی:
- قوڕ بەسەر تۆ! بە خوا ئێستە دانیشتووە، لەگەڵ بـاوکم نـان و گـوێز دەخوات.
سەعید ئاغـا گوتی: باشـە، لای پۆلیسـەکانی تـر باسـی مەکە، هەر بڵـێ بردمان و تەسلیممان کرد، بە جەوهەریش بڵـێ ئاگاداری دەمـی خـۆی بێت!
سـەعید ئاغـای ئـامر مەخـفەر لە ژوور هـاتە دەرێ، پۆلیسـەکانی بانـگ کــرد و پێــی گــوتن کە بە نــۆرە چــاودێریی پــردەکە بــکەن. یەک دوانێکیشیانی بە تفەنگ و دووربینەوە نـاردە سەربانی مەخفەرەکە.

***

مـام عەبـدوڵڵای بـاوکی یوسـفی پـۆلیس، هەر زوو حەمەی بردبـووە ژوورەوە و دەسـتێ شــاڵ و شــەپکی بادینــانیی لە بەر کردبــوو و سـەریشـی وەک خۆیـان بەسـتبوو، بە بـووکەکەی و منـاڵەکـانی گـوت کەوا لە یەکێک لەو دێهاتـانەی نزیکیـان ئیشـێکی بەپەلەی هەیە، دەچـێ بۆ ئەوێ.
لەبەر ئەوەی (مام عەبۆ)، وەکو بانگیان دەکرد، هەموو ژیـانی هەر لەو نـاوچەیەدا بەسـەر بردبـوو، بسـت بە بسـتی ڕێگـەوبـان شـارەزا بـوو، دەیزانـی کـام ڕێـگە باشــە و کـام ڕێگـە ڕێبـواری کەم پیـادا دەڕوا و کامەیان سەلامەتە.
حەمەی دایە پـێش خـۆی و بە قەد شـاخەکاندا کەوتـنە ڕێ تـا تاریـک داهات، ئەوسا لەسەر کانی و ئاوێکی خۆش دانیشـتن پشـوویەکیان دا.

(مام عەبۆ) کیسە و سەبیلەکەی دەرهێنا و سەبیلێکی بۆ خۆی تێ کرد و خستیە بەینی لێویەوە، حەمەش جگەرەیەکی داگیرساند و نەفەسێکی لێ دا. مام عەولا ڕووی کردە حەمە و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

- ئیتر ئەوەندەمان نەماوە، شەویش لە دوویە دەنوین. تاکو سبەینێش خوا کەریمە.

حەمە، کە تەریقی و شەرم و ترس و خۆشی، هەموو لە دڵیدا تێکەڵاو بووبوون، بە تەواوی شپرزەیان کردبوو، سەیرێکی ئەو کابرا پیرە، ئەو دسالەیەی کرد کە چۆن وەکو ئاسک بەبێ وچان ئەم هەموو دۆڵ و شاخ و داخە دەبڕێ و ئەویش لەکن خۆی لاوە و بە کوڕەزای ئەو دەشێت، کەچی هەندێ جار پێی عەیب نەبوایە، پێی دەگوت تو خوا مامە گیان با تۆزێ دانیشین!

بەم خەیاڵانەوە سەیرێکی کرد و گوتی: بە خوا مامە گیان، ڕووم نییە سەیرتان بکەم! بە ڕاستی زۆرم ئەزیەت دان، یا ڕەبی ماڵتان ئاوا بێت، هەتا ماوین خۆم و کەسوکارم مەمنونتانین و لە چاکەتان دەرناچین!

مام عەبۆ دوو مژی چاکی لە سەبیلەکەی دا و تەماشای حەمەی کرد و گوتی: کوڕم باوەڕ بکە ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانمدا و باشترین ئیشە کە کوڕەکەم کردبێتی، بە ڕاستی زۆر پێی سەربەرزم کە ئەم ئیشەی کرد و ئەم پیاوەتییەی لە دەست هات، ئیتر هیچ خەمت نەبێت، کوڕی خۆشەویستی منی، تۆ بۆ میللەتەکەت وات بەسەر هاتووە، ئەگەر ئێمەش پیاو بین، دەبێ یارمەتیت بدەین، هیچ منەتی تیادا نییە.

سەرێکی ڕاوەشاند و چەند جنێوێکی دا بە حکومەت و گوتی:

- ئەم سەگبابانە، بۆیە ویستوویانە بتدەنە دەست تورک، چونکە دەزانن چەند دوژمنی کوردن! ئەگینا بۆچی شوێنێکی تریان نەگوت؟

حەمە بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە گوتی:

- ئێستە ئەوەیان بۆ هەڵبەستووم کە گوایە باپیرم زابتی تورک بووە لە شەڕی یەکەمدا، ئەمەیان کردووە بە بیانوو، دەڵێن کەواتە باوک و باپیری تۆ کوردی تورکیان، بۆیە دەبێ تۆش بچیتەوە ئەوێ، هەرچەندە هاوارم کرد کە ئەمە وا نییە، ئەوەتا هەموو خزمانم، باوکم و مامم و ئامۆزام و خۆیشم هەموو خەڵکی ئێرەین و لێرە لەدایک بووین، فایدەی نەبوو، هەر گوێشیان لێ نەگرتم، ئەمردەرکردن و ڕەوانەکردنم هەمووی بە دوو ڕۆژ بڕایەوە.

مام عەبۆ پەنجەی بە سەبیلەکەیدا هێنا و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی: ئینجا خۆ بەر لە شەڕی یەکەم، زۆربەی وڵاتەکەمان لەژێر دەستی عوسمانیدا بووە و بە سەدان کەسی ئەم ناوە زابتی عوسمانی بوون، کەواتە هەموویان وا لێ بکەن؟! نا کوڕی عەزیز، ئەمە بیانوو بووە بیانوو، کافرن، بێدینن.

حەمە بە ماتییەکەوە گوتی: لە هەموو کەس زیاتر خەمی دایکم دەخۆم، ئێستە ڕەنگە هەر مردبێت، ئەگەرچی ژنێکی زۆر ئازا و بەجەرگیشە، بەڵام گرتن و حەپس و دوورخستنەوەکەم ئەوەندە کتوپڕ بوو، دەترسم وەکو شێت بەرەو ئەم ناوەش هاتبێت.

مام عەبۆ بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

- خەمت نەبێت، ئێستە هەواڵت دەزانێت و دڵی خۆش دەبێت! ئەمەی گوت و گوڕی دا بە خۆی و گوتی:

- دەی کوڕی عەزیز هەستە با ناوی خوای لێ بێنین.

دوو هەنگاو ڕۆیشت و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- یا ڕەبی ڕۆڵە (یوسف) سەرفراز بیت وەکو ئەم ئیشە پیاوانەیەت کرد.

***

عەزیز و هەندێ لە خزمەکانی بە هەڵەداوان گەیشتنە موسڵ و لە ماڵی ئاشنا موسڵاوییەکەیان کۆ بوونەوە و کەوتنە تەگبیرکردن لەگەڵ ماڵەکە کەوا چی بکەن و چییان لە دەست دێت. شەمسە هەر بە جارێک پەکی کەوتبوو و دنیای لە بەر چاو تاریک بووبوو.

سەری لێ شێوابوو، جارێ خۆی گورج دەکردەوە کەوا بڕوا بۆ زاخۆ و ئەو ناوە کە حەمە گوتبووی لەوێوە دەیبەن بۆ سەر سنوور، جارێ پەشیمانیان دەکردەوە. کوڕەکانی ماڵەکەش هەوڵیان دەدا کە بە هۆی خزم و ناسیاویانەوە هەواڵێکی بزانن، هەندێکیان ئەگەرچی لەبەر شەمسە و ئەوان، قسەیان نەدەکرد و هەر هیوایان دەخستە دڵیانەوە، بەڵام خۆیان نائومێد بووبوون. زۆر جار کە کوڕانی ماڵەکە دەهاتنەوە و شەمسە بە پەرۆش و چاوبەفرمێسک دەچوو بەرەو پیریانەوە، لەبەر دڵی ئەو هەندێ دەنگوباسیان بۆ دەگێڕایەوە کە کێیان ناردووە بۆ زاخۆ و کێ چووە بۆ لای مودیری ئەمن و بەم قسانە هیوایەکیان دەخستە دڵیەوە.

دوای دوو ڕۆژ، عەزیز بە ناچاری گەڕایەوە سلێمانی، پاش ئەوەی کە لەگەڵ ماڵە تەگبیری ئەوەیان کرد کە ڕۆژیی دوایی شەمسە خان لەگەڵ یەکێ لە خزمانی ماڵەکە بچێ بۆ زاخۆ، چونکە پیاوێکی جەڵەبچی کە لە بەینی هەردوو سنووردا مەڕوماڵاتی دەکڕی، وەعدێکی دابوونێ کە شەمسە لەگەڵ خۆی بەرێ، بەشکم لەوێ بتوانن بە (بەرتیل و دیاری) هەواڵێکی حەمە بزانن. شەمسە بەمە نەختێ دڵی خۆش بوو و ئاهێکی هاتەوە بەر بەوەی کەوا سبەینێ دەڕوات.

لای ئێوارە یەکێک دای لە دەرگا، ژنی ساحێب ماڵەکە چوو کردیەوە. دی کابرایەکی ئەفەندی بە بەرچنەیەک و کاغەزێکەوە لە بەر دەرگایە.

هەر ئەمی دی، کاغەزکەی دایە دەستی.

ژنەکە، ئەگەرچی نەختێ خوێندەوار بوو، زانیی کە زەرفەکەش ئەدرەسی ئەوانی لە سەرە، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکی کابرای کرد و لێی پرسی ماڵی کێتان ئەوێ برا؟!

– ماڵی دکتۆر عەلی!

ژنەکەش گوتی:

– ئا، فەرموون؟

کوڕەکە گوتی:
- نەخێر زۆر سوپاس، ئیشم هەیە.
ژنەکە بەرچنەکەی خستە ئەم دیو دەرگاکە و خوا حافیزیی لە پیاوەکە کرد و بە پەلە چووە لای کوڕەکەی کە تازە هاتبووەوە ماڵێ و دانیشتبوو باسی سەفەرەکەی سبەینێی بۆ شەمسە دەکرد.
ژنەکە کاغەزەکەی دایە دەستی کوڕەکەی و گوتی:
- کوڕێک هێنای لەگەڵ بەرچنەیەک تەماتە!
کوڕەکە کاغەزەکەی کردەوە و چاوێکی پیا خشاند و سەری بادا و گوتی: تێ ناگەم! جارێکی تریش خوێندیەوە، ئەم جارە بە دەنگێکی هەندێ بەرز، نامەکە بە عەرەبی ئەمەی تیادا نووسرابوو..

**دایە گیان!**
من زۆر باشم زۆر هەواڵتان دەپرسم، خانووی تازەم گرتووە، وا بەرچنەیەک تەماتەم بۆ ناردن، عافیەتتان بێت. سەلام لە هەموو خزمان دەکەم. خانووەکەم لە گەڕەکی "گوندک"ە ژمارەی (٣٧) زاخۆ، ئیتر خواتان لەگەڵ.

**کوڕت**
**سلێمان**

ئەگەرچی شەمسە باش لە نامەکەش نەدەگەیشت، بەڵام بە شڵەژاوی چاوی بڕیبووە دەمی کوڕەکە و دەستی خستبووە سەر دڵی، بەڵام هەر کە گوێی لە ناوی (سلێمان) بوو، قریشکەیەکی کرد و دایە هاڕەی گریان، وەکو مناڵ باوەشی کرد بە کوڕەکەدا و پەلاماری دەست و کاغەزەکەی دا، گرتیە باوەشی و ماچی کرد. ماڵەکە لەمە شڵەژان و قاوقریشکیان تێ کەوت و لە شەمسە خان ئاڵان کە چ بووە و بۆچی وا دەکات؟! شەمسە نەختێ هاتەوە سەر خۆی و بە دەنگێکی نزمی لەرزۆک گوتی: کاغەزی حەمە گیانە، (سلێمان) ناوی ئەوە.

ئینجا فرمێسکەکانی سڕی و بە زەردەخەنەیەکی وەک هیی مردوو گوتی: بە منالّی هەندێ جار بۆ گاڵتە وامان بانگ دەکرد، چونکە زوو زوو دەتۆرا، جا ژنێکی بادینیش دراوسێمان بوو زۆری خۆش دەویست، ئەو فێری ئەم ناوەی کردین، دەیگوت (سلۆ) واتە (سلێمان)، لای ئەوان بە یەکێکی تۆرینۆک دەڵێن، ئەو خۆیشی بە زۆری وای بانگ دەکرد. کە لە قسەکەی بووەوە، شەمسە وەکو بێهۆشی لێ هاتبوو. ماڵەکەش دەوریان دا و کەوتنە دڵخۆشیدانەوەی. ژنە ساحێب ماڵەکە بە شەوقەوە پێی گوت:

- شەمسە خان، ئەوە تۆ چیتە؟ بەو خوایە ئەگەر لە ترسی دراوسێکان نەبوایە کە نامەوێ هیچ بزانن، ئێستە لە خۆشیاندا دەستم دەکرد بە هەلهەلەکێشان!

نزم گوتی: جارێ بێدەنگ بن با بزانین دەبێ چی بکەین؟

کوڕە مەئموورەکەی گوتی: با سبەینێ من بچم بزانم چییە، سبەینێ جومعەشە، دەتوانم بەیانی بچم و ئێوارە بگەڕێمەوە.

باوکی گوتی:

- نەء، هیچ بە تۆ ناکرێت، دەبێ یەکێ بچێت کە بتوانێ چاوی پێی بکەوێت و بەشکم لەگەڵ خۆشی بیهێنێتەوە.

شەمسەش چاوی زەق بووبوو، هەر سەیری دەمی دەکردن و بڕوای نەدەکرد کە ئەم قسانە ڕاستن و باسی حەمەی کوڕی دەکەن؟ لە ژێر لێویشەوە هەر ورتەورتی بوو، ژنی ساحێب ماڵەکە بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە دەستی بەرز کردەوە و گوتی:

- دەزانن کێ بچێ باشە؟

مێردەکەی قسەکەی قۆستەوە و پرسی:

- کێ؟ دایکی عەلی!

- من دەڵێم، من و عەبدولکەریمی زاوامان بچین لە هەموو کەس باشترە. ئەو زابتە و کەس سەیری ئۆتۆمبێلەکەی ناکات.

دکتۆر عەلیی کوڕی، کە پیاوێکی ژیر و لەسەرخۆ بوو، گوتی:

- جارێ ڕاوەستن، مەیکەن بە هەرا، با لە پێشەوە یەکێک بچێ بۆ ئەو ئەدرەسە بزانێت چییە؟
برا مەئموورەکەی کە لەو بچووکتر بوو، گوتی:
- باشترین شت ئەوەیە، سبەینێ من لەجیاتیی شەمسە خان لەگەڵ محێدین لە پێش لۆرییەکەوە سوار بم و بچم، خۆ ئەو نازانێت کەوا شەمسە خان ناڕوات، بۆیە ئەو هەر دێت، بە تایبەت کە ئێمە ناتوانین خەبەری بدەینێ کە نەیەت، خوا دەزانێت ئێستە لە چ قوژبنێک خزاوە و خەریکی چ کەینوبەینێکە؟ بە کەس نادۆزرێتەوە، بۆیە ئەو هەر دێت و منیش بێدەنگ لەگەڵی دەڕۆم.
باوکی سەری بادا و گوتی:
- بەڵام کوڕم، دەبێ زۆر وریای خۆت بیت، نەخەڵەتابیت هیچی لا بدرکێنیت، بیرت نەچێت کەوا پیاوێکی زۆر تەنافباز و پوولەکییە و هیچ جێی بڕوا نییە.
- بابە گیان، لەوە مەترسە، زۆر چاکی دەناسم، هەر لە ڕێگە دادەبەزم و لەگەڵی ناچم بۆ زاخۆ.
- زۆر باشە، لە دووڕێیانەکەی دەچێ بۆ دهۆک، دابەزە.
دایکی عەلی بە بێزارییەکەوە گوتی:
- کورە بابە ئەوەی بۆ چییە؟ نە محێدین و نە شەمسەدین دەچن، خۆم لەگەڵ عەلی دەچم، هەواڵێک دەپرسم بزانم چییە. با عەلی هەر توخنی گەڕەکەکەش نەکەوێت.
لەسەر ئەمە ڕێک کەوتن.
ئەو شەوە شەمسە خان لە خۆشیاندا خەوی لێ نەدەکەوت. لەگەڵ خولەی برازای هەر قسەیان دەکرد و دووعای خێریان بۆ ئەم ماڵە باشە دەکرد کە چەند بەغیرەت و مەردن و چەند بە تەنگی خەڵکەوەن. خولە گوتی:
- تو خوا کێ بڕوا دەکات ئەم ماڵە لەبەر ئاشنا و ڕەفیقیان خۆیان و کوڕیان بخەنە مەترسییەوە؟ ئاگات لێ بوو کە ماڵیان دەپشکنی، چۆن هەندێک خزمی نزیکیشمان تا بەینێ نەیاندەوێرا بێن بە ماڵماندا؟

- چاکم لە بیرە. ئەی هەموو جارێک هەروا نەبووە؟ کە شتێکمان لێ دەقەومێت، خۆیانمان لێ دەشارنەوە و کە تۆزێک دونیاش خۆش دەبێت، ماڵەکە بەرناکەوێت.

***

پاش چەند ڕۆژێک شەمسە خەبەری حەمەی وەرگرت و دڵنیا بوو کە بە سەلامەتی گەیەنراوەتە کەرکووک و براوەتە ماڵی یەکێک لە هاوڕێ خەباتکەرەکانی و جێگەی باش و سەلامەتە، ئیتر ئەویش ماڵئاوایی لە ماڵە موسڵاوییە ئاشناکەی کرد و بە دووعا و سوپاسێکی زۆرەوە گەڕایەوە سلێمانی و خۆی وەک دایکی یەکێکی گیراو و دوورخراوە پیشانی خەڵک دا. خزم و ئاشنا بە دزی و ئاشکرا دەوریان دا و هاوبەشیی خەم و دەردیان دەکرد و دڵیان دەدایەوە! دیار بوو کەس نەیدەزانی حەمە نەجاتی بووە و خۆی شاردووەتەوە!

***

ماڵی هاوڕێکەی حەمە لە گەڕەکی (ئاخر حسەین) بوو لە شاری کەرکووک، هاوڕێکەی ناوی (تەحسین) بوو، دوکانی سەوزەفرۆشیی هەبوو، هەتا بڵێی کوڕێکی ئازا و بەجەرگ و کوردێکی دڵسۆز بوو، هەمیشە لەناو بارە سڵق و خەیار و سەوزییەکانیدا بەیاننامە و نوسراوی قەدەغەی دەهێنا و دەبرد بۆ بڵاوکردنەوە، زۆر جاری وا هەبوو لەبەر ئازایی و چاونەترسی هەر بە ڕێکەوت لە تووشبوون و گیران ڕزگاری دەبوو! خێزانەکە شەش کەسی هەبوو، هەر لە دایکە پیرێ ژنەکەیەوە تا مناڵەکانی هەموو هەروا ئازا و بەجەرگ بوون.

دولبەری ژنی، نەک هەر ژنێکی گورجوگۆڵ و زیرەک بوو، خەیاتێکی زۆر چاکیش بوو، هەمیشە ماڵەکەیان بەرنەدەکەوت لەبەر هاتوچۆی ئەو ژنانەی بۆ دروونی جلی کوردی و مۆدە دەهاتنە لای.

کە ئێواران مێردەکەی دەهاتەوە، هەر زوو دولبەر دەیبردە ژووری خەیاتییەکەی و بە وردی هەموو ئەو قسە و دەنگوباسانەی بۆ دەگێڕایەوە کە ژنە هاتوچۆکەرەکانی بۆیان گێڕاوەتەوە یا لێی

دەرهێناون بە دواندنی شەیتانانەی خۆی، بە تایبەتی قسەی ژنی قۆمیسەرێک کە زۆر هاتوچۆی دەکرد و زوو زوو جلی بۆ دەهێنا بۆی بدوورێت. مێردەکەشی پوختەی دەنگوباسەکانی دەگەیاندە پارتی. جگە لەمەش، دولبەر هاوکارییەکی باشی مێردەکەی دەکرد. هەموو نووسراو و بەیاننامە و کەرەسەی قەدەغە و تایپ و ئەو جۆرە شتانە، دولبەر ڕێوشوێنی بۆ دەدۆزینەوە و بۆی دادەنان و دەیشاردنەوە و سەرپەرشتیی دەکردن. لەگەڵ مێردەکەیدا ناو و قسەی تایبەتیان هەبوو بۆ لەیەکگەیشتن لە کاتی پێویستدا.

***

هەرچەندە حەمە لەم ماڵە ئاهێکی پیادا هاتەوە، بەڵام تا ماوەیەکیش کە بە شەو خەبەری دەبووەوە، ڕادەپەڕی، باوەڕی نەدەکرد کە ئەمە ئەوە وا لەو حەپسی و دیلی و ترسە نەجاتی بووە! زۆر جار خەوەکەی لێ دەزڕا و خەیاڵ دەیبردەوە بۆ مەخفەر و سەر سنوور و بیری دەکردەوە کە ئەگەر کاک یوسف بترسایە و ئەو پیاوەتییەی لەگەڵ نەکردایە، ئاخۆ ئێستا لە کوێ و لە چ حاڵێکدا دەبوو! زۆر جار لە دڵی خۆیدا دەیگوت "تۆ بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانێت چاکەی کاک یوسف و مام عەبۆی باوکی بداتەوە؟!"

قسە خۆشەکانی ئەو پیرەمێردە دەمبەپێکەنینەی بیر دەکەوتەوە لەگەڵ نەسیحەتە باوکانەکانی، گورجوگۆڵی و ڕیشە سپییەکەی هەر لە بەر چاو بوو کە دەهاتن بەدوایدا، هەروەها سەروچاوە هێمنەکەی کاک یوسفیشی هەر لە بەر چاو بوو، بە دڵ بیری دەکردن. ئەوەی لە ماڵی تەحسین دڵی حەمەی کردبووەوە، هەر ئەوە نەبوو کەوا ماڵێکی چاک و باش و کوردپەروەر بوون و ئەوەندە خزمەتیان دەکرد هەندێ جار تەریق دەبووەوە، بەڵکو ئەوەیش بوو کە (میمکە بەگم)ی دایکی هاوڕێکەی، پیرێژنێکی زۆر قسەخۆش و بەخزمەت بوو، زۆر خەمی ئەمی دەخوارد، بە ئەندازەیەک، هەندی جار تا حەمە ئاوڕی دەدایەوە، میمکە بە سینییەوە دەیکرد بە ژووردا، ئیتر هەر چای بۆ دەهێنا و

چەرەزی بۆ دەهێنا، میوەی بۆ دەهێنا، حەمەش هەرچەندە هاواری دەکرد، فایدەی نەبوو، ئەو هەر لە سەر سینی هێنانی خۆی دەڕۆیشت و دەیگوت دەبێ بیخۆی، هەمووی لە لایەک و چاهێنانەکەی لە لایەک. ئەوەندە چای بۆ دەهێنا و ئەم بە ناچاری لێی وەردەگرت، هەندێ جار نەیدەخواردەوە یا لە بیری دەچوو. کە گوێی لە دەنگی پێی میمکە دەبوو کە دەهات شتێکی تری بۆ بهێنێت، ڕادەپەڕی و بە پەلە پیاڵە چایەکەی دەڕشتە ناو دەستشۆرەکەی تەنیشتیەوە. هەروەها میمکە هەر دوو سێ ڕۆژ جارێ جلی بە حەمە دادەکەند کە بۆی بشوات، هەرچەند دەیگوت بە خوا پووری گیان، بە خوا تازە لە بەرم کردووە، هێشتا گەردیان لێ نەنیشتووە، فایدەی نەبوو. هەندێ جار حەمە تاقەتی نەدەبوو ئەوەندە خۆی بگۆڕیت، جلە پاکەکانی دەدایە دەست و دەیگوت ئەمەتا جلە پیسەکان! هەر بۆ ئەوەی میمکە نارەحەت نەبێت، چونکە دەیزانی ئەو وای پێ خۆشە و ئەو هەموو بە تەنگەوە بوون و بەدەورهاتنەی، خۆشەویستی و بەزەییە کە بەرامبەری دەری دەبڕێت.

***

سێ مانگێکی پێچوو کە حەمە لەو ماڵەدا بە دڵنیایی مایەوە، دوای ئەوە ڕۆژێک پاش ناشتاکردن، خێزانەکە هەر کەسەی چووبوو بە لای ئیش و کاری خۆیەوە، دولبەر و خەسووشی خەریکی ماڵکۆکردنەوە و شتنی پیاڵە و قۆری بوون، بە پەلە دراوسێیەکیان خۆی کرد بە ماڵدا و گوتی: دولبەر خان، خێراکە کاک تەحسین لەسەر تەلەفون بانگت دەکات، زۆر پەلەیەتی، زووکە! دولبەر دڵی داخورپا و لە دڵی خۆیدا گوتی: "یا خوا خێر بێ، ئاخۆ چی قەوماوە پەلەیەتی!" بە پەلە شتەکەی دەستی دانا و پەلاماری عەباکەی دا و بە لۆقێک خۆی گەیاندە ماڵەکە و تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و گوتی:

– هەلاو! تەحسین چییە خێرە؟

– چاک گوێ بگرە، هەر ئێستا منداڵەکان و دەفتەر و کتێبیان بەرەو بڕۆن بۆ ماڵی خاڵت، دەعوەتێکی زۆر گەورەیان کردووە و ئێوەش لەوێ بن! دولبەر ڕەنگی هەڵبزرکا و گوتی:

- باشە ئەی ڕەسمە گەورەکە چی لێ بکەم؟
- ئەویش بە دیاری بەرە بۆ ئەوان، هەر بۆ ئەوانیشم کڕیبوو. دولبەر لەبەر ماڵەکە ئەوەندەی پێ کرا، خۆی هێمن کردەوە و ماڵئاوایی لێکردن و گەڕایەوە ماڵێ و هەر لە ڕێوە خەسووی بانگ کرد و بە شپرزەیی گوتی:
- ئای قوڕ بە سەرم! بە خوا دەبێت شتێکی گەورە قەومابێت و ڕەنگە هەر ئێستا پۆلیس و ئەمن بێنە سەرمان، ئینجا نازانم کاکە میوانەکەمان چۆن دەرباز بکەم! ئینجا ڕای کردە لای حەمە و مەسەلەکەی تێ گەیاند تا بە پەلە خۆی حازر بکات.
میمکە زوو عەباکەی دا بە سەریدا و چوو بۆ ماڵی برازاکەی کە هەروا دوو خانوو لێیانەوە دوور بوو، ئۆتۆمبێلێکی شڕی هەبوو. میمکە چرپەچرپێکی کرد لەگەڵ کوڕەکە و بە پەلەپڕووزێ هاتەوە ماڵێ و بە بووکەکەی گوت کەوا برازاکەی هەر ئێستا دەگاتە لایان.
دولبەر بە شپرزەیی هەندێک وردەکاغەزی خستە کیسەکەیەوە، حەمەی بانگ کرد و خێرا خۆیان گەیاندە ئۆتۆمبێلەکە، ئەمان خەریک بوو سوار بن و (موسەلەحە) یەک و جیبێکی ئەمن و پۆلیس گەشتنە بەر دەرگاکەیان و ئەمانیان دابەزاند و گێڕایاننەوە ژوورێ و پۆلیس و ئەمن داڕژانە حەوشەکەیانەوە. هەر زوو قۆمیسەرەکەیان لە دولبەری پرسی:
- تەحسین عەبدوڵلا چیی تۆیە؟ دولبەر عەباکەی باش لە خۆیەوە پێچابوو، گوایە شەرم دەکا لەو هەموو پۆلیس و ئەمنە! کە لە ڕاستییشدا خۆپێچانەوەکەی لەبەر کیسە کاغەزەکە بوو کە پێی بوو، دولبەر ورەی خۆی بەرز کردەوە و گوتی:
- من خێزانی ئەوم، دەستێکیشی بۆ میمکە درێژ کرد و گوتی: ئەمیش دایکیەتی.
قۆمیسەرەکە ئینجا ڕوی کردە حەمە و گوتی:
- ئەی ئەم کوڕە چیتانە؟

- پوورزامه، هاتبوو به دوامدا بچین سەرێک له خزمێکی نەخۆشمان بدەین له خەستەخانه. ئەم پرسیار و سەرکردنه سەرەی دولبەر، له لایەن کابرای قۆمیسەر و ئەمنەوە، هەموو لەشی کرد به ئارەق و هەستی به لەرز دەکرد له ناوسکیدا، خەریک بوو چۆقەی ددانی بێت، زۆریشی له ترسی حەمه بوو که ئەگەر ئێستا بیگرن، چیی بەسەر بێنن. بێجگه له کاغەزەکانی ژێر هەنگڵی.

میمکه ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، له دڵدا هەر دووعای دەخوێند و هاواری خوای دەکرد و له خۆیان زیاتر خەمی حەمەی بەستەزمانی بوو.

ئەمن و پۆلیسەکان ڕوویان کرده هەیوان و ژوورەکان.

دولبەر هەر ئەوەندەی نەمابوو گەشکه بکات که بینی وازیان له حەمه هێنا و ڕوویان کرده ژوورەکان، دیار بوو حەمەیان نەدەناسی، به تایبەتی که حەمه لای حکومەت ئێستا دەبوو له حەپسخانەی تورکیا بێت. یا لەوێ لەناویان بردبێت. بۆیه حەمەش زانی که نەیانناسی، له حەوشەکەدا هەر بۆ دەرفەتێ دەگەڕا، بەڵام هیچ ماوەی نەبوو، چونکه پۆلیس لەبەر دەرکی حەوشه ڕاوەستابوون، هەندێکیش له حەوشه بوون. حەمه دامابوو لەگەڵیان ڕاوەستێت نەوەکو بیناسنەوە، به تەنیا بچێت له ژوورێ دانیشێت ڕەنگه بڵێن خۆی دەشارێتەوە، ناچار لەگەڵ کوڕه ئۆتۆمبێلچییەکەی برازاکەی میمکه له لایەکی هەیوانەکه ڕاوەستان و ورتەورتیان دەکرد، پۆلیس و ئەمن هەموو ژوورەکانیان سەرەوژێر کرد و هەرچی لەو ماڵەدا هەبوو، هەموویان پەرشوبڵاو کردەوە و هیچیان نەدۆزییەوە، یەکێکیان به دەنگێکی وەک هەڕەشه گوتی:

- دەبا ئیتر لەگەڵ سلّق و کەرەوز نەشره بڵاو بکاتەوە! ئێستا دەیبینێت نەشره بڵاوکردنەوە چۆنه! ڕووی کرده دولبەر و گوتی:

- دوکانی چاکتان دانابوو...ها؟

دولبەر ڕقی هەستا و نەختێ به توندی گوتی:

– دوکانمـان چییەتـی؟ کـابرا بە زەردەخەنەوە سـەیری کـرد و سـەری ڕاوەشاند و گوتی:

– ئێستا دەزانیت! کە هـاتی سـەری بدەیت لە حەپسـخانە، ئەوسـا پێت دەڵێت. دولـبەر سـرِ بـوو، زانیـی کە تەحسـینیان گرتـووە. لە پشـکنینی ژوور بوونەوە و خەریک بـوون بـڕۆنە دەرێ، کە یەکێک لە ئەمنەکان چرپەچرپێکی بە گوێی قۆمیسـەرەکەدا کـرد و لە ژوورەکە هـاتە دەرێ هەردووکیـــان بە جـــووتە چـــوونە بەر دەمـــی حەمە. قۆمیســـەرەکە سەیرێکی کرد و گوتی:

– نـاوت چیـیە؟ حەمە هەنـدێک دەمـی تێکەڵـوپێکەڵ بـوو، گـوتی: قـادر مستەفا.

– کوا هەویەکەت؟

حەمە دەستی برد بۆ گیرفانی بەربـاخەڵی. هەویەیەکی بۆ دەرهێنـا کە ماڵە موسڵاوییەکە بۆیان دروست کردبوو.

– دوکانی چیت هەیە لە چەمچەماڵ؟

– دوکانی کوتاڵفرۆشتن.

– دەبێ بێیت لەگەڵمان.

– بۆچی چیم کردووە؟ من بە میوانی، بەیانی هـاتووم و ئاگـام لە هـیچ نییە!

– دەبێ بێیت، چونکە هەندێ پرسیارت لێ دەکەین.

حەمە زانیـی کە ئەوەی چرپانـدی بە گـوێی قۆمیســەرەکەدا، شـێوەی کـردووە. حەمە شـڵەژا و هـاتەوە بیـری کە ڕەنـگە ئەو دەموچـاوەی دیبێت.

حەمەیان سواری جێب کرد و برازاکەی میمکەشیان برد و ڕۆیشتن.

دولبەر و خەسووی بە جارێک سەریان لێ شـێوا. هەرچەنـدە کەس بە پریاسکەکەی بـن هەنگڵـی دولـبەری نەزانـی، بەڵام لەبەر مێردەکەی و حەمەی قاچـــاخی بەســـتەزمان کە بە هەزار فەلاکەت لە دەســـتیان نەجاتی بووبوو، ئێستا بیناسنەوە، ئاخۆ چ بەڵایەکی بەسەر بێنن؟!

دولبەر کەوتە هەڵپەهەڵپ لە ناسیاو و خزم و کەس و بە پەلە خۆی گەیاندە ژنی قۆمیسەرەکەی ئاشنای کە بەشکم بە هۆی مێردەکەیەوە هیچ نەبێ، هەواڵێکیان بۆ بپرسێت.

ژنەکە هەندێ شێتۆکە بوو، هەر زوو کەوتە دڵدانەوەی دولبەر و گوتی:

– خەمت نەبێت هەر ئێستا هەواڵیان دەزانی. پەلاماری تەلەفۆنی دا و لەگەڵ مێردەکەی قسەی کرد و بۆی گێڕایەوە. دوای نیو سەعاتێک ئەویش تەلەفۆنی کردەوە و گوتی:

– ئێستە دێمەوە ماڵێ و پێتان دەڵێم.

دولبەر داما کە خەبەر بنێرێت بۆ دایک و کەسی حەمە یا چی بکات! ئاخری ناچار جوابی بۆ ناردن.

جارێکی تریش سەری ماڵی قۆمیسەری دایەوە، پیاوەکە هاتبووەوە ماڵێ و بە ماتییەکەوە هەموو شتێکی گێڕایەوە و گوتی:

– وەڵا چیت لێ بشارمەوە، چوومە بنجوبناوانی، مەسەلەکە ئەوەیە هەندێ گیراون لە بەغدا و لەژێر ئەشکەنجە و ئازارا، ڕاستییان لەسەر چەند کەسێک گرتووە و ناوی مێردەکەشتیان هێناوە، لەبەر ئەوەش وا لەپڕ چووبوونە دوکانەکەی و دەشڵێن زۆر شتی لێ گیراوە، ئەو کوڕەش کەوا دەڵێن لە حەپسخانە ڕای کردووە، ئەویش زۆر شتی لەسەرە و تازە ڕەوانەی بەغداش کران.

دولبەر گەڕایەوە ماڵێ و بە هەردوو چەپۆک کێشای بە سەری خۆیدا و گوتی:

– بە خوا تازە تەواو، هەردووکیان تێدا چوون، دەیانکوژن!

شەمسە دیسان بە هەڵەداوان و پەرۆش و دڵەکوتێ گەیشتە کەرکووک بۆ ماڵی دولبەر، هەردوو لایان پەرێشان بوون. شەمسە ئەم جارە ورەی بەردابوو، هیچ ئومێدی نەمابوو، دەیگوت تازە ئیتر حەمە چوو، ڕەنگە ئیتر نەیبینمەوە!

دوو شەوی زۆر ناخۆشیان بردە سەر. شەمسە دەیگوت و میمکە بۆی دەسەندەوە، دولبەر قسەی نەمابوو، وەک بێهۆشی لێ هاتبوو، دەتگوت خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە!

ئەگەرچی شەمسە بێئومێد بووبوو لە کوڕەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەوێ ڕاپەری و گوتی:

- بەیانی خۆم دەگەیەنمە بەغدا، بە هۆی ناسیاوێک، کەسێکەوە، بەشکو هەر بزانم چییان لێ هات. دولبەر گوتی:

- منیش خەریک بووم وا بڵێم، کەواتە بەیانی زوو خۆم و خۆت دەکەوینە ڕێ ئینشاڵڵا.

***

بەیانی شەبەقی هەستان نوێژەکانیان کرد و خەریکی خۆیان بوون، میمکەش بەو دڵە شکاو و ناڕەحەتیەوە کە نەیدەزانی ماڵەکەی ئەویش چی لێ دەکەن! بەڵام ئەوەی لە بیر نەچوو کە شەمسە خان میوانیانە و بێئارام و چاوبەفرمێسکە، لەبەر ئەوە سەرەرای حاڵی خۆی، هەر بە دەوری ئەودا دەهات و هەمیشە خەمی ئەوی بوو. ئەو بەیانییە بە ناچاری و زۆری میمکە دانیشتن نان و چایەک بخۆن، ئینجا بکەونە ڕێ، شەمسە لەبەر دڵی ئەو پیرێژنە دەروونکراوە و دڵسۆزە، چایەکی خستە بەردەمی خۆی و دەستی کرد بە تێکهەڵدانی. ماتومەلوول، خەیاڵ بردی و بە دەوری حەپسخانەکانی بەغدادا سووڕاندیەوە و حەمەی کوڕی دەهاتە بەر چاو کە ڕەنگە ئێستا لەژێر چ ئازاردانێکدابێت! وەرە خوایە بکە بە هەزار بەدبەختی و شەونخونی و زەحمەت و هیلاکی کوڕ گەورە تا پێی دەگەیەنیت، کەچی هەروا بە ئاسانی زۆردار و دڕندە لە باوەشتی دەربهێنن و بەبێ هیچ تاوان و گوناهێک بیبەن و بە کەیفی خۆیان ئازاری بدەن یا بیکوژن. هەروا بێخەم و بێباک، هەر وەک شتێکی بێبەها و سووک و بێگیان یا جانەوەرێکیان کەوتبێتە بەر دەست! بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەو کەسەی وا ئازاری دەدەن و دەیکوژن، چەند خۆشەویست و نازدارە لای کەسوکاری! ئەو دارەی ئەوان بێباکانە بۆی ڕادەوەشێنن، یەکێک هەیە ئەو جێدارە بە فرمێسکی چاو بشوات و دڵی خۆی بکات بە

قەڵغـان بـۆی تـا دارەکە بەر دڵـی ئەم بـکەوێ لەجیـاتیی ئەو کە ئەو کەسەش دایکیەتی.
شەمسە، بە لکی سەرپۆشەکەی فرمێسکەکانی سڕی و دەستی برد بۆ پیاڵە چاکەی. کە دراوسـێکەی ئەودیویـان لە سـەربانەوە سـەری شـۆڕ کردەوە بە سەر حەوشەکەیاندا و بە پەرۆش و شپرزەییەوە قیژاندی: "دولـبەر خـان! دولـبەر خـان! ڕادیـۆ بـکەنەوە، بەغـدا هەرایەکە دەڵێـی قیامەت هەستاوە!" ئەمەی گوت و ڕای کردەوە خوارێ.
دولبەر بە حەپەساوی ڕای کرد چوو ڕادیۆکەی کردەوە و بە ترس و دەسـتێکی لەرزۆکەوە خسـتیە سـەر بەغـدا، دڵیشـی کەوتە پەلەپەل و چاوی زەق بوو، خەریک بوو لە هۆش خۆی بچێت، چونکە نەیدەزانی چییە! هەر مارشی عەسکەری بوو. شەمسە و میمکە ڕایان کرد بۆ لای کە بزانن چی بووە! دولبەر حەپەسابوو، ئیشارەتی کرد کە جارێ بێـدەنگ بـن. مۆسـیقای عەسـکەری تەواو بـوو، یەکـێ بە گەرمـیەوە هاواری کرد و گوتی:
"هاونیشـتیمانییە خۆشەویسـتەکان، وا ڕۆڵە دڵسـۆزەکانتان بنـاغەی خیانەتیـان هەڵتەکانـد، خێـراکەن وەرن لە دەوری شۆڕشـەکەتان کـۆ ببنەوە، وا بەغدامان پاک کردەوە لە نۆکەر و پاشماوەی ئیستیعمار، لە خائینانی میللەت."
دولبەر یەک قریشکەی کرد و پەلاماری شەمسە خان و خەسووی دا و گوتی:
- ئـای هـاوار خـوایە، ئەمە چیـیە! دەمـی تێکەڵـوپێکەڵ بـوو هەر ئەوەنـدەیان زانـی لەمـلا و لەولایـانەوە دەنگـی هەلـهەلە بەرز بـووەوە، تـۆزێکی پـێ نەچـوو بـوو بە هەرا لە کـۆڵانەکەدا، یەکێـک بە پەلە و بە مسـتەکۆڵە لە دەرگاکەیـانی دا، دەرگایـان کـردەوە، ئاشـنا و دراوسـێ داڕژانە حەوشـەکەیانەوە، هەنـدێک هەڵـدەپەڕین و هەنـدێک سـڵاواتیان دەدا و هەنـدێک حەپەسـابوون، ڕادیـۆش پەیتاپەیتـا تەلـەگرافـی پشتیوانیی سوپای عێراقی دەخوێندەوە.

شــار بە جارێــک ورووژا، هەنــدێک لە خۆشــیاندا جێیــان بە خۆیــان نەدەگرت، هەندێکی تر کە سـەر بە ڕژێمـی نۆکەری بوون، بە جارێک کۆستیان کەوت و لە ترساندا خزانە ماڵەکانیانەوە و نەیاندەوێرا بێنە دەرێ. هەروا یەک دوو سـەعات پـاش بڵاوکـردنەوەی بەیاننـامەیەکی شۆڕش، پارتییش بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ سەرکردایەتیی شـۆڕش نارد، تیایدا پشتیوانیی پارتی و گەلی کوردی بۆ دەربڕین. دوای چەند ڕۆژێـک سـەکردایەتیی شـۆڕش لێخۆشـبوونێکی گشـتیی بـۆ هەمـوو بەنـدییە سیاسـییەکان دەرکـرد، حەمە و تەحسـین و سـەدان خەڵکـی گیراوی تریش کە چەندین ساڵیان لە بەندیخانەکانی ئەو ڕژێمە پیسەدا بەسـەر بردبـوو، هەمـوو بەردران کە تەنـانەت هەنـدێکیان ڕۆیشـتنی ئاساییشـیان لە بیـر چووبـووەوە! یـا ڕایـان دەکـرد یـا زۆر لەسـەرخۆ دەڕۆیشتن!

شەمسە بە دڵێکی پڕ هیواوە گەڕایەوە سلێمانی و خـزم و کەسـی تێـی ئـاڵان، هەمـوو لە خۆشـیاندا وەک لە جەژنـدا بـن وابـوو، دەسـتیان دەکردە ملـی یەکتـری و گەردنئازاییـان لەگەڵ یەک دەکرد، بە تـایبەتی ئەو مـــاڵانەی کە کـــوڕ و خـــزم و کەســـوکاریان لە حەپســـخانە و خۆشاردنەوە ڕزگاریان بووبوو.

پاش دە دوانزە ڕۆژێ، عەزیز و برادەرانی و ژمارەیەکی زۆری کورد لە هەمـوو شـارەکانی کوردسـتانەوە بە نـاوی وەفـدی کوردسـتانەوە ڕوویـان کـردە بەغـدا بـۆ دەربڕینـی پشـتگیری و دڵسـۆزیی کـورد بەرامـبەر بە شۆڕشـەکە. هەر لەو ڕۆژەدا کە خۆپیشـاندانی وەفـدی کوردسـتان لە ئێوارەکەیـدا کـرا، دەسـتووری کـاتیی عێـراقیش بـڵاو کــرایەوە کە لە مـــاددەی ســـێیەمیدا گوترابـــوو "عەرەب و کـــورد لە نیشـتیماندا هاوبەشـن و ئەم دەسـتورە ددان بە هەقەکانیانـدا دەنـێ." خەڵکی شارەکانی کوردستان کە گوێیان لەم دەنگوباسە خۆشە بوو کە ڕادیـۆ بـڵاوی کـردەوە، دیسـان کردیـانەوە بە جەژن و شـایی و هەڵپەڕکێ.

حەمە گەڕایەوە سلێمانی، ئەمجا بە سەربەستی و بەبێ ترس دەهات و دەچوو، بە ئاشکرا خەباتی دەکرد و زۆر سەری قاڵ بوو، چونکە هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانی خەریکی ڕێخستنی کاروباری پارتەکەیان بوون، تاوەکو بتوانێ بە باشی دەوری خۆی ببینێت لە پاراستنی شۆڕش و بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی خۆیدا. شەمسەش سوورە سووری ڕومەتی بوو لە خۆشیی کوڕەکانی، خۆی و کوڕی ئەو هەموو خەڵکانەی تر و ئەو وەزع و ڕووداوەی کە بە خەونی شەوانیش بە بیردا نەدەهات، وا زوو بە گڕوپفێک دامودەزگای ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستەی نۆکەری بێگانە، کۆشک و تەلاری سەرەونوگم ببێت.

شەمسە کە لە بەر سەماوەرەکەدا دانیشتبوو چای تێ دەکرد بۆ هەندێ خزم و کەسی و تریفەی بووکیشی بۆی دەگێڕان، شەمسە هەستایە سەر پێ و دەستێکی بە سەر و دەسماڵەکەیدا هێنا و بە ڕوویەکی خۆشەوە سەیرێکی جەماعەتی کرد و گوتی:

– خوا بە قوربانی بم، چەرخی چۆنی لایە! دوو مانگ لەمەوپێش ئەم وەختە، لە چ حاڵێکدا بووین، ئۆهـ بچێ و نەیەتەوە!

حەمە پێکەنیی و گوتی:

– دایە نایەیت لەگەڵم؟ بە تەمام حەفتەی داهاتوو سەرێکی مام عەبۆ و کاک یوسف بدەم دەزانی کە گیرامەوە، لە خۆم زیاتر خەمی ئەوانم بوو؟

– ئەی گیان! چۆن نایەم، بەڵام دەبێ سەرێکی ماڵی زبێدەخانیش بدەین زۆر چاکەیان بەسەرمانەوەیە.

– نەک جارێ، دوو جاریش سەری ئەوان دەدەین، لە چوونیشدا و لە گەڕانەوەشدا دیارییان بۆ دەبەین. بە لای منەوە چاکەی ئەوان لە هیی ماڵی کاک یوسف گەلێک زیاترە، چونکە یوسف و ئەوان هیچ نەبێت، کوردن بەڵام ئەوان عەرەبن! چاکەکەیان تەنها لە ڕووی وەفا و پیاوەتی و بەشەردۆستییەوەیە.

تریفه سینییەکەی گرت بە دەستیەوە و پیاڵەکانی کۆ کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

– ئـۆخەی خـوایە گیـان! لە هەمووشـی خۆشـتر ئەوەیە کە ئیتـر لە کۆچەریێتی و مـاڵگۆرکێ و ئەم گەڕەک و ئەو گەڕەک ڕزگارمـان بـوو. با ئێمەش بـۆ خۆمـان دامەزرێین و پشـوویەک بدەین.. مـردین! تـریفە لەم بیرکـردنەوانەدا بـوو کە عەزیـزی مێـردی لە سـەر کورسـییەکەی بەرز بـووەوە و هەنـدێ خـۆی بەمـلاوبەولادا خـوار کـردەوە، وەک بیەوێت خۆی گورج بکاتەوە و ڕووی کردە دایکی و گوتی:

– دایە! ئەوە بیرم نەبوو پێتان بڵێم، کەوا پارتی قەراری داوە کە دەبێ لەمەودوا من لە کەرکووک ئیش بکەم و پێویستە هەتا دوو هەفتەی تر بگوێزینەوە بۆ کەرکووک.

***

**تەواو بوو**